لەبیرمان نەکرد و لە بیریشی ناکەین

ڕۆژئاوایەکان وا ڕاهاتون کە تۆمەتی توندو تیژی بە ئیسلامەوە بلکێنن، باشە بڵێی ئەوان ئەوەیان لەبیرکردبێت کە لە دوای دەرچونی موسوڵمانەکان لەئیسپانیای ئەمڕۆ لە ( صقلیه و ئەیۆلیا ) تاکە موسوڵمانێك بە زیندویی لە دەستیان قوتاری نەبوو؟

یان بڵێی ئەوەیان نەزانیبێت کە موسوڵمانێکی زیندوو..مزگەوتێك... لە دوای کودەتای ساڵی ١٨٢١ لە یونان بونیان نەما (٣٠٠,٠٠٠)سێ سەد هەزار موسوڵمان بە پیر و ژن و منداڵە وە ڕەشەکوژ کران؟؟

یان بڵێی ئەوەش نەزانن کە موسوڵمانان لە وڵاتی بەڵکاندا زۆرینەبون پاشان بەهۆی ئەشکەنجە و کوشت و بڕەوە کرانە کەمینە؟؟

تۆ بڵێی ئەو ڕۆژئاواییانە ئاگایان لەوە نەبێت کە چۆن گەلە نا موسوڵمانەکان لە باوەشی ئیسلامدا ئێستاشی لەگەڵ بێت بە پارێزراوی ماونەتەوە نەك هەرئەمە بگرە لە بواری بەڕێوبردنی وڵاتدا لەگەڵ موسڵمانان بەشداری دەستەڵات بون.

محمد بەکتاڵ مارمادۆك

موسوڵمانێکی ئینگلیزی

# پـێـشـەكـی نـوســەر

ئەودەمەی ئەم نوسینە دەنوسم ئەوا گیـانم موچـڕكەی پیـادا دێـت و فرمێسك گۆنـام جێناهێڵێـت و هـەروا تاسـانێكی تونـد یەخـەی گرتـووم. ئەمەش لە خۆڕانیە بەڵكو دەرەنجامی بینینـی ئـەو دیمەنەیـە كـە گوایـە لەسەردەمێكدا ئەنجامدراوە كە گوێی دنیا بە –مافی مرۆڤـ– ئاخنراوە.

ئەو دەمەی ئەو دیمەنەم بینی كە لاوێكـی موسـوڵمانی دیـل كـراو بـە دەسـتی چـەكدارە سـربیەكان بـە شـڵەژاوی و لـە حاڵـەتێكی دەرونـی شێواودا داوایان لێدەكات كـە نـەیكوژن. چـاوم پـڕ فرمێسـك بـوو گریـان قوڕگی گرتم.... بەڵام پاڕانەوە و لالآنـەوەی ئـەولاوە بێسـودبوو چـونكە سـەربازەكان دڕندەیـەكی بـێ گیـان و بـێ هەسـت بـوون .سەرمەسـتی كوشت و بـڕ و ئـەتك كردنـی شـەرەفی ئافرەتـانی داوێـن پـاكی بۆسـنی بوون، ئەو ئافرەتانەی كە باوك و كوڕ و برا و هاوسـەرەكانیان لەدەسـت دابوو، بەڵام چەكدارانی لاشە مرۆڤی بەراز سیفەت بۆیان لە بۆسەدابوون تا دەستدرێژیان بكەنە سەر. هەروا پلانی گڵاویان جێ بەجێ كرد!!!

ئەو لاوە داماوەیان بەزەبری چەك پەلكێشی باڵەخانەیـەكی (٧)قـات كرد لەوێوە بە دڕندانەترین شێوە فڕێیاندایـە خـوارەوە ولاشـەی كەوتـە

سەر ئەو کۆمەڵە لاشەیەی کە پێشتر دایك و خوشکەکەشی بە هەمان چارەنوسدا برابوون، لاشەی بێگیانیان بەسەر یەکدا کەوت. لەسەردەمی – تیتۆ– دا دەیان هەزار کەسیان لێ کوژرا، بەدوای ئەمانیشدا – سربیەکان– لە کۆسۆفۆ – جبل الاسود– و – بەلگراد – و دواتر سەرایفۆ هەمان قەسابخانەیان دووبارە کردەوە....

زیاتر لە یەك ملیار و دووسەد ملیۆن موسڵمان، زیاتر لە ٥٠ وڵاتی ئیسلامی (ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی) (رابطەی جیهانی ئیسلامی) (ئەنجومەنی باڵای فریاکەوتنی ئیسلامی) (نەتەوەیەکگرتووەکان) (کۆمکاری وڵاتانی عەرەب) دەزگاو دامەزراوە جۆراو جۆرەکان.... هەموویان بەبێ جیاوازی... بێ خێر... بێ گیان... تەنانەت بە پرسەنامەیەکیش وە بگرە بە – فاتیحە – خوێندنێکیش بۆ گیانی شەهیدان و شتێك لەم جۆرەیان لە دەست نەهات (ڕێکخراوێکیان جوڵەی لێوە نەهات) دەنگێکیان لێبەرز نەبۆوە. دڵیان مردبوو لە خۆشەویستی پارە و سامان ڕۆچوبون بۆیە هەستی هەست کردن بە ئازاریان لە دەستدابوو.

شەڕ بەرپاکردن دژ بە ئیسلام لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە لوتکەدایە ئەمریکا و ڕوسیا یەك دەنگن و ڕا جیاواز نین هەردوکیان لە هەوڵی

قەڵاچــۆکردنی —ئیســـلام— دان و دەیانـــەوێت لەســـەر زەوی نـــەهێڵن، هەردوکیان لە هەوڵی ئەوەدان هەرچیەکیان کـردووە خـەریکی لـە ڕیشـە دەرهێنانی ئیسلام بـن لـەناو دڵ و هـۆش و بـیردا. هـەروەك هـەردوکیان وەك دوو ڕاو چی فێڵباز دەزانێت چۆن نێچیری خۆی لە داو دەنێت و لـە بێدەنگیـــدا نێچـــیرەکەی دەگرێـــت، هـــەموو ئـــەم شـــتانە دەکرێـــت و موســـوڵمانان لـــە خـــەوێکی قوڵـــدان، بگـــرە بەشـــێك لـــەو پلانانـــەیان لەسەردەستی سەرکردە و سەرۆکەکانی وڵاتـانی ئیسـلامی خـۆی پیـادە دەکرێت.

ئەوەی لە یادەوەریمدا ماوە وێنەیەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٤٠ سالْ پێش ئێستا، کە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە و لەبەرچاوم ون نابێـت، کە بەیادکردنەوەکەشی دڵتەنگ و نیگەران دەبم، ئـەو وێنەیـەش وێنـەی یـەکێك لـە سـاڵەکانی گرانـی وقـات وقـڕی و نـەبونی خـۆراك بـوو لـە هندستان،کە ئەم وێنەیە بڵاوبـۆوە دەنگـۆی گـەورەی دایـەوە، هـەروەك چۆن وێنەی ئەو منداڵە ڤێتنامیەی کە ڕادەکات و گڕی بۆمبای ئـەمریکی لاشەی گڕداوە، بەڵام وێنە هندیەکە جیاوازبوو، وێنەکە وێنـەی پیـاوێکی جوتیاری برسـی گوندنشـینەکە بڕسـتی لێ بـڕاوە و پەیکـەرێکی ئێسـکی درێــژ کــەوتووە، ســەگێکی هــار پــەلاماری دەســتی دەدات — ئــەویش

ئەوەنـدە پـەكی كـەوتووە كەتەنانـەت توانـای هاواركردنیشـی نیـە، پیاوەكەسەیری سەگەكە دەكات، بەڵام دەستەوەستانە لە ئاست ئەوەی لەبەرامبەریدا جوڵەیەكیش بكات. یان لانی كەم هاوارێك بكات. چل ساڵە ئەم وێنەیە هەر لە یادەوەریمدایە و ناسڕدرێتەوە لە حاڵەتی ڕودانی هەر ڕوداوێكدا كە بێ دەسەڵاتی و دەستە پاچەییمان دەردەكەوێت ئەوا ئـەو وێنەیەم بیردەكەوێتەوە، ئێمە چـەندین سـەدەیە وەك ئەوكابرایـەمان لێ هـاتووە یەكـەمجار لـە پـێ كـەوتن و پاشـان پەككـەوتن و دوایـی هەستنەكردنمان بە ئازار و پاشان لە جوڵەكەوتن و بەرگری نەكردن. ئەو دەمەی – عوسمانیەكان – قەڵای – ڤینا – یان دەكوتـا و گەیشـتبوونە ئـەوێ، بـەڵام بـۆ ڕزگـاركردنی سـەروماڵی (٨) ملیـۆن موسـوڵمان لـە ئەنـدەلوس جوڵـەیان لێـوە نـەهات، كـە بـۆ یەكـەمجار گـەورەترین وە دەرنان لەسەر زێدی خۆیان موسـوڵمانانی ئەنـدەلوس و پورتوگـال بـون كە لەلایەن كەنیسەی كاسۆلیكیەوە دوچار بەدەركردنی بە كۆمەڵ هاتن، ئەم تاوانە كە ویژدانی ڕۆژئاوا خۆی لێ دەشارێتەوە و لە هەوڵی وە ژێـر خاك كردنیدایە تاكە سەرچاوەیەكی ڕۆژئاوایی نیە كە – ڕاڤـە – ی ئـەم حاڵەتە بكات نەك ئیدانەكردنییێكیش، كەس نازانێـت نهێنـی لەبەینچـونی گـەلێكی تـەواو چـیە؟؟ هـۆی ئـاوابون و فـەوتانی شارسـتانیەكی (٧٠٠)

ساڵی چی بووە، دیارە پێویست بەوە ناکات کە بزانین چەندە لەسەر (٦) ملیۆن جولەکە نوسراوە.

چەندە لەسەر ونبونی کوڕی دوانزەهەمی جولەکەکان و ڕەگو ڕیشەی —فلاشا— چیە. بەڵام کەس لەسەر ونبونی گەلی ئەندەلوس هیچ ناڵێت، کەس نیە لەبەردەم دادگای مێژودا قسەیەك بکات، کەس نیە لەسەر ڕەگەز و ئاینی ئەو کۆیلانەی بەکەشتی ڕۆژئاوایی لە دنیای کۆنەوە گوێزرانەوە بۆ دنیای نوێ. کەسێك نیە قسەیەك لەسەر ئەو سەدان هەزار قوربانیانە بکات کەلەکاتی سەوڵ لێدان بەزەبری قامچی گیانیان لەدەست دا.

یان لە کێڵگەکانی ئەمریکادا بونە قوربانی، یان کەس قسەی لەسەر ئەوانە کردکە تا ئێستاش خوێنیان، ناویان، زمانیان، ئاماژەی ئەوە دەدات کە ئەمریکای لاتین وڵاتی ئەوان نیە و ئەوان موسوڵمانانی ئەندەلوس و لێوارەکانی ئەفریقان. پەنجەی ئاماژە بۆ دەستی تاوانکاری شارستانیەت ڕادەکێشێت کە بەردەوام پشتگوێیان دەخات و لەهەوڵی لەبیرکردنیاندایە، جا لەبەرئەوەی فیکری عەرەبی هاوچەرخ هەمان کۆپی کراوی ئەوروپایە، ئەوا نەك ئەوەی هۆکاری لەناوچونی گەلێك نازانن بەڵکو ئەگەر بیانەوێت قسەیەك بە ئیسلام و موسوڵمانان

بڵێن ئـەوا بـێ پـەردە دەڵـێن (دەتانـەوێت بمانگێڕنـەوە بـۆ سـەردەمی دادگاکانی پشکنین).

ئێتر ئەونـەوە بـێ ئاگایـە وا دەزانـن کـە — دادگاکـانی پشـکنین — محاکم تفتیش لـە وڵاتـانی ئیسـلامیدا بـووە یـان لـە وڵاتـانی ئیسـلامیدا داهێنراوە، یان ئەوەتا موسوڵمانان دژ بـەو کەسـانەی بـەکاریان هێنـاوە کە هەڵگری ئاینێك بوون جیاواز لـە ئیسـلام و بـەزۆر بـۆ گـۆڕینی ئـاینی ئـەوان بـەکاریان هێنـاوە: ئەگـەر یـەکێك بـە ویژدانـەوە بـە مێـژودا شـۆڕببێتەوە ئـەوا دەزانێـت کـە دەوڵـەتی ئیسـلامی تاکـە دەوڵەتـە لـە مێژودا کە دانـی بـەوەدا ناوەکـە هاوڵاتیـانی دەتـوانن هـەڵگری ئـاینێکی جیاواز لە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت بن، لە مێژووی ئیسلامدا کـەس لەسـەر باوەڕهێنان بە ئاینێکی تر نەکوژراوە و ئەشکەنجە نەدراوە، ئـەوەی کـە بوبێت لە میانەی مل ملانێی سیاسی و کێشـمە کێشـی دەسـەڵاتدابووە. ئـەو ڕاسـتیەی کـە پێویسـتە زۆر بـە ڕونـی لەبەرچـاوبێت ئەوەیەکـە — دادگاکانی پشکنین —، تەنها و تەنها لەئەوروپای کاثولیکی دا سەریهەڵدا و وەلەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە دژ بە مسوڵمانان سـازکرا تـا پرۆسـەی قڕکردن و جینۆ سـایدی مسـوڵمانان بـە تـەواوی لـە باشـوری ئـەوروپا و ئیسپانیا پیادەبکەن، ئەم — دادگایانەی پشـکنین — ە نۆبـەرەی دیـاری

ڕۆژئاوا بوو بۆ مرۆڤایەتی کە مسوڵمانانی تیایا ئەشکەنجە دەدران تا سنوری مەرگ و یان پەشیمان بونەوە لە ئیسلام، دیارە ئامانجی خۆشی پێکا و هیچ ملهوڕێکی مێژوو لە هیچ سەردەمێکی خوێناویدا ئەوەندەی پێ نەکراوە. ئاخر خۆ هندیە سورەکان بەشێکیان تا ئێستاش هەرماون گەلێك بە تەواوی سڕدرایەوە، لەو ئیسپانیا گەورە و پورتگالەدا تاقە کەسێکیان بەجێنەهێشت، بەڵام هەرخۆتان شایەتی بدەن چەندە نا مسوڵمان و پەرستگای تایبەت بە خۆیان لە وڵاتانی ئیسلامیدا بونی هەیە. ئێمە لە ئەندەلوسدا تاقە کەسێکمان ناچارنەکردوە کە بە زۆرە ملێ موسوڵمان ببێت. دەرگای کەنیسەیەك دانەخرا کەدەکرا بەبێ هیچ زەرەرو زیانێك لەناوببرێت، ئەوە ئێمە بوین هێندە ئازادمان کردبون کە بە ئازادی خۆیان لەگەڵ ئەم و ئەودا کاری ژێر بە ژێریان دەکرد و تا ئەوەی دەسەڵاتیان گرتەوە دەست ئیتر ئێمە بوینە قوربانی دەستیان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مێژوو نوسانی ڕۆژئاوا کە باسی — دادگاکانی پشکنین — دەکەن بە هیچ جۆرێك باس لە مسوڵمانان ناکەن. تەنها باسی ئەو قوربانیانە دەکەن کە جولەکە و یاخی بوانی دژ بە کەنیسە بوون بەڵام لەم دواییە دا هەندێ نوسینی زۆر تازە ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو سەردەمە مسوڵمانانیش — پریشکی — ڕەشەکوژی و بەزۆر بیرو

بـاوەڕگۆڕین وچەوسـاندنەوەکە ئاراسـتەی جولەکـەکان کـرا ئەمانیشـی گرتـەوە. ڕاسـتە ئـاگری ئـەم شـەڕە جولەکـە و یـاخی بـوانی مەسـیحی گرتەوە. بەڵام شتێکی سروشتیە کە دەسـەڵاتی دیکتـاتۆر بـەردەوام بـە دوای سوتەمەنی ئاگری شەڕو تۆقاندندا دەگەڕێت.

بێ گومان لەگەڵ ئـاوابونی خـۆری ئیسـلام تـاریکی بـاڵی داپۆشـی و شۆڤێنیەت و ڕەگەز پەرستی و دەستەگەری کەوتە نێوانیـان بۆیـەکلایی کردنـەوەی ئەمـەش پـەنایان بردەبـەر ئـاگر وئاسـن و سـەرکوت کـردن، بەراوردێکی ئەمە و ئـەو لێبوردویـە ئیسـلامیە بکـە کـە لـە هینـدەوە تـا ئەنـدەلوس بـاڵی کێشـابوو. هـەمان بـەراوردکاری بەرامبـەر سـڕینەوەی مێژووی ڕەشەکوژی مسوڵمانانی — فلیپین — بکـە کـە لـە سـەردەمی — ماجلان — دا زۆرینە بوون.

بـەڵام بـەهۆی ڕەشـەکوژی و لـەناوبردن ئـەمڕۆ بونەتـە کەمینـە. هـەروەها هـەمان هەڵوێسـتی ڕوسـیای قەیسـەری بەسـەرکردایەتی کەنیسەی ئەرسەزۆکسی بەشێکی فراوانی لە وڵاتانی ئیسلامی کـە ١٠٠٪ مسوڵمان بوون قوت دا.

کـە لـە سـەردەمی گەشـی مێـژووی ئیسـلامدا بەرچـاوترین ڕۆڵیـان هەبووە. و دەستەیەکی بەرچاو لەزانایانی بەرچاویان بـەجیهانی ئیسـلام

بەخشیوە، هەموو ئەم دەسکەوتانە لە میانەی شەڕ و شۆڕ و کودەتا و یاخی بون کەوتە دەستی داگیرکاری ڕوسیای قەیسەری و ناویان لە مێژوودا سڕایەوە، خۆ ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئەفریقاشدا بخشێنرێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکانی مسوڵمانن ئەوە مسوڵمان نین بەڵکو نوسەری ڕۆمانی – الجذور – (ڕەگەکان). سەرەڕای ئەوەی کە خۆی مەسیحی بوو نەیتوانی ئەوە بشارێتەوە کە ڕەگو ڕیشەی ئەو ڕەش پێستانە کە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی ئیسلامی و خێزانی هۆزە مسوڵمانەکان کە دواتر لە لایەن – سپی – پێستەکانەوە فڕێندراون و فرۆشراون و کۆیلە کراون. بەڵام ئەم مێژووە لەلایەن مێژوونوسانی– سپی– پێستەوە. شاردراوەتەوە، ئەوانەی وەك ئەمانیش توتی ئاسا هەرقسەی مێژوو نوسە – سپی – پێستەکان دووبارە دەکەنەوە. لای کەس شاراوەنیە کە ئەمڕۆ لە ئەفریقادا هێزی جۆراوجۆر هەن کە کاردەکەن بۆ ئەوەی دەستەڵاتی ئیسلامی لە ئەفریقادا نەمێنێت. بۆ ئەمەش پەنا دەبەنە بەر هەرشتێك کە بە مەرامیان بگەیەنێت. *

لە کۆتایدا، ئەودەمەی پاریس لە لایەن سوپای –بانزرت–ی ئەڵمانیەوە لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانەوەگیرا ،ئەوا شارل دیگۆڵ، بڕیاری خۆکوشتنی دا بەڵام پێش ئەوەی فیشەکەکان بەخۆیەوە

بنێت ناردی بەدوای قەشـەدا تـا بێـت و لەبەردەمیـدا دان بەتاوانەکانیـدا بنێت.

لێرەدا قەشەکە پرسیاری لێکرد.... بەڵام.... بۆ خۆت دەکوژی؟

دیگۆڵ لە وەڵامدا ووتی: کەوتنی — پـاریس — واتـە کـەوتنی ڕۆژئـاوا وە کەوتنی ڕۆژئاوا واتە سـەرکەوتنی ئیسـلام... بۆیـە پـێم باشـترە کـە بمـرم و خـۆم بکـوژم پـێش ئـەوەی ئـەو ڕۆژە ببیـنم کـە ئـاڵای ئیسـلام دەشەکێتەوە!!!!

بینیتان ئەندازەی ئەو ڕقە پەنهانە دژ بە ئیسلام چەندە؟ بۆچی؟

مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا، جا ئـیتر هۆکـاری ئەم ڕقە — ترس — بێت، یان ئەوەبێت کەلایان وایە ئیسـلام واتـە شـەڕو شۆڕ و کوشتار و شمشێر... بۆیە قسەکردنمان لەسەر بابـەتی ئیسـلام و شمشێر.

پێویسـتی هەنوکـەیی بـو کـە بـاوەڕ بـە ئـەرکی سەرشـان و ڕاسـتی ویستی دە یسەپێنێت بەسەرماندا، هەروەك باوەڕبون بە ئینسـاف و داد پەروەری ئەوەمان لێدەخوازێت، وە هەستکردنمان بـەڕادەی تەمبـەڵی و پشتگوێ خستن لەلایەن مسوڵمانانەوە بەرامبەر بە مسوڵمانانی دنیا کـە ڕوبەڕوی چ چەواشەکاریەك و درۆ و بوختانێك دەبنەوە لێمان دەخوازێت ئەم گفتوگۆیە بکەین.

# ( گفتوگۆی یەکەم )

.. ✍ پەیوەندی نێوان ئیسلام و (السلام).

.. ✍ دبلۆماسیەت لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ).

.. ✍ بەر پەرچ دانەوە و پلانی ڕۆم و فارس.

.. ✍ بۆیە شەڕ ڕویدا....

.. ✍ کارلیل و.... بەرگری لەهەق.

.. ✍ هۆکاری تر بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئیمپراتۆریەتی شەڕ....

.. ✍ ڕۆڵی کۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان.

.. ✍ ئیسلام بزاڤی ڕزگاری خوازی هەموو گەلانە....

.. ✍ پرسیاری جولەکە...؟؟

.. ✍ ئەو تاوانبارکردنەی تانەلێدان قەبوڵ ناکات.

.. ✍ لە ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و خەلیفەکانی بۆ سەربازەکان..

.. ✍ لە نێوان پەیماننامەی جنیف و... بنەماکانی ئیسلامدا.

.. ✍ ئەو قازیەی فەرمانی کشانەوەی بۆ سوپای مسوڵمانان دەرکرد.

کات ئێوارەی یەکشەممە بوو. کارکردن لە مزگەوت یان لە مەڵبەندی ئیسلامی لەمڕۆ و دوێنێدا دەگاتە لوتکە....

بەرەو ماڵی خۆماند دە گەڕامەوە کە دەکەوێتە کەرتی ئەشفێڵد – Ashfield – لەگەڵ خۆمدا سەرەڕای ماندوبونی ڕۆژ، هەوای غەریبیش هێندەی ترنیگەرانی کردبووم، ئەم هەستکردن بە غەریبیە لە وڵاتی خۆماندا وڵاتی باوەڕ و سۆز هەرگیز هەستی پێناکەیت، سەرەڕای ئەوەی لێرە ئامرازی پشوو ژیانی خۆشمان لەبەر دەستدایە.کەچی ئەم غەریبیە لە ڕوخساری هەرکەسێك لە ناسیاو و دۆستانت بەڕونی دەخوێنیتەوە....

زۆر پێویستم بە سەعاتێك پشوو هەبووتا تیایا بخەوم، وا فێربووم کە بەیانیان زوو لە خەو هەڵسم، ئەمەش بۆتە خویەك تیاما کە زیاتر لە نیو سەدەیە لەسەری ڕاهاتوم.

میلی کاتژمێرەکە ئاماژەی بە سەعات (٧) بەیانی دەدا... شەقام وردە وردە بە ڕێبوارانی هاتن و ڕۆشتن گەرم دەبوو.... لێرە ژیان ناوەستێت شەو و ڕۆژ جیاوازی نیە، ئەمان خۆیان لەگەڵی ڕاهاتون. ئەم سەیر کردنەی دەرەوەم ئەو قسەیەی خاتو – ماری– خاوەن ماڵەکەی بیرهێنامەوە کاتێك لە کامبردج – Cambridge – بوم لە پشت

دەرگاکەوە وەستابووم چاوەڕێی ئەوە بووم باران خۆش بکاتەوە و بڕۆمە دەرەوە.

کەچی ئەو دایە پێکەنین و پشتی تێ کردم و ڕۆیشت چەترێکی بۆ هێنام و پێش خواحافیزی لێکردنم پێی ووتم: ئەگەر بەتەمای ئەوەی بارانەکە خۆش بکاتەوە ئەوە هەتاهەتایە بۆخۆت هەر ڕاوەستە و چاوەڕوان بکە....

مالّم لە شەقامی ئالّت بوو– Alt street – یەکێك لە شەقامە گرنگەکانی کەرتی ئەشفێلّد. ئەم شەقامە بەشێك بوو لە شەقامێکی گەورەتر کە شەقامی ئیلزابێس (Elizabet)ە لەوبەر شەقامەکەشەوە دوکانێك هەیە کە پێداویستی خۆم لەوێ دەکرِم. خانمێك لەسەر ئەم دوکانە بوو کە ڕۆژانە دەمبینی، بەلاّم ڕۆژێکیان سەیرم کرد کە دوو پیاو لەسەر دوکانەکەن و خەریکی بەڕێوەبردنین، سەر و سیمیان گومانـاوی بوو سەیرکردنیان بۆم جێگای سەرنج بوو، دەمزانی لە ناخیاندا تێڕوانینێکی خراپ هەیە. دوایی زانیم کە ئەمانە خەڵکی – قبرص – ن وە سەربە دەستەیەکی زۆر توندڕەوبوون کە دژایەتی ئیسلام و مسوڵمانانیان دەکرد. سەرەتا وامزانی وەك – میسری – یەك ڕێزم لێ دەگرن چونکە کاتی خۆی حوکمەتی میسر لە ڕوی سیاسیەوە زۆر

پشتگیری کردن، مەسەلەی ئاین و باوەڕی پشتگوێ خست، ئەوەی لەبیرکرد لە ڕۆژگارێك ئەم دورگەیە بەشێك بووە لە وڵاتانی ئیسلامی:—

چۆن ئەم باس و خواسە وردانەی کە ڕابورد لەگەڵ بابەتی ئەم کتێبەمان بەیەکەوەتێکەڵ کرد! ئاماژە بە مەترسیدارترین دۆزدەکەین کە پەیوەستە بە بیر و باوەڕ و شەریعەت و مێژوو شارستانیەتی ئیسلامی؟؟

ﮔﮔﮔ ﮔﮔﮔ ﮔﮔﮔ ﮔﮔﮔ

ماڵەوەم جێ هێشت و ڕووەو وێستگەی شەمەندەفەر کە هەر نزیك ماڵمان بووڕێگام گرتە بەر، لە ڕێگا ڕۆژنامەیەکی — سدنی مۆرنینگ. Sydney morning herald – م کڕی، کەوا ڕاهاتوم هەموو بەیانیەك بیکڕم ،لە میانەی چاوگێڕانم پیایا ناونیشانێك سەرنجی ڕاکێشام کە بەشی سێهەمی باسکردنێك بوو لە زنجیرە باسی — دور لە ڕق لێ بونەوە. Behind the hatred – لەم باسەدا قسەی لەسەر ئیسلام و مسوڵمانان و مێژوویان دەکرد کەوا چۆن ئەو مێژووە یان بەدەستی ئەنقەست و لە میانەی پلانی مژدەدەر و ڕۆژهەڵاتناسەکاندا دەیشێوێنرێت و بەزۆر تۆمەتی توند و تیژی دەخەنە پاڵ ئیسلام....

دەســـتم کـــرد بەخوێندنـــەوە تاگەیشتمەوێســـتگەی ســـەرەکی شـــەمەندەفەری ســـدنی – Central station – لێـرەوە بـە پیـادە ڕۆیشتن دەسـتم پـێ کـرد تـا گەیشـتمە ناوچـەی –Surry hills– کـە مزگەوت و مەڵبەندی ئیسلامی تیایا دەکەوێتە شەقامی – Common wealth street –. لە تەنیشت دەرگای مزگەوتەکەوە ئافرەتێك لەلای تەلەفۆنەکەی بەردەرگا دانیشتبوو ئەو خانمە ناوی – فیکی. Vicki – بوو خۆی پێ ناساندم:

❖ سڵاو خاتوو....

هـەرخۆی چـیرۆکی هـاتنی خـۆی لـەم ڕۆژە باراناویـەدا بـۆ مزگـەوت خستە ڕوو ووتی:

❖ ئایا ئەو وتارەت خوێندەوە کە لە ڕۆژنامەی سدنی مـۆرنینگ هیراڵـدا لەبارەی ئیسلامەوە نوسراوە؟؟!!!

❖ مەبەستت ئەو زنجیرە وتارەیە کە دواهەمینیان ئـەوەی ئـەم بەیانیـە بو؟

❖ بـەڵێ تـەواوە خۆیەتی.بـەردەوام بـوو ووتـی: لەڕاسـتیدا ئێمـە ئـەو زنجـیرە باسـانەمان خوێنـدەوە کەلـەم ڕۆژنامەیـەدا بـەدوای یەکدا بـڵاو دەبونەوە وە قسەو باسمان لە بارەی ئەم مەسەلە فکریەدا کرد. بۆیە وا

ڕێك كەوتین كە بێین بۆلای جەنابتان، دوای ئەوەی كە زانیمان جەنابتان پێشتر لەگەڵ زانكۆی( سدنی) و (سانت دی فنسنت) و كەنیسەی (ئەسترافیلَّد )باس و خواسی لەم جۆرەتان هەبووە.

ووتم:

❖ كەیتان پێ باشە كە ئەم دیدارەی تیایا ساز بكەین؟؟

❖ با لەگەڵ هاوڕێكانم قسە بكەم و لەگەڵیان ڕێككەوم ئەگەر جەنابت بۆت بگونجێت ئەوا پێنج شەممان پێ باشە.

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

ڕۆژی پێنج شەممە سەعات یەكی نیوەڕۆ دوای نوێژ. سوارچاكانی ئەسپی – مژدەدەران – وەدەركەوتن كوڕان و كچانی تەمەن هەرزەكار ژنان و پیاوانی بەتەمەن....

خاتو(نێكی)، خاتوو (ماری دی سوزا)، خاتوو( سلیڤا)، خاتوو (ئاریس)، خاتوو (ئەلیس)، خاتوو( كریستین)، خاتوو (كارۆلین)، خاتوو (ڕۆس)، خاتوو (لیندا )و خاتوو( ئارنۆڵد).

ئەمان ٩ كەس بوون. كوڕەكان لەگەڵ پیاوەكان ١٢ كەس بوون، بەڕێز ماكفرلین، فۆكس، پۆڵ، ئیدوارد، جۆن، ڕیتشارد، ماكمیلان،

دیفید، جوزیف (ئەم دوانـەیان جولەکـە بـوون)، وە میچـل، و ئەنـدرۆ و دواهەمیان گراهام.

بەزەردەخەنەیەکەوە بە خاتوو ( فیکی )م ووت:

❖ لەسەرەتادا ووشە بوو – هەروەك لـە کتێبـی پـیرۆز –تانـدا هـاتووە. چیت هەیە لەم دانیشتنەدا ئاراستەی هاوڕێکانتی بکەیت؟؟

خاتوو فیکی ئاماژەی بۆ ( گراهـام ) کـرد.... تـا دەسـت بـە قسـە و پرسیار بکات گراهام ووتی:

❖ ئێمـە هیچـی وا لـەبارەی ئیسـلامەوە نـازانین کـە تـاڕادەی پێویسـت تێرمـان بکـات. وە ئـەوەی کـە لـەبارەی ئیسـلامەوە دەیـزانین کەمـە و بەشی ئەوە ناکات کە حوکم بەسەر ئەو بابەتەدا بدەین کە هەموومان لە ڕۆژنامەکە دا خوێندومانەتەوە. ئێمـە دەزانـین کـە ئیسـلام لـەم وڵاتـەدا ماوەیەکی زۆرە ڕوبەڕوی هەڵمەتێکی توند بۆتەوە کـە بـە تونـد و تیـژ و دەمـــارگیری دەداتـــە قەڵـــەم ئـــەو بابەتـــەی ڕۆژنامـــەش شـــایەتی قسەکانمانە....

جا پرسیار ئەمەیە: ئایا ئیسلام ئاینی ئاشتیە یان ئـاینی شـەڕ؟ ئایـا شمشـێر تاکـە ئامرازیـەتی یـان ئـەوەتا ئـامرازی تـری هەیـە کـە لەسـەر قەناعەت و خۆشەویستی بنیادنرابیت؟؟؟

بە گراهامم ووت:

لە ڕاستیدا ئیسلام و(السلام) یەك چاوگیان هەیە، کە دیارە لە زمانی ئینگلیزیدا تێگەیشتن لەمە گرانە. هەروەها لەوانەیە کات بە فیرۆدانبێت قسەو باسێکی دوور و درێژ لەسەر ئەم لایەنە زمانەوانیە بکەین ئێوەش کەستان عەرەبی نازانن (پێکەنین) بەڵام بۆ ئەم قسەیە پێویستمان بەوەیە کە لە ڕوی کردەوە تێبگەین کە چ پەیوەندییەك لە نێوان ئیسلامو ( ئاشتی ) — ( السلام )دا هەیە.

❖ کەستان سەردانی وڵاتانی ئیسلامیتان کردووە؟؟

خاتوو سیلڤا دەستی بەرزکردەوە و ووتی:

❖ من چومەتە پاکستان.

بە خاتوو سیلڤام ووت:

❖ لێرە خەڵکی بە چەند ووشەیەکی دیاریکراو چاك و چۆنی وماڵئاوایی لەگەڵ یەکتر دەکەن.

بەیانیان Good Morning –

دوای نیوەڕۆ Good Afternoon –

ئێوارە Good Evening –

لە کاتی لەیەکتر جیابوونەوەش Good Bye –

خۆ ئەگەر شەو لەیەك جیابونەوە دەڵێن – Good Night

بەڵام لەناو مسوڵمانانداا، تەنها یـەك سـڵاو هەیـە، هـیچ كـات گـۆڕانی بەسەردا نایەت لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر ناگۆڕێت بۆ هەموو كەسێك تەنها ( السلام علیكم)ە {ئاشتی خوات لەسەر} .

دەبێت هەموو كەس لەگەڵ یەكتر بەكاریبهێنن یەكتر بناسن یـان نـا، وە مـەرج نیـە وەك ئێـوەی ڕۆژئـاوا تـەنها – السـلام – لـە هـاوڕێ و ناسیاوەكانت بكەیت دەبێت لە هەر شوێنێك خەڵكت بینی وەلـە خـەڵكی جیابویتەوە ئەم سڵاوەی ئاڕاستە بكەیت وانیە خاتوو سیلڤا؟؟

❖ ووتـی: بـەڵێ وایـە ئەوكاتـەی لەشـاری ( لاهـور )ی پاكسـتان بـووم، كاتێك چووم بـۆ سـەنتەرێكی بازرگـانی ئـەم سـڵاوەم لـێ كـردن زۆریـان پێخـۆش بـوو لەبـەرم هەڵسـان و خاتریشـیان گـرتم كـە پێشـتر بـەو هەرزانیەشتم نەكرێ بوو. لەو كاتەوە من و هاوڕێكـانم هـەر كـە توشـیان ببوینایە ئەو سڵاوەمان لێ دەكردن.

❖ ووتم: دیــارە خاتووســیلڤا، بــاش دەزانــی ســوودلە دەرفەتــەكان وەربگریـت. بـەڵام دەزانیـت ئـەم سـڵاوە واتـای چـیە؟؟ ئـەم سـڵاوە بانگـەوازی ئاشـتی و خۆشەویسـتیە، پەیماننامەیەكـە لەناوخەڵكیـدا كـە دژی شــەڕانگێزی و دوژمنایەتیــە لــەم بارەیــەوە پێغەمبــەری ئیســلام

دەفەرموێت ﷺ دەتانەوێت شتێکتان پێبڵێم کە ئەگەر ئەنجامی بدەن ئەوا لەناویەکدا خۆشەویستی یەکتر دەبن؟!!... سڵاو لەیەکتر بکەن... جا ڕادەی گوێڕایەڵی هاوەڵەکانی بۆ ئەم فەرمایشتە بە ڕادەیەك بوو وە کاتێك کە بەڕێگادا بڕۆشتنایە دارێك بەردێکی سەر ڕێگا بۆ هەنگاوێك لەیەکتری دابڕاندنایە ئەوا لە کاتی بەیەکگەیشتنەوەیاندا ئەم سڵاوەیان لەیەکتر دەکردەوە.

❖ ڕۆناڵد ووتی: سەرەتایەکی خۆشە، حەزم لەم باسەیە.

❖ – ووتم پەلەمەکە – مستر ڕۆناڵد – جارێ خۆنەکەوتوینەتە قسە و هێشتا ئێمە لە دەروازەی باسەکەی خۆمانمان نەداوە....

( السلام ) لای ئێمەی موسوڵمان ناوێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە، تەنها مسوڵمانانن کە لەم سەر زەویە بەم ناوەجوانەی خوای گەورە پەرستش دەکەن ودەیانەوێت بەم ناوە جوانە زیاتر لە خوا نزیك ببنەوە. لەناو موسوڵمانانیدا خەڵکی منداڵەکانیان بە ناوەکانی (عبداللە، عبدالرحمن، عبد السلام) ناودەنێن ئایا کەستان کەسی وا دەناسن کە ناوی – عبدالسلام – بێت؟ یان ئەو ناوەتان لە پێشوودا بیستووە.؟؟

❖ گراهام ووتی: لەوانەیە بڵێم من تاکە کەسیانم کە بیزانم چونکە بە هۆی کارکردنم وەك ڕۆژنامەنووس سەردانی ڕۆژهەڵاتم کردووە، وا بزانم سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق ناوی – عبدالسلام – بوو.

❖ ووتم: مسوڵمانتان بینیوە کە خەریکی نوێژکردن بێت... وەرن سەیری ئەو پیاوە بکەن کەلەلای مینبەرەکەوە خەریکی نوێژکردنە، کە لەلای ئێمە نوێژ بەرزبونەوەیە بۆلای خوا. جا هەر کە نوێژەکەی کۆتایی پێهێنا ئەوا بە – السلام – کردن لە هەردوو لای خۆی جارێکی تر تێکەڵاو دنیای سەرزەوی دەبێتەوە واتە بەهۆی ئەوەی ئەو جارێکی تر دێتەوە سەر زەوی کەواتە یەکەمین کارێك کە دەبێت بیکات وەك کەسێکی تازە گەڕاوە – السلام – کردنە.

هەروەها ئەمەش ئەوەمان بیردەخاتەوە کە فریشتەکان لە ڕۆژی لەدایك بوونی عیسی – مەسیح – علیه السلام، مژدەی – ئاشتی – یان بە خەڵکی سەرزەوی دەدا[1].

جا ئەگەر ئاشتی لەسەر زەوی بەهادارترین کاڵا بێت ئەوا لە ڕۆژی دوایشدا خاوەن پلەو پایەی بەرزی خۆیەتی. بەهەشت لە قورئاندا بە –

---

[1] - مەبەستی لە ئایەتی پیرۆزی ﴿وَسَلَٰمٌ عَلَيۡهِ يَوۡمَ وُلِدَ وَيَوۡمَ يَمُوتُ وَيَوۡمَ يُبۡعَثُ حَيّٗا﴾ مریم ١٥

دارالسـلام– نـاوی هـاتووە، هـەروەك سـڵاوكردنی خـوای گـەورە بـۆ بەهەشـتیەكان ( السـلام )ە، هـەروەك فریشـتەكانیش لـە پێشـوازی بەهەشـتیەكاندا – السـلام – یـان لێدەكـەن.... ئاشـتی (السـلام) لـە ڕوانگەی ئیسلامەوە پێویستیەكە لە پێویستیەكان بۆیە بەردەوام بـوونی ژیـان لەسـەر زەوی هـەروەك پێویسـتیەكی گرنگـە بـۆ جێگیربـوونی ئـەخلاقو بـەها بـەرزەكان لـە ویـژدانی تاكـدا.... ئاشـتی (السـلام) بەزەبری هێز ناسەپێنرێت بەڵكو هەڵقوڵاوی ناخە.

❖ ئەندرۆ – پرسیاری كرد: ئایا ئەمـە مانـای ئەوەیـە كـە ئیسـلام دژی شەڕە؟؟ ئەگەر دەڵێیت بەڵێ ئەوا ئەی بۆچـی – محمـد(ﷺ) – كەوتـە جەنگەوە؟؟ من دەزانم كە ئەو شەڕی زۆری كردوە وە – جیهـاد – یـان جەنگی پیرۆز لە ناخی هەرتاكێكی مسوڵماندایە؟؟؟

❖ ووتم: بەڵێ ئیسلام دژی شەڕە... بەڵام كە شـەڕ یەخـەی پـێ گرتیـت ئـەوا چـۆن خـۆی لێ ڕزگـار دەكـەیت.؟؟ هێـزی شـەڕ و خراپـە و سـتەم دەبێت لاببرێت. قورئان دەفـەرموێت ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ ... وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ البقرە ٢١٦. لە ڕاستیدا فیترەتی هەموو كەسێكی ئاسـایی دژ بـە شـەڕكردن و خـوێن ڕشـتنە، بـەڵام مـەرج نیـە هـەموو كەسـەكان ناخیان وەكو یەك بێت.سەرەتای مرۆڤایەتی كە خێزانێكی ٤ كەس بوون

لە باوكێك و دایكێك و دوكوڕ یەكێكیان كە چارەكی مرۆڤایەتیی دەكات بەدەستی براكەی خۆی خوێنی ڕژا. خێر و شەڕ لەسەر زەویدا هاوبەشی مرۆڤ بوون، هەروا دەشمێننەوە تا بشمێنێت ئەوا ململانێ و كێشمە كێش بوونی دەبێت، جا ئەگەر پێغەمبەر(ﷺ) كەوتبێتەوە جەنگەوە، پرسیارەكە ئەمەیە كە بۆچی جەنگاوە؟؟ كەی جەنگاوە؟؟ ئایا پێغەمبەرانی پێش ئەمیش جەنگاون؟؟ یان ئەوەتا گۆڕەپانیان بۆ شەیتان و خراپەكاران چۆڵ كردوە چی دەكەن تیایا بیكەن؟؟!

فەیلەسوف و مێژوونوسی ئەمریكی(ول دیۆرانت) هەستاوە بە ژماردنی ئەو ساڵانەی كە مرۆڤ لەم سەرزەویە لەگەڵ یەكتردا جەنگاوە كە ٣٤٢١ ساڵ بووە، لەناو ئەم ژمارە گەورەیەدا تەنها ٢٦٨ ساڵ شەڕی تیایا نەبووە یان ئاگربەست بووە.

ئێستا دەزانن كە هێزی شەڕو خراپە چەندە باڵادەستە.

بەڕاستی كارەساتە كە ژیان بەو جۆرە بڕوات؟؟!!

ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ سەر پرسیارەكەی — مستر ئەندرۆ — ئەو دەیەوێت بزانێت پێغەمبەر(ﷺ) بۆچی جەنگاوە. دیارە بۆ من گرانە وەڵام بدەمەوە چونكە خۆم شوێنكەوتەی ئەو پێغەمبەرەم هەرچی بڵێم دەبێتە ئەوەی پاكانە بكەم. كە من هەرگیز شتی واناكەم بەڵكو ڕاستی

دەخەمە ڕوو بۆیە باشترین کەس کە ئەم وەڵامە بداتەوە ئەوا کەسێکی مەسیحی باوەڕدارە بەڵام دیارە شارەزاو بە ئینساف ئەویش ( تۆماس کارلیل )ە ئەو لە کتێبی – پاڵەوانان – دا دەڵێت: ئەم پێغەمبەرە، لە ساڵی ٦٢٢ زاینیدا بەنیازی ئەوەبوو کە ئەم ئاینە لە ڕێگای لۆژیك و ئامۆژگاری وە بگەیەنێت لە پێناوی ئەمەشدا هەوڵێکی زۆریدا. بەڵام زاڵم و دەسەڵاتداران هەربەوەوە نەوەستان ڕوبەڕوی ببنەوە و بانگەوازەکەی لێ وەرنەگرن، بەڵکو کەوتنە بێ دەنگ کردن و هەڕەشە و ئازاردانیان بەهەر چۆنێك کە پێیان دەکرا تا ئەوەی ئەم بانگەوازە نەگاتە خەڵکی، ئەمەش پاڵی نا بە ئەوەوە کە بۆ بەرگری لە خۆی و پەیامەکەی بەرگری بکات.... وەك ئەوەی زمانحاڵی پێیان بڵێت، ئێوە کە هەر شەڕتان دەوێت بزانن ئەوە ئێمە بزانن ئێمە چین. ئەم پێغەمبەرە ڕاستی پێکا و ڕاکەی دروست بوو، چونکە ئەوان گوێی خۆیان لەڕاستی کەڕکرد کەوتنە ترساندن و دەرکردن و کوشتن و دەست گرتن بەسەر سامان و بەری ڕەنجیاندا. ❖

خاتوو لیندا هارۆڵدا پرسی:

❖ لە قسەکانی ( تۆماس کارلیل ) وا دەرکەوت مەبەستی پێی دوژمنەکانی محمد(ﷺ) بوو کە عەرەبەکانی چواردەوری بوون. بەڵام

ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە مسوڵمانەکان لە دەرەوەی خانە و ماڵی خۆیان لەگەڵ گەلانی تریشدا جەنگاون. لەگەڵ فارس و ڕۆماندا شەڕی گەورەیان کردووە، ئایا ئەمە خۆی دەرچوون نیە لە عادەت و نەریتی پیادەکراو. هەرخۆشی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەنگوستی توندوتیژی ئاراستەی ئیسلام بکرێت، کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی پشتی بە شمشێر و توند و تیژی بەستووە؟؟

سوپاس بۆ خاتوو لیندا.

لە پرسیارەکەت تێ گەیشتم — لەوانەیە ئەم بەڕێزانەی کە لە چواردەوریشتن، لەوەدا هاوڕات بن کە تەنها بۆ ( عەرەب ) هاتووە. و ئیسلام ئاینی نەتەوەی عەرەبە. کەواتە دەبێت سنوری ئەم ئاینە سنورێکی ناوچەیی دیاری کراوبێت. ئەگەر لەم سنورەبچێتەدەر ئەوا دەستدرێژی کردوەو ناهەقی کردووە....

❖ مەبەستت لەمە نیە خاتوو هارولد؟؟

❖ لەڕاستیدا وانییە. ئەوەی لەهەڵەوە سەرچاوەبگرێت ئەوادەرئەنجامیشی هەر هەڵە دەبێت.

ئەم نووسەرە بەردەوامە و وەڵامی هەمان پرسیار دەداتەوە کە بەڕێز ( ئەندرۆ ) کردی و دەڵێت: من وا دەبینم کە هەق خۆی هێزی

بڵاوبونەوەی لە ناوخۆیدایەو بەگوێرەی حاڵی خـۆی بڵاودەبێتـەوە. ئایـا لەبیرتان کرد کە — مەسـیحیەت — دوودڵ نـەبوو کـە هەنـدێ جـار پـەنا بباتەبەر چەك، خۆ هەر ئەوەندە بەسە کـە بـزانن ( شـارلمان ) چـی بـە هۆزە سەکسۆنیەکان کرد.

با من بڕیار نەدەم ئێوە خۆتان شایەتی ئەوەبن ئاخۆ بڵاوکردنـەوەی هەق بە شمشێر بووە یان بە زمان یـان بـە ڕێگەیـەکی تـر. بـا لێگـەڕێین بزانین ئاخۆ ڕاستی دەسەڵاتی خۆی بە ئاگر و ئاسن دەسەپێنێت یان بە ووتـار و نوسـین.... ترسـتان لـە ڕاسـتی نـەبێت، ئـەوەی کـە دەدۆڕێـت ئەوەیە کە شایەنی مانەوە نیە.

ئەوەی کە دەشمێنێتەوە شایەنی مانەوەیە.... با نموونەیـەکتان بـۆ باس بکەم.... ئەو مشتە گەنمەی جوتیارێك بە زەوی دەکات تـا بڕوێـت ئەوا پوش و گڵ و خۆڵی پێوەیە، بەڵام تۆ کە ئەمـە دەکـەیت بـە نـاخی زەویدا ئەوا لەوسـەرەوە ئـەوەی کـە دێتـەدەر گوڵەگەنمـە ئاڵتونیەکەیـە باقی پۆخڵەواتەکانیتر زەوی بەبێ دەنگی خۆی کپی کردون و ئەوەی کە شایستەی ژیانە ئەیکاتە دەرەوە.... ئەمە نمونەیەکە، ژیانیش هەر وایـە ڕاسـتی و پـاکی بـەهۆی بـەهێزی خۆیـەوە شـایەنی مانـەوە دەبـن بۆیـە دەبینین کە هەموو شتێك لە هەناوی خۆیدا بە ئەندازەی ڕاستی و پـاکی

پارێزگاری لێ دەكات، لە ڕاستیدا بانگەوازی ئیسلام لە یەكەم ساتەوە بانگەوازێكی جیهانی بووە. ئیسلام وەك ئاینی ( مەسیحیەت ) نیە كە بڵێت تەنها بۆدۆزینەوەی گیسكە ونبووەكەی بەنی ئیسرائیل هاتوە، (مەسیحیەت) ئەو دەمە بوو بە ئاینێكی جیهانی كە جولەكەكان خۆیان قبوڵیان نەكرد و بگرە بەتوندی ڕووبەڕوی بونەوە.... حەزرەتی مەسیح لەم بارەیەوە نمونەیەك دەهێنێتەوە كە وەك ئەو كەسەی لە ماڵەوە شاییەكی هەبوو خزم و دراوسێكانی بانگ كرد تا بەشداربن، بەڵام خزم و دراوسێكانی وەڵامی ئەم بانگەوازەیان نەدایەوە.

ئەویش بە بەردەستەكانی گووت بچنە دەرەوە هەرچیەكتان بینی لە بێگانە و ڕێبواری ڕێگا بانگی بكەن با بێت، ئەوانیش چون و خەڵكیان بانگ كرد تا ماڵەكە پڕبوو لە میوانی بیانی و ڕێبواری نەناسراو. ئیتر هیچ شوێنێك بۆ خزم و كەسە نزیكەكان نەمایەوە.

لە ئینجیلی ( مرقص ) دا واهاتووە كە ئافرەتێك كچەكەی گیانی پیسی تیابوو بیستی كە مەسیح هاتوە چوو بۆ لای و لەبەر پێیدا كەوت ئافرەتەكە (جولەكە نەبوو ) داوای لێ كرد كە شەیتان لە گیانی كچەكەی بكاتە دەرەوە بەڵام یسوع – مەسیح – بە ئافرەتەكەی ووت لێگەڕێ با كوڕەكان (مەبەستی جولەكەیە) تێر بن، چونكە گونجاو نیە نان لەبەردەم كوڕەكان هەڵگیرێت و فڕێ بدرێت بۆ سەگەكان....!!

ئـەویش ووتـی: بـەڵێ گـەورەم سـەگیش لـە سـفرەی کوڕەکـان دەخوات...

❖ ووتی:بـڕۆ لـەپێناو ئەوقسـەیەی کەکردت....شـەیتان لەکچـەکەت هاتەدەر.

بـەڵام ئیسـلام لـەیـەکەم سـاتەوە جیهـانی بـووە هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرموویت: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾ سـبأ ٢٨، ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ الأنبياء ١٠٧.

کردنە دەرەوەی فـارس و ڕۆم لـەوەی ئـەم بانگـەوازەیان پـێ بگـات پێچەوانەی ویست و ئیرادەی خوایە کـە پـەیام و پەیامبـەرانی نـاردووە. هەروەك تێگەشتنێکی دەمارگیرانەیە و لەگـەڵ مانـا فراوانەکـەی سـۆز و بەزەیی خوا یەکنایەتەوە کە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتیە.

❖ وانیە ( مستر دیفید ).؟؟!!

دیفید جولەکە بـوو.... بۆیـە بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بـێ دەنگـی هەڵبژارد..!!!

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

مستر ئیدوارد ووتی:

❖ ئەگەر بڵێین ئەوەی جەنابتان وایە بانگەوازی ئیسلام بۆ هەموو مرۆڤایەتیە بە هەموو ڕەنگو ڕەگەزە جیاوازەکانیەوە.... باشە وا باشتر نەبوو کە ئەم بانگەوازە بە لێ تێگەیشتن و خۆشەویستی بخرێتە ڕوو.... لە جیاتی ئەوەی پەنابریتە بەر چەك و شەڕ؟؟!!

❖ سوپاس بۆ جەنابی ئیدوارد. ئەوەی کە وتت ڕاستە.... هەر ئەوەش ڕویدا کە جەنابت دەڵێی.

سەرەتای پەیوەندی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا بە ناردنی باڵوێزو نوێنەر دەستی پێکرد کار و ئەرکی ئەو باڵوێزانەش لە کارو ئەرکی باڵوێزەکانی ئێستا زیاتر نەبوو، هەریەکەیان لەسەر ئاستێکی باشی شارەزایی، زمانزانیی، لێهاتویی.... دیاری کرابوون خاوەنی خەسڵەتی ڕاستی و ڕاستگۆیی بوون. لەوانە – دحیة الکلبي – کە پێغەمبەر(ﷺ) ناردنی بۆ لای قەیسەر، هەروەك (عبدالله بن حذامە السهمي) نارد بۆ لای ( کیسری ) پادشای فارس.

پێغەمبەر(ﷺ) لە نامەکەیدا ئەمەی بۆ نووسیبوو: ( لە پێغەمبەری خواوە بۆ کیسرا گەورەی فارس.سڵاو لە کەسانێك کە دوای هیدایەت دەکەون. وە شایەتی دەدەن کە خودایەکە و – محمد – نێردراوی

ئەوە. بانگت دەکەم بۆ ئـاینی خـوا. مـن نێـردراوی خـوام بـۆ سـەرجەم مرۆڤایـەتی تـا سـەرجەم زینـدوان ئاگاداربکەمـەوە. پـەیامیان بەسـەردا دەم. مسـوڵمان بـە.... سـەلامەت دەبیت....ئەگـەر پشـت بکەیتـە ئـەم ئاینە گوناحی مجوسیەکان لە ئەستۆتە.)

⁂ ⁂ ⁂ ⁂

کیسرا بە خوێندنەوەی ئەم نامەیـە تێکچـوو.... نامەکـەی دڕانـد.... هەر ئەمەندە؟؟ نەخێر... بەڵکو نامەی نـارد بـۆ فـەرمانڕەوای یەمـەن. (یەمەن لە ژێر دەستیاندا بوو) بۆ فەرمانڕەواکەی نووسـیبوو.... هـەواڵم زانیوە پیاوێك لە مەککە دەڵێت من پێغەمبەرم. ئەوا خێرا بچۆ بـۆ لای و داوای پەشـیمانبوونەوەی لێ بکـە. ئەگـەر پەشـیمان نـەبۆوە ئەواکەلـە سەریم بۆ بنێـرە.... پاشـان نامەکـەی بـەوە کۆتـایی پـێ هێنـابوو ئـاوا نامەم بۆ دەنوسێت ئەو بەندەیەی من؟؟؟

فەرمانڕەوای ( یەمەن )یش دوو سواری نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و نامەیەکیشـیان لەگـەڵ خۆیـان هێنـابوو. وە بـە پێغەمبـەریان ووت. شاهانشا فـەرمانی داوە بـە (بـازان) کـە داوات لێ دەکـات کـە پەشـیمان بیتەوە ئەگینا خۆت و هـۆز و وڵاتەکـەت لـەناو دەبات..بـەڕێز مـاکمیلان وتی:

❖ ئـەی قەیســەر چــی ووت؟؟ ئایــا ئــەویش وەکـو پاشــای فارســەکان تورەبوو. سەغڵەت بوو؟؟

❖ ووتم: نەخێر.... قەیسەر عاقڵتر بوو بە هێواشی و نـەرمی وەریگـرت. ئەو لە کتێبە کۆنەکاندا ئاگاداری هاتنی پێغەمبەر بوو، هەروەك دەیزانی وادەی نزیك بوونـەوەی پێغەمبــەرێك. لـە نیـوە دورگـەی عەرەبـدا نزیـك بۆتەوە.

لە کتێبەکاندا وا باسکراوە قەیسەر کە نامەکەی پێگەیشت.... ناردی کە کەسێکی شارەزای خەڵکی مەککە بدۆزنەوەتا لە بارەیەوە بپرسـێت. ئەوانیش – ئەبوسـفیان – (دوژمنـی سەرسـەختی پێغەمبــەر و ئیسـلام) یان هێنا یە لای ( کە بۆ کاری کڕین و فرۆشتن ڕوویان کردبـووە ئـەویّ ) کاتێك کە لەلای قەیسەر دانیشت قەیسەر بە وەرگێڕەکەی ووت:

پرسیاریان لێ بکە – کامیان نزیکترین خزمی ئەم کەسـەن کـە دەڵـێ پێغەمبەرم.؟؟

ئەبوسوفیان دەڵێ: ووتم من.

وتی خزمایەتیەکەت لەگەڵیدا چۆنە؟؟

وتم ئامۆزامە.

قەیسەر ووتی: لێم نزیك بەرەوە.

پاشـــان فەرمانیـــدا کەهاوەڵـــەکانم لـــە پشـــتمەوە دانیشـــن.... بـــە وەرگێڕەکـــەی ووت بـــە هاوەڵـــەکانی بڵـــێ مـــن پرســـیاری ئـــەو پیـــاوەی لێدەکەم (مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر درۆی لەگـەڵ کـردم بـە درۆی بخەنەوە....

ئەبوسوفیان دەڵێت: وألله ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە ببمە درۆزن ئەوا کە پرسیاری لێدەکردم بە درۆ وەڵامم دەدایەوە، بەڵام شەرمم کرد کەبە درۆزن دەرچم بۆیە ڕاستیەکەم پێ گوت.

بە وەرگێڕەکەی ووت: پێی بڵێ بنەماڵەو خانەوادەی چۆنە؟؟

ووتم: خاوەن خانەوادە و بنەماڵەیەکی بەناوبانگە.

ووتی: ئایا پێش ئەم کەسی تر لەم جۆرە بانگەوازی کردووە؟؟

ووتم: نەخێر.

ووتی: پێش ئـەوەی ئـەو بانگـەوازە بکـات ئایـا بـە درۆزنتـان ناسـی بوو؟؟

وتم: نەخێر.

وتی: ئایا لە باوك و باپیراندا پاشایان تیایا بووە؟؟

وتم: نەخێر.

وتی: ئایا خەڵکی دەوڵەمەند دوای دەکەون یان هەژار و بێدەسەڵات.

وتم: هەژارەکان.

وتی: ئایا ژمارەیان زیاد دەکات یان کەم دەبن؟؟

وتم: زیاد دەکەن.

وتـــی: ئایـــا کـــەس لـــە ڕقـــی ئاینەکـــە یـــاخی دەبێـــت و پەشـــیمان دەبێتەوە؟؟

وتم: نەخێر.

وتی: ئایا ئێوە سەرکەوتوون یان ئەوان؟؟

وتم: جار جارە جارێك ئێمە سەردەکەوین جارێك ئەو.

وتی: داوای چیتان لێدەکات؟؟

وتم: داوای ئەوەمان لێدەکات کە تەنها خوا بپەرستین و هاوبەشی بۆ دانـــەنێین، ناهێڵێـــت ئـــەو بتانـــە بپەرســـتین کـــە بـــاوك و باپیرانمـــان پەرســـتویانە. داوای نوێـــژو خێرکـــردن و داوێـــن پـــاکی و خزمایـــەتی و بەوەفایی لەگەڵ بەرامبەرو پـــەیمان و جـــێ بـــەجێ کردنـــی ئەمانـــەتمان لێ دەکات.

ئەبوو سوفیان دەڵێت بە وەرگێڕەکەی ووت:

پێی بڵێ: من پرسیاری بنەماڵە و خانەوادەم لێکردی وتت خاوەن بنەماڵەیەکی بەناوبانگە، هەروایە پێغەمبەران لەناو بەناوبانگترین خانەوادەی خۆیانن.

وتم: ئایا کەسیتر پێش ئەم بانگەوازی کردووە، وتت نەخێر. جا ئەگەر یەکێك لە خانەوادەکەی پێشتر قسەی وای بکردایە ئەوا دەمگوت لاسایی ئەو دەکاتەوە.

ووتم: ئایا پێشتر درۆتان لێ بینیوە وتتان نەخیر، بۆیە زانیم کە ناکرێت درۆ لەگەڵ ئێوە نەکات و بەخراپی بزانێت بەڵام لەگەڵ خوادا بە ڕەوای دابنێت.

وە پرسیاری ئەوەم کرد ئایا لەناو باوك باپیریدا پاشایان تیابووە. وتتان نەخێر. ووتم ئەگەر وابوایە ئەوا داوای موڵکی باوك و باپیرانی دەکات.

وە وتم ئایا خەڵکی دەوڵەمەند دوای دەکەون یان هەژار، وتتان هەژاران. هەروا بووە شوێنکەوتوانی پێغەمبەران هەر هەژاران بوون.

وتم ئایا ژمارەیان زیاد دەکات یان کەم دەبن، وتتان هەر لە زیادبوونن. هەروا بووە.

وە پرسیاری ئەوەم کرد ئایا کەس لە شوێنکەوتوانی لە ڕقی ئاینەکە یاخی دەبێت و پەشیمان دەبێتەوە، وتتان نەخێر. هەروا بووە ئیمان کە چووە دڵەوە شیرینی دەکات.

وتم شەڕتان لەگەڵ کردووە و شەڕتان لەگەڵ دەکات، وتتان بەڵێ جارێك ئێوە سەردەکەون و جارێك ئەو. پێغەمبەران هەروابوون دوچار بە تاقیکردنەوە هاتوون و پاشان ئاکام هەر بۆ ئەوان بوو.

پرسیاری ئەوەم لێکردن، فەرمانی چیتان پێدەکات،وتتان بە یەکتا پەرستی و نەپەرستنی بت و ناهێڵێت خوای باپیرانمان بپەرستین، فەرمانتان پێ دەکات بە چاکە و ڕاستگۆیی و بەوەفایی و ئەمانەت پارێزی. ئەمانە سیفەتی پێغەمبەرن کە هاتۆتە ژیان، بەڵام نەمدەزانی لە ئێوە دەبێت، ئەگەر ئەوەی ئێوە بە ڕاستی بە منتان گوتبێت وابێ ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەم دەسەڵاتەی من بسڕێتەوە و نەیهێڵێت.... بەخوا ئەگەر بمزانیایە پێی دەگەم ئەوا تاسەم دەکرد حەزم دەکرد پێیەکانیم بشۆردایە.

ئەبوسوفیان دەڵێت:

هرقل داوای کرد کە نامەکەی پێغەمبەری خوا بهێنن کە تیایا هاتبوو: ( بسم الله الرحمن الرحیم، لە محمد ی کوڕی عبدالله پەیامبەری خواوە

بـۆ هــرقــل گـەورەی ڕۆمــەکــان سـڵاو لـەو کەسـەی دوای هیدایـەت دەکەوێت. پاشان من بانگت دەکەم بـۆ بانگـەوازی ئیسـلام، مسـوڵمانبە سەلامەت دەبیت. خوا دوو پاداشتت دەداتەوە، ئەگەر پشـتی تێبکـەیت ئەوا ئۆباڵی ئەریسەکان (جوتیارەکان) ت لە ئەستۆدایە).

﴿قُلۡ يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا﴾ آل عمران ٦٤.

ئەمە پوختەی ڕاو بۆچونی هرقل بـوو. بـەڵام سـەبارەت بـە وەزیـر و دەست و پەیوەندەکانی هەڵوێستیان چی بوو؟؟

هرقل گەورە بەرپرسانی کۆشك و دەسـەڵاتدارانی کـۆکردەوە پاشـان فەرمانیدا دەرگای کۆشکەکەیان داخست خۆی چووە ناو ئاپۆڕای گەورە بەرپرسان و پیاوانی ئاینیەوە ووتی:

❖ ئـەی خــەڵکی ڕۆم، ئایـا خوازیـاری ڕزگـاربوون و بـەئاگا بـونن؟؟ خوازیاری ئەوەن دەسەڵاتتان بمێنێـت؟؟ ئـەوا بەیعـەت بـەو پێغەمبـەرە بدەن؟ کەچی ئەوان پشتیان لێ هەڵکرد و بـەرەو لای دەرگاکـە ڕۆشـتن، سـەیریان کـرد داخـراوە، هرقـل کـە بینـی پشـتی تێدەکـەن لـە بـاوەڕ هێنانیان بێ هیوابوو بۆیە وتی وەرنەوە بۆ لام. من ویستم بـزانم چـەندە باوەڕتان بە ئاینەکەی خۆتان قایمە دیارە بینیم.... ئیتر کڕنوشـیان بـۆ

برد و ڕەزامەندی خۆیان بۆ نواند لە ڕاستیدا کاربەدەستان و بەرپرسانی دەورووبەری سوور بون لەسەر ئەوەی بەرپەرچی ئەو قسەیەی بدەنەوەو بگرە جاڕی شەڕیشیان دژ بە ئیسلام پێدا، بۆیە کەوتنە جوڵاندنی هۆزە عەرەبەکان لە عێراق و شام کە بکەونە شەڕکردن و پیلان گێڕان دژ بە ئیسلام و موسوڵمانان، ئیتر مسولمانەکان بۆیان دەرکەوت ڕۆمەکان بە نیازی شەڕو پەلاماردانیانن ئەوانیش کەوتنە خۆیان، بەلاّم پشێوی و ئاڵۆزی ناوخۆ هەردو هرقل و کیسرای پەکخست کەزوبەزوو هێرش دەست پیّ بکەن

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

خاتو (ماری دی سوزا) وتی: ئەم قسەیە یەکەمجارە دەیبیستم....؟

❖ وتم: خۆمن هێشتا هیچم نەوتووە،ئەوەی کە تا ئێرە وتراوە ئەوە تەنیا پەراوێزی مەسەلەکەیە بەهۆی دەمارگیری و ڕقەوە شێواوە.

پاشان ئەو پرسیارانەی لەبارەی هەڵوێستی ئیسلام بون لە بارەی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەوە ئەوا هەرگیز باسیان لە بارودۆخی ئەوکاتەی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەوە نەکردووە. لە ڕاستیدا زۆر پێویست بوو ئەو، دوو ئیمپراتۆریەتە نەمێنێت چونکە دەمێك بو گەندەڵ ببون بۆگەنیان

کردبوو. خەڵکی تیایاندا ببونە تارمایی و بەبێ هیواو ئاوات دەژیان.ئـاین تیایدا بوو بووە جادوگەری بـە قێـزەونترین شـێوە خـۆی دەنوانـد. ئایـا کەسـتان کتێبەکـەی ( جیبـۆن )تـان خوێندۆتـەوە. کـە بـە ناونیشـانی (هەستان و ڕمانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ) ە. Declined and Fall of the Roman Empire مـن پرسـیارەکەم دووبـارە و سـێ بـارە دەکەمەوە بەڵکو یـەکێکتان خوێندبێتتانـەوە. لـە ڕاسـتیدا کۆتـایی ئـەو ئیمپراتۆریەتە زۆر ناسۆر و ناخۆشە، خەڵکی ئومێدیان بـە هـیچ نـەمابوو یەکسـانی و دادپـەروەری دەمێك بـو ناویشـی نـەمابوو. شـەڕ لـە نێـوان مەسـیحی و جولەکەکانـدا نەدەکوژایـەوە. سـازکردنی قەسـابخانە بـۆ یەکتری و ڕەشەکوژی نێوانیان باسکردنیشی شەرم ئامێزە. زوڵم کردن و جیاکـاری خـاڵی بەرچـاوی داتـەپینی ژێرخـانی کۆمەڵایـەتی و سـیمای دەسەڵات بوو.

پاشـاکان خۆیـان بـە خـوا دانـابوو. پیـاوانی ئـاینیش ببونـە بانـدی ڕوتاندنەوەو بـە کـرێگیراوی حوکمـەت.بێ شـەرمی و بەدئـەخلاقی ببـوە پەرستشێکی پیرۆز.. ئایا کەستان چیرۆکی –دیبـۆرا– ی گۆرانیبێـژتان بیستووە کە پیاوانی ئایینی کردیان بە ئیمپراتۆر؟!

❖ خاتو کارولین وتی: ئەمەی دەیبیستن زۆر شتێکی خۆشە؟

❖ وتم: بۆ ئەوەی لەم قسانەی کە وتم دڵنیا بیت فەرموو سەردانێکی کتێبخانەی زانکۆ یان هەر کتێبخانەیەکی تر بکە، مێژوو ئاوا بەو ئاسانیە ساختە ناکرێت .لە ڕاستیدا وا قیعی ژیانی خەڵکی لەو ئیمپراتۆریانەدا پەڵەیەکی ناشرین بوو بە ناوچەوانی مرۆڤایەتیەوە.

خاتو ( ئەلیس ) پرسی: ئایا تەنها ئەو دوو ئیمپراتۆریەی ئاوا بوون، یان هەموو ئیمپراتۆیەتەکانی تریش هەر ئاوا بوون؟ لە ڕاستیدا هەموو ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان هەر وا بوون دەشێت بە کورتی باس لە هەندێکیان بکەم.

بۆ نموونە لە هیندستان پیاوان ئافرەتی ڕوت و ئافرەتانیش پیاوانی ڕوتیان دەپەرست. کاهینەکان لە توێژە هەرە سەرسەری و بەدڕەفتارەکانی کۆمەڵگا بوون، پەرستگاکان بو بووە شوێنی بەیەك گەیشتنی لەشفرۆش و لەشکڕەکان، باشە ئەمە ئەگەر حاڵی پەرستگاو شوێنی ئاینیان بێت دەبێت لە کۆشك و باڵەخانەکاندا چی گوزەرابێت؟ ئەمانیش لەگەڵ یەکتر لە کێ بڕکێدا بوون ئاخۆ کامیان لەویتریان زیاتر کاری خراپە و بەدڕەوشتی ئەنجام دەدات. ژن و پیاو بە تێکەڵاوی کۆڕیان گەرم دەکرد و مەست دەبوون ئەودەم خۆیان ڕوت دەکردەوە.... بەم جۆرە وڵات دوچار بە شەپۆلێك لادانی جنسی بۆوە.

سەبارەت بە سیستمی چینایەتی ئەوا دەبێت بڵێم لە مێژوودا هیچ میللەتێك هێندەی هیندستان سیستمی چینایەتی تیایا دڵڕەق و ئابڕو بەر و ناشایستە بە مرۆڤی بەخۆوە نەبینیوە چ لەڕوی ئاینی وە یان مەدەنی یەوە بێت. کە ئەمە هەزاران ساڵە، پێش لەدایك بوونی حەزرەتی ( مەسیح ) بە ٣٠٠ ساڵ لە هیندستان شارستانێتی – برهمی – سەریهەڵدا. کە تیایا مەرسومێکی تازەی بۆ کۆمەڵگا دەرکرد. کە تیایا یاسایەکی سیاسی و مەدەنی دەستنیشانکرد کە بووە مەرجێکی ژیانی خەڵکی بە ناوی ( مەنشۆ ساتر )، زۆر بە ڕوونی ئەم دەستورە خەڵکی دەکات بە چوار چینەوە:

١. بەراهمە ( کە پیاوانی ئاینین ).

٢. شتری ( سەربازەکان ) پیاوانی شەڕکەر.

٣. وێش ( پیاوانی بازرگانی و کشتوکاڵ ).

٤. شودری ( خزمەتکار و نۆکەر ).

( منۆ ) نوسەری ئەم یاسایە دەڵێت:( خاوەن توانای ڕەها بۆ بەرژەوەندی گشتی ( براهمە )ی لەدەمی خۆیەوە خەڵق کردووە. – شتری – یش لە قۆڵ و باسکی خۆی. وە ( وێش ) لە ڕانەکانی. وە – شودری – یش لە قاچەکانی. وە بۆ بەرژەوەندی جیهان ئەرك و واجباتی بۆ دیاری کردون.

دەبێـت — براهمـە — خـەریکی قوربـانی کـردن خێرکـردن بـن، وە — شتری — یـش پاسـەوانی خـەڵکی و وە — وێـش — شـوانی مـەڕومالاّت و خزمەتکردنیان و وە — ویش — بازرگانی و کشتوکاڵ وە — شودر — یش دەبێت خزمەتکاری ئەو سێ چینەی سـەرەوە بێـت کـە باسـکران، ئـەم دەستورە مافێکی وای بە چینی — براهمە — بەخشیی کە لەگـەڵ خـوادا گرێی دان.وەدەڵێت کە — بـراهم — ەکـان هەڵبـژاردەی خـوان و پاشـای خەڵکین. ئەوان پاشای سەر زەمیـنن چـاکترین و باشـترین دروسـتکراوی خوان. گەورەی سەر زەوین بۆیان هەیە ماڵو سامانی کۆیلەکان — شودر — بۆ خۆیان ببەن. بە بێ هیچ پاساوێك، چونکە کۆیلە خۆی هیچـی نیـە و خـۆی کـەلو پـەلی گەورەکەیـەتی ئـەو —بـراهم — ەی کتێبـی پـیرۆزی لەبەربێت ئـەوا کەسـێکە بەخشـراوە ئەگـەر هـەر سـێ چـینەکەی تـریش بفەوتێت بە گوناه و تاوانی خۆی، گەورە و دەستەلاّتدار بۆی نیە لەکاتی زۆر تەنگانـە و لێقەوماویـدا داوای بـاج و پارەیـان لێبکـا قـەت نابێـت — براهم — ی لە برسان بمرێت، ئەگەر کارێکی کرد کـە شایسـتەی کوشـتن بێت ئەوا دەسـەلاّتدار تـەنها ئەوەنـدە دەتوانێـت کـە سـەری بتاشـێت و بەس. بەلاّم کەسانیتر دەکوژرێن.

بــەڵام – شــتری – هەرچــەندە لــە ســەر و دوو چــینەکەی خــوار خۆیەوەیەتی ( وێش و شودر )ی بەڵام هەرگیز ناگەنە ( براهم )ەکان.

– منۆ – دەڵێت ( براهم )ێکی دە ساڵە ئەوا زۆر پلەی بەرزترە لە – شوتری – یەکی سەد ساڵە.چۆن باوك بەسەر کوڕدا فەزڵی هەیە.

بەڵام – شودر – داماوەکان، بـەپێی یاسـای هینـدی ئـەوا لـە وڵاخ و ئاژەڵ کەمترن،یاساکە بە ئاشکرا دەڵێت  ( لـە بەختـەوەری ( شـودر )ە کە خزمەتی – براهم – ی بکات، بەبێ پـارەو بـێ هـیچ بەرامبـەرێك، وە نابێت – شودر – پارەو سامانی هەبێت و کۆی بکاتەوە چونکە –بـراهم – ەکان پێیان ناخۆشە. ئەگەر شەقێکیان دا لە – شودری – یـەك ئـەوا دەبێت قاچیان ماچ بکات، ئەگەر – شودری – یەك ویسـتی بەرامبـەر – براهم – ێك دابنیشـێت ئـەوا دەسـەڵاتدار دەبێـت پاشـەڵی داخ بکـات و دەری بکات، دواشت کەفارەتی کوشتنی سـەگ و پشـیلە و بـۆق و قەلـە ڕەش و کوندەپەپو و کەسێکی ( شودر )ی وەکو یەك وابو.

سـەبارەت بـە ئیمپراتۆریـەتی – فـارس – یـش حـاڵ لـەوەی پێشـتر باشتر نەبوو – ئارثە هرسین – لە کتێبی مێـژووی ئێـران لـە سـەردەمی ساسانیدا دەڵێت  ( کۆمەڵگای ئێرانی بەسەر دوو دامەزراوەی نەسـەب و پیشەوا دابەش بوبو.

لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگادا دابڕانێکی بەرچاو و زۆر دوور لەیەك دروست بوبو کە بە هیچ جۆرێك پردی پەیوەندیان لە نێواندا نەمابوو، دەسەڵاتداران ئەوەیان یاساغ کردبوو کە کەس موڵك و زەوی وزار لە شازادەکان بکڕێت، ئەوان بە یاسا بڕاندبویانەوە کە دەبێت هەرکەس قەناعەتی بەو ئاست و پلەیە هەبێت کە نەسەب و باوك و باپیرانی پێیان بەخشیوە، نابێت سەر بۆ سەرەوە هەڵبقورتنێت. کەس بۆی نیە جگە لەو ئیشەی کە خوا بۆی داناوە پیشەی خۆی بگۆڕێت، پاشاکانی ئێران هیچ پلە و پۆستێکیان بە کەسانی خوارەوە نەدەدا، بۆیە هەر تاکێك چەقێکی دیاری کراوی خۆی هەبوو لە کۆمەڵگادا ،ساڵی ٤٨٧ پێش لەدایك بوونی – مزدك – کە ئەو جاڕی ئەوەیدا کە خەڵکی هەموو بە یەکسانی لەدایك دەبن کەس بەسەر کەسی تردا جیاوازی نیە. ئەو لای وابوو کە:

لەبەر ئەوەی پارە و ئافرەت ولەو شتانەن کە حەزی مرۆڤ زیاد لە شتەکانی تر داوای دەکات ئەوا واشترە کە خەڵکی هەموو لە پارە و ئافرەتدا هاوبەش بن. بۆیە ئافرەتی حەڵاڵ کرد ماڵی خەڵکی کردە مافی هەموو تاکێك کە بەشداربن تیایدا، دیارە ئەم بانگەوازە لای دەوڵەمەندە ئارەزووبازەکان زوو بەدەمیەوە چون و بونە هەواداری.

کۆشکی دەسەڵاتیش ئەمەی پێ باش بوو – قوباد – پشتگیری دەکردن. برەوی بە چالاکیەکانیاندا تاوای لێهات وڵات سەراپا نوقمی ئاژاوە و پشێوی و ئارەزوو بازی بوو. ( طبری ) دەڵێت {کەسانی نەفس نزم ئەمەیان بە فرسەت زانی پشتگیری ( مزدك )یان دەکرد لە دەوری شوێنکەوتوانی کۆبونەوە. خەڵکیان بەخۆیانەوە بەستەوە تاوا بەهێز بوون دەچونە سەرماڵان و دەستیان بەسەر ماڵی کابرا دەگرت و دەستدرێژیان دەکردە سەر ئافرەتەکانی ماڵەکە، پیاوی بەستەزمانیش کەس نەبوو بێت بەهانایەوە. – قوباد – یان ناچارکرد کە برەوی پێ بدات و وتیان ئەگەر برەو بەم ئاینە نەدەیت ئەوا لەسەر تەختی دەسەڵات دەتهێنینە خوارەوە. ئیتر وڵات وای لێهات باوك کوڕی خۆی نەدەناسیەوە منداڵ نەیدەزانی باوکی کێیە.)

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای ( ڕۆم )ەکان ئەوا سەدەی شەش و حەوتی زاینی نزمترین و پەسترین و ناجۆرترین ڕۆڵەکانی مێژوو بوو، مرۆڤەکان لەم سەدانەدا خودای خۆیان لەبیر کردبوو، وە خۆیان و چارەنووسی خۆشیان لەیادکرد، تەنانەت توانای جیاکردنەوەی خێر و شەڕیان نەبوو. چاك و خراپیان لەیەك نەدەکردەوە.

بانگــەوازی پێغەمبــەران کزبوبــوو، ئــەو چــرایەی پێغەمبــەران دایانگیرساند تا وڵات و گەل لەژێریدا بەرچاو ڕونانە ژیان بگوزەرێنن ئەوا زۆر کز بوبوو تا گەیشتە ئەوەی نەیدەتوانی ڕۆشـنایی بـۆ تاکێك دابـین بکات چ جای خێزان و هۆز و کۆمەڵگایەك، ئەو چرایە نەیدەتوانی لەبـەر شەپۆلی زریانی ئارەزوو بازی و پەلاماردانی مادەکاری ئەرکی سەرشـانی خۆی ئەنجام بدات، پیاوانی ئاین لـە مەیدانی ژیـان پاشەکشـەیان کـرد. خۆیان کرد بە کەنیسە و دێـر و خەڵوەتگەکانیانـدا ئەمەشـیان بـۆ ئـەوە کرد تا ئاینی خۆیان لەدەست نەدەن و نەکەونە گێژاوی فیتنەوە.

دەترســان لــەخۆیان لــە کۆمــەڵگادا بتوێنــەوە، وە هەندێکیشــی بــۆ سســتی و تەنبــەڵی خۆیــان دەگەڕایــەوە کــە توانــای ڕوبەڕووبونــەوەی خراپــەکاریان نــەبوو. ئەوانەشـیان کـە وەك ئـەمانیان نـەکرد ئـەوا بونـە دەســتوپێوەندی پاشــا و دەســتەڵاتدار و لــە گونــاه و تــاوان و پــارە خواردنی میللەت بونە شەریکی دە ستەڵات. هەروەها هەرلـە کۆمـەڵگادا قسـە و دەمەقاڵێـەکی تونـد سـەبارەت بـە ئـاینی مەسـیحیەت سـەری هەڵدا، خەڵکی بەخۆیـەوە مەشـغوڵ کـرد. لـە زۆر شـوێندا بـە پـەلاماری چەکداری و خوێن ڕشتن کۆتایی پێدەهات.

ماڵ و کەنیسە و سەربازگە و قوتابخانە بوو بە جێگای کێشـمەکێش و ململانـێ و شـەڕی نـاوخـــۆ. دارمـــانی ئـــەخلاقی کۆمەڵایـەتی لـــە وڵاتی ( ڕۆم )دا گەیشتە لوتکە، باج و پارەسـەندنی زۆر لەسـەر خـەڵکی زیـادی کـرد، تـاوای لێهـات خـەڵکی لـە حکومـەت بێزاربـوو، ڕقیـان لـە حوکمەت دەبۆوە، هەموو حوکمەتێکی بیانیان لە حوکمەتەکـەی خۆیـان پێ باشتربوو، هەربەم بۆنەیەوە شۆڕش و پشێوی و ئاژاوە دروسـت بـوو ساڵی ٥٣٢ لە پایتەختدا ٣٠ هەزار کەس تیاچوو، سـەرەڕای دەسـتەنگی و نەبونی کەچی خەڵکی بە لێشاو ڕویان لـە دەسـت بـڵاوی و بـەفیڕۆدان دەکرد. وایان لێهاتبوو تاکە خەمیان ئەوەبوو لە کوێوە پارە پەیدا بکەن چۆن و بۆچی.؟؟! !گرنگ نەبوو

..پاشـان ئـارەزوو حـەزەکانیان پـێ تێـر دەکـرد. بنـەماکانی ئاکـار جوانی فەوتابوو، کۆڵەکەی ڕەوشت بـەرزی شـکابوو، خـەڵکی ڕەبـەنی و بێ هاوسەریان پـێ باشـتر بـوو لـە هاوسـەرداری تـا بـە ئـازادی جڵـەوبۆ ئارەزوویان شلکەن.

دادپـەروەری هەروەك ( سیل ) دەڵێت وەك هەر کاڵایەکی تـر کـڕین و فرۆشی پێوە دەکرا. خیانەت و بەرتیل خۆری تا پەناگوێیان هاتبوو..

وە مێژوو نوسان دەڵێن {شارە گەورەکان وێرانەیی و کاول بوون ڕوی تێکردن ئەو شارانە شایەتی ئەوەن کە دەوڵەتی – بیزەنتی – چەندە بەزۆر باج و پارەی لە خەڵك دەسەند. بازرگانی دابەزییە خوارەوە و کشتوکاڵ پشتگوێ خرا. هەموو ئەمانە وڵاتیان بەرەو وێرانە برد.... ئەگەر باس لە ململانێ و کێشمەکێشمی نێوان مەسیحیەکان و جولەکەکان بکەین ئەوا گەیشتبووە لوتکە، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمیشدا دووبارە ئەم ململانێیە سەری هەڵدایەوە کە بووە هۆی ئەوەی جوولەکەکان زیاتر لەبەرچاوی مەسیحیەکان بێزرا و بن و جوولەکەکانیش بەهەمان چاو سەیری مەسیحیەکانیان دەکرد.

لە کۆتا ساڵی دەسەڵاتی ( ڤۆکاس – ٦١٠ ز ) جولەکەکانی ( ئەنتاکیا ) مەسیحییەکانیان دوچار بە شپرزەیی کردەوە ئیمپراتۆریش ( ئەنبۆسۆس )ی سەرکردەی نارد تا بارو دۆخەکە هێورکاتەوە، ئەویش بە دڕندانەترین شێوە کارەکەی جێبەجێکرد، هەرچی هاتە بەر ورووبەڕوی بۆوە کوشتنی هەریەکە و بە جۆرێك کوشتنی وەك لە سێدارەدان، خنکاندن، ئەشکەنجەدان و فڕێدانیان بۆ ناو ئاژەڵی دڕندە....

**ئیتر ئەم هەرایە ناوە ناوە لەناو جوولەکە و مەسیحیەکاندا دووبارە دەبۆوە.**

**( المقریزی ) مێژوونوس دەڵێت. ( لەو ڕۆژگاری پادشایەتی — فوقا — ی پاشای ڕۆم. کیسرای پاشای فارس سوپای ناردە سەر وڵاتی شام و میسر و کەنیسەکانی قودس و فەلەستین و شامیان ڕوخاند، خەڵکە مەسیحیەکەیان کوشت و بەدوای کوشتنیاندا بەرەو میسر چوون. زۆری تریان لێکوشتن. ئافرەتانێکی زۆریان بە کەنیزەك بردن کە نایەنە ژماردن، جولەکەکانیش لەم کارەیاندا یاریدەیان دەدان کارئاسانی کوشتنی مەسیحییەکانیان دەکرد و بەرەو پیری لەشکری داگیرکەری فارسی بەرەو ( طبرية و جليل و ناصرة و صور ) چوون.**

**ئەوەی لەدەستیان هات دژ بە مەسیحیەکان ئەنجامیاندا، هەرچی خراپەیە بەسەریاندا هێنان. هەردوو کەنیسەکەی ( قدس )یان ڕوخاند. ئاگریان لە جێگە وماڵیان بەردا. دارێکی خاچەکەیان لەگەڵ — بطریارك — و زۆرێك لە هاوڕێکانی لەگەڵ خۆیان بردەوە). تا دەگاتە ئەوەی باسی گرتنی میسر دەکات لەلایەن فارسەکانەوە دەڵێت. (لەو کاتەدا جولەکەکانی شاری ( صور ) هەڵسان و هەڕەشەی لە ڕیشە دەرهێنان و کوشتنی مەسیحیەکانیان کرد. نزیکەی بیست هەزار جولەکە کۆبونەوە**

و پەلاماری کەنیسەکانی دەرەوەی ( صور )یان دا بـەڵام مەسـیحیەکان زۆرتر بوون جولەکەکانیان دوچار بە شکست و پاشەکشە پێکردن کرد و برێکی زۆرییان لیّ کوشتن.

لـەو کاتـەدا ( هرقـل ) ببـوە پاشـای ڕۆمـەکان لـە – قسـطنطِنیة – بەهۆی فێڵێك کە ئەنجامیدا بەسەر فارسەکاندا سەرکەوت و پاشەکشـەی پـێ کـردن، لــە ( قسـطنطِنیة ) وە بــەرەو شــام و میســر بەڕێکــەوت، دەستیکرد بە نوێکردنەوەی ئەوەی کە فارسەکان کاولیان کردبوو.

جوولەکەکان لە ( طبرية )و شوێنەکانی تـرەوە بـەرەو پـیری چـون و داوای دڵنیای و سەلامەتی گیانی خۆیان لێکـرد و سـوێندیاندا وەفـاداری پەیمانەکەی بێت، ئیتر بەرەو ( قدس ) بەڕێکەوت مەسیحیەکان لەوی بە ئینجیل و خاچ و مۆمی داگیرساوەوە پێشوازیان لێکرد. سەیری کرد شار بەتەواوی بە کەنیسەکانیەوە خاپور بووە. زۆری پیّ ناخۆش بوو ئـازاری پێگەیشت، پێیـان ڕاگەیانـد کـەوا چۆن جولەکـەکان لەگـەڵ فارسـەکان دەستیان تێکەڵاو کـردووە ئـەوەی کـە ناشـێت بەسـەر مەسـیحیەکانیان هێناوە، ئازاری ئەمانیان لە ئازاری دەستی فارسەکان لەلا قورس تربوو، ئـیتر کەوتنــە هــەڵنانی ( هرقــل ) بۆئــەوەی تۆڵــەیان بــۆ بکاتــەوە و کارەکەیان لەلا جـوانکرد بـەڵام ئـەو پێـی ڕاگەیانـدن کـەوا سـوێندی بـۆ خواردون کە بیانپارێزێت.

بەڵام ( راهب و بطريارك )ەکان وتیان کەوا ئەوان فەتوای بۆ دەردەکەن کەکوشتنیان هیچ گوناهێك نیە، بە فێڵ کردن بەوەی کە ڕۆژانی هەینی بەردەوام بەڕۆژوو دەبن بۆ کەفارەتی ئەو سوێندە ئیتر بە غافڵ گیری و ڕەشەکوژی کەوتنە قەتڵ و عامی جولەکەکان، تا وای لێهات لە وڵاتدا جولەکە بونیان نەما ئەوەی مابێتیش بەدزی و بە نهێنی ڕایکرد و خۆی شاردەوە...).

لەم گێڕانەوانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوولایان (جولەکە – مەسیحی) گەیشتبونە چ ئاستێك چەندە خەریکی خوێنڕشتن و پلاندانان و ئەتك کردنی یەکتربوون، بەبێ ئەوەی چاودێری هیچ سنورێك بکەن. دیارە گەلانێك ئەمە ئاکار و ڕەفتاریان بێت ئەوا هەرگیز ناتوانێت پەیامی هەق و دادپەروەری و ئاشتی بگەیەنن تا مرۆڤایەتی لە سایەیدا بحەسێتەوە.

کار گەیشتبووە ئەوەی یەکێك لە ( أسقف )ەکان ئاماژە بۆ فەرمانڕەوا فارسەکان بکات کەوا منداڵانی تایەفەیەکی مەسیحی جیاواز لە تایەفەکەی خۆی لەناوبەرێت، ئەوە بوو هەزارانیان لێ کوشتن.

تۆماس ئارنۆڵد – Thomas Arnold – دەڵێت: لەسەدەی پێنجی زایندا ( برصوما )ی – ( أسقف )ی نەسطوری کەوتە بن کلێشەی

پاشای فارسەکان تا هەستێت بە دژایەتی توند و تیژی کەنیسەی — ئەرسەزۆکسی — دەڵێن لەسەر وەسیەت و بڕیاری ئەم ( أسقف )ە ۷۸۰۰ کەسی کەنیسەی ئەرسەزۆکسی سەربڕدران، هەروەك لەلایەکی ترەوە بەهاندانی یەکێك لە ( یعقوبیەکان ) کارەساتێکی تری لەم جۆرە بەسەر هەمان تایەفەدا دووبارە کرایەوە.

هەر لەناو میسردا نزیکەی ( ۱۰۰,۰۰۰ ) کەسی میسری کوژران ئەمەش لەبەر ئەوەی نەیاندەویست بچنە سەر مەزهەبی دەوڵەتی ڕۆمانی.

لەولاوە گەلانی ئەوروپا کە لە باکور و ڕۆژئاوادابڵاوبوبونەوە ئاوا لەوپەڕی نەزانی و تاریکیدا دەژیان، لە شەڕ و خوێنڕێژیدا دەهاتن و دەچوون، دووربون لە شەقامی شارستانیەت، لە زانست و ئەدەب، نەئەوان کاریان بە گەلانی ترەوە هەبوو، نە گەلانی تر لەگەڵ ئەماندا بەر خوردی هەبێت.

لاشەیان پیس بوو، مێشکیان پڕ بوو لە گومان و خورافیات بۆیە زۆر بە کەمی ئاویان بەکاردەهێنا و نزیك پاك و خاوێنی نەدەکەوتنەوە ( ڕاهب )ەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر خەریکی ئەشکەنجەدانی لاشەی خۆیانبوون، لە خەڵکی ڕایان دەکرد و قسە و باسی گەرمیان ئەوەبوو ئایا ئافرەت گیاندارە یان مرۆڤـ؟؟!!!

**ئایا ئافرەت گیانی نەمری تیایە یان نا؟؟!!! ئایا ئافرەت گیانی خاوەن موڵکیەتی هەیە یان نا؟؟!!! ئایا دەتوانیت بیکڕیت و بیفرۆشیت؟؟!!!**

**ڕۆبێرت بریفولت – Robert Briffoult – دەڵێت: لەسەدەی پێنجی زاینیەوە بۆ سەدەی دە ئەوروپا تاریکی و شەوەزەنگ باڵی بەسەردا کێشابوو، شەو بە شەو تاریکتر ئەنگوستە چاوتر دەبوو، کوشت و بڕی ئەم سەدانە زۆر لە سەدە کۆنەکان خراپتربوو، چونکە هەستت دەکر ئەمە لاشەی شارستانێتیەکە بۆگەنی کردووە و ئەوەی پێی بڵێی ڕوناکی بە ڕوخساری ئەم شارستانیەتەوە نەماوە و بەرەو نەمان ملی ڕێی گرتووە، ئەو وڵاتانەی کە ڕووە و بوژاندنەوە دەچوون وەکو ئیتاڵیا و فەڕەنسا بەرەو کاولکاری و وێرانەیی چوون.**

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

**یەکەمین خاڵی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤـ جەخت لەسەر گرنگیدان بە { پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیە} وە هەر لەم پێناوەشدا ئەوا دەستبە جی شوێنی گونجاو و پێویست دەگرێتە بەر تا بەر بەو هۆکارانە بگرێت کە ئاشتی دەخەنە مەترسیەوە.هەر لە پێشەکی ئەم جاڕنامەیەدا جەخت لەسەر باوەڕ و قەناعەتی گەلانی**

واژۆکار دەکات لەسەر ئەم جاڕنامەیەکە (دەبێت مافە سەرەتاییەکان بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکرێت، وە تاك کەرامەتی پارێزراوبێت، ژنان و پیاوان و تاك و کۆمەڵ، گەلان، گەورە و بچوك مافیان یەکسانە.) هەروەك لە (مادەی ٤٣) ی هەمان جاڕنامەدا هاتووەکە. (هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیمانی ئەوە دەدەن کە توانای سەربازی خۆیان بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی بخەنە ژێر دەستی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لیژنەیەك دروست دەکرێت کە ئەرکی پرس و ڕاوێژ و ئامۆژگاری کردنە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی سەربازی، وە بۆ ئەوەی ئەم توانا سەربازیە بەکاربهێنێت. (مادەی ٤٧) هەروەها ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەیەکەوە هاوکاری پێشکەش بە یەکتردەکەن تا ئەو بڕیارانەی لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەردەچێت جێبەجێ بکرێت (مادەی ٤٩).

ئەگەر بمانەوێت ئەم خاڵانە کورت و پوخت بکەینەوە ئەوا دەڵێن کە ئەنجومەنی ئاسایش بۆی هەیە بە زەبری هێز نەهێڵێت زوڵم و جیاکاریو دەستدرێژی لەهەر شوێنێك ئەنجام بدرێت ئەم قەڵاچۆی بکات، هەروەك دەستەی گەلان دەتوانێت بچێتە هەر وڵاتێکەوە کە دەستەڵاتدار و حوکمەکەی لە ژێر زوڵم و زۆر بەڕێوەبچێت باشە ئەمە هەر ئەوە نەبوو

کـە نەتەوەیـەکگرتووەکان کردیـە بیـانوو شـەڕی ڤێتنـام و کۆریـای لێکەوتەوە...؟؟

ڕاستە شەڕەکە لە ژێر ئاڵای ( نەتەوە یەکگرتووەکان )دا ئەنجام درا، هەرچەندە ئەمریکا گەورەترین ڕۆڵی بینی و زۆرترین خەسارەت مەندی سەربازی شەڕەکە بوو.

مرۆڤایـەتی لای ئیسـلام هـەموویان یـەك خێـزانن، هـەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت خەڵکی هەموویان یەکسانن. جیاکاری خۆ بە گەورە زانـین لەسـەر بناغـەی خـوێن و ڕەگـەز پەرستی هـەروەك لـە مێژووی کۆن و نوێـدا بـوونی هەیـە زۆر قێزەونـە، ئایا جـەنگی جیهانی دووەم یەکێك نەبوو لە دەرئەنجامەکانی ئەو باوەڕە نادروستە؟؟ هیتلەر لای وابوو هیچ گەلێك هێنـدەی ئـەڵمان بـەرز و نـاوازە نـین!!! نازیـەت بەرجەستەکردنی ئەم تێڕوانینە نادروستە بوو کە دنیای بەرەو کاولکاری برد.

ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمـانی لای وابـوو کـە ئـەو جیـاواز لـە هـەموو ئیمپراتۆرەکانی دنیا پیرۆزە، هەرچی لەسەر زەویە ئەوا بەندە و کۆیلەی ئەوانـە. بەهـەمان جـۆر فارسـەکان و هیندییـەکان وا بـۆ مەسـەلەکەیان دەنواڕی.

باشە با ئەم پرسیارە بکەین ئەگەر – نەتەوە یەکگرتووەکان – پێش چواردە سەدە لەمەوپێش بوونی ببوایە، چی دەکرد....

❖ مستر گراهام: بێ گومان.هەرگیز نەیدەهێشت ئەم بەرەڵایی کوشت و برە بوونی هەبێت.

֍֍֍ ֍֍֍ ֍֍֍ ֍֍֍

❖ پرسیارێکی تر: ئایا هەڵوێست چی دەبێت کاتێك نەتەوەیەکگرتووەکان بەزەبری هێز دەیەوێت گۆڕانکاری بکات؟؟

❖ مستر گراهام: بێگومان ئەم کارە لەلای هەموو لایەك جێگای ڕەزامەندی نواندن قەناعەت پێکردنە.

هێزەکانی هاوپەیمانان لە جەنگی جیهانی دووەمدا هەر ئەم کارەیان کرد. ئێستاش لەبیرمە ئەو ڕۆژەی ناویاننا ( درێژترین ڕۆژی مێژوو. The Longest Day) ئەمەش ڕۆژی دابەزینی هێزەکانی هاوپەیمانان بوو بۆ خاکی فەڕەنسا. لە ناوچەی نۆرمادی دیمەنەکانی دابەزینی سوپای هاوپەیمانانم لە فلیمێکدا بینی کە هەمان ناویان لێ نابوو، ئەوەی لەم فلیمەدا سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە گەلی فەڕەنسا و گەلانی ئەوروپا بەگشتی و بەوپەڕی سۆز و خۆشەویستیەوە بەرەو ڕووی سوپای هاوپەیمانان بونەوە.

ژن و پیاو و منداڵ تانك و زرێپۆش و تۆپەكانیان گوڵباران دەكردن. هەروەك هەندێك سەردەكەوتنە سەر تانكەكان و باوەشیان پیایا دەكردن....

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

جا هەروەك پێشتر ووتم ئیسلام هەموو مرۆڤایەتی بەیەك خێزان دەزانێت یان بڵێن هەموویان سەرنشینی یەك كەشتین جا بچوكترین هەڵە لە كەشتیەكەدا سەرجەم سەرنشینەكانی دەخاتە مەترسیەوە.

خوای گەورە لە قوئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ﴿....مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا ....﴾ مائدة ٣٢.

وە فەرمودەیەكی پێغەمبەر(ﷺ) هەیە كە دەفەرموێت ﴿ پشتگیری براكەت بكە زاڵم بێت یان مەزلۆم ﴾ هاوەڵان سەرسام بوون چۆن پشتگیری بكەن ئەگەر زاڵم بوو. پێغەمبەر(ﷺ) بۆی شیكردنەوە كە پشتگیری كردنی زاڵم ئەوەیە كە نایەڵێت زوڵم لە خەڵكی بكات. گەورەترین سەركەوتن سەركەوتنە بەسەر هەواو ئارەزووەكاندا، خۆبەرز ڕاگرتنە بەسەر هەواو ئارەزوودا كە پەلكێشی كاولكاری و وێرانەیی بكات. بنەماو پرەنسیبە ئیسلامیەكان لە هەناوی خۆیاندا گەورەترین

شۆڕشی لەخۆ گرتووە. شۆڕشێك دژ بە هەموو جۆر و شێوازەكانی زوڵم و زۆر لە گشت بوارە جیاجیاكاندا. وە شۆڕشێك كە دژ بە سیستم و حوكمەت و بارودۆخێكە كە پاڵ بە زوڵم و ناعەدالەتیەوە دەدات و بەرژەوەندی گشتی تیایا بۆ بەرژەوەندی تاكەكان وەلانراوە.

یان چینێك چینێكی تری وەلاناوە وەیان هەموو جەماوەر بۆ بەرژەوەندی چەند دەرەبەگ و سەرمایەدارێك وەلادەنرێت، وەیان جاری وا هەیە شۆڕشێكە دژ بە وڵاتێك كە دەكەوێتە داگیركاری و چەوساندنەوەی وڵات و گەلێكی تر.

ئەركی ڕووبەڕوو بونەوەی ئەم بارودۆخە نالەبارە كەوتۆتە ئەستۆی ئیسلام كە دژ بەو بارودۆخە ببێتەوە بەوەی شۆڕشێكی سەراپا گیر هەڵگیرسێنێت دژ بەو ئاراستە خراپەی كە ڕووبەڕووی دەسەڵات و كۆمەڵگا بوبۆوە.

وە هەردەبوو ئیسلام هەستێت بە ڕزگاركردنی تاك و كۆمەڵگا، دژ بەویست یا داخوازی هەندێك كەس و حكومەت و سیستمی زۆردارانە. تا ئاشتی جیهانی سەراپاگیر دنیا بگرێتەوە. بۆیە جوگرافیای ئیسلام گۆی زەویە و خەمی ئیسلامیش خەمە لە مرۆڤـ لەهەر كوێیەك بێت.

لەبەر ئەوە ئیسلام ئامادە نیە ئاشتیەکی درۆینەی وڵاتانی دراوسێی بکرێت، تا ئەوەی ئەو وڵاتانەی چۆن پێیان خۆشبێت میللەت و خەڵکی بچەوسێننەوە و خەڵکانێك لە دەسەڵاتداران خۆیان بکەنە پەرستراوی خەڵك و خەڵکیش دوور لە داد و دادگا و دادوەری کۆمەڵایەتی ڕۆژانی پڕ ناسۆری بگوزەرێنن. خەڵك و جەماوەرەی ئەو وڵاتانە هەر ئاین و بیروباوەڕێکیان هەبێت ئەوا مرۆڤن. ئیسلامیش بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت کە زوڵم و زۆر لەسەر مرۆڤ هەڵبگرێت خەڵکی لەسایەی داد و یەکسانی بژین....

بۆ نزیك کردنەوەی ئەم باسە بە فیکر و هۆشتان با باسی سەربازێکی سادەی ئیسلامتان بۆ باس بکەم، لە جەنگی ( قادسیە ) کە مسوڵمانەکان بەسەر فارسەکان سەرکەوتن، سەرکردەی سوپای فارس کە ( ڕۆستەم ) بوو داوای لە ( سعد کوڕی أبی وقاص ) کرد پیاوێکی بۆ بنێرێت تا دانوسانی لەگەڵدا بکەن. ئەویش ( ربعی کوڕی عامر )ی نارد بۆ لای.

کاتێك ( ربعی کوڕی عامر ) چوو بۆ لای ( ڕۆستەم ) ئەوا ئەم لەناوچادرێکی ڕازاوە بە زێڕ و دۆشەکی سەروبنی زێڕ کراو وا پاڵی دابۆوە. ئەمیش بە خۆیی و ئەسپ و ڕمەوە خۆی کرد بە ناو چادرەکەدا

ئەسپەکەی بە چادرەکەوە بەستەوە.... ئەوانیش ئاماژەیان دایە کە چەکەکەی دابنێت.

❖ ئەویش ووتی: ئەگەر خۆم بهاتمایە بۆ لاتان چەکم دادەنا. بەڵام ئێوە خۆتان ناردوتانە بە دوامدا.... ئیتر خۆیدا بەسەر ڕمەکەیدا کە فەرشەکەی ژێری دڕاند وردە وردە لە ( ڕۆستەم ) نزیك بۆوە. کە نزیك بۆوە لە ( ڕۆستەم ) لەسەر زەوی لێی دانیشت و ڕمەکەی لە زەوی چەقاند، ووتی: ئێمە لەسەر ئەم جوانیانەی ئێوە دانانیشین.

ڕۆستەم ووتی: چی ئێوەی هێناوە؟؟؟!!

❖ ربعی کوڕی عامر ووتی: (خوا ئێمەی هێناوە.... خواناردوینی بۆ ئەوەی خەڵکی لەکەس پەرستیەوە بگوازینەوە بۆ خواپەرستی.... وە لە تەنگی ژیانی دنیا بۆ فراوانی قیامەت.... وە لە زوڵم و زۆری ئاینەکانەوە بۆ دادپەروەری ئیسلام.... خوا پێغەمبەری بە ئاینەوە ڕەوانەکردوە بۆ بەندەکانی.... جا هەر کەسێك قبوڵی کرد ئەوا ئێمەش لێی قبوڵ دەکەین و لێی دەگەڕێینەوە و وازیان لێ دەهێنین، خاك و وڵاتیان بۆ جێ دەهێڵین.... بەڵام هەرکەسێك ڕێگریمان کات ئەوا ڕوبەڕوی دەبینەوە تا بەرەو بەهەشت یان سەرکەتن دەڕۆین...)

❖ ڕۆستەم ووتی: گوێمان لە قسەکانتان بوو، دەتوانن ئەم کارە دوابخەن تا ئێمە قسەیەکی لێ بکەین..؟؟؟

❖ ربعی کوڕی عامر ووتی: بەڵێ پێغەمبەر(ﷺ) ئێمەی خستۆتە بەردەم ٣ هەڵبژاردن ئێمەش بە ئێوەی دەدەین، ئیتر خۆتان لە دوا مۆڵەتدا دانەیەکیان هەڵبژێرن. (ئیسلامتان) دەوێت ئەوا واز لە خۆت و خاك و وڵات دەهێنین و دەڕۆین، یان ( الجزیة ) ئەوا لێت قبوڵ دەکەین وازت لێ دەهێنین و ئەگەر پێویستت بە ئێمە بوو ئەوا پشتگیریت دەکەین، یان ئەوەتا لە چوارەم ڕۆژدا ڕووبەڕوی یەکتر دەبینەوە.

❖ ڕۆستەم ووتی: تۆ گەورەی هاوڕێکانتی.

❖ ربعی کوڕی عامر ووتی: نەخێر.... مسوڵمان وەك یەك لاشەوان سەرو خوار جیاوازیان نیە. ئیتر ڕۆیشت.

❖ ڕۆستەم کاربەدەستەکانی کۆکردەوە و پێی ووتن: ئایا قەت قسەی لەو جۆرەی ئەم کابرایەتان بیستووە؟؟

بۆ بەیانی ڕۆژی دووەم ڕۆستەم ناردی بۆلای سعد تا پیاوێکی بۆ بنێرن. ئەویش (حذیفه بن محصن الغطفاني) بۆ نارد. ئەویش لە قسەو کردەوە هیچی کەمتر لە ( ربعی کوڕی عامر ) نەنواند.

❖ ڕۆستەم پێی وت: ئەوەی یەکەمجار بۆ نەهات؟؟

❖ حذیفە ووتی: سەرکردەکانمان لەگەڵماندا دادپەروەرن بۆیە لە خۆشی و ناخۆشیدا وەك یەك بەشدار دەبین ئەم جارەش سەرەی منە.

ڕۆژی سێهەم داوای لە (سعد كوڕی أبی وقاص) كرد كە كەسێكی تری بۆ لا بنێرێت. ئەویش ( مغیرة بن شعبة) نارد بۆ لای.

ئەویش چوو بۆ لای لەسەر هەمان تەخت و ڕایەخی ڕۆستەم دانیشت ئەوانەی چواردەوری ڕۆستەم حەزیان بەم ڕەفتارە نەكرد و ویستیان بەرگری لێ بكەن.

❖ ئەویش ووتی: ئێمە لەلایەن ئێوەوە شتی وامان پێ دەگەیشت كە وەك خەون وابوو بەڵام ئەمڕۆ دەیبینم هەست دەكەم ئێوە گەلێكی پەست و بێكەڵكن ئێمە كەسمان ئەویترمان ناچەوسێنێتەوە مەگەر یەكێك شەڕمان لەگەڵدا بكات. وامزانی ئێمە چۆن لەخەمی یەكتردایین ئێوەش هەروابن. باشتر وابوو ئاگادارتان بكردمایە كە ئێوەهەندێكتان خۆتان كردۆتە خوا بەسەر هەندێكی ترتانەوە، ئەم كارەی ئێوە بەم جۆرە بەردەوام نابێت، من نەهاتووم بۆلاتان ئێوە خۆتان داواتان كردووە بێم بۆ لاتان، ئێستا زانیم ئێوە لە چ زەرەرێكدان دەسەڵاتداری بەم جۆرە عەقڵەی ئێوە درێژە ناكێشێت.

بەرپرسەکان وتیان ئەم پیاوە قسەیەکی فڕێدا کە کۆیلەکانی ئێمە خۆی بۆ دەکوتن. خوا ئەوانەی پێش خۆمان بکوژێت کە ئەم گەلەیان بە بچوکی نیشان داوین. بەدوای ئەمدا ڕۆستەم دەستی کرد بە قسەکردن کە گەورەیی خۆیان و بچوکی عەرەبەکانی دەرخست کە ئەوان چەندە دەستکورت و هەژار حاڵ بوون.

❖ مغیرة بن شعبةش بە دوای ئەمدا گووتی: ئەوەی باسی هەژاری و دەستەنگی ئێمەت کرد لامان ڕاستە و نکوڵی لێ ناکەین. دنیاش دەورا و دەورەو دەچێت.

لەدوای هەر ناخۆشیەك خۆشی دێت، هەرچەندە سوپاسی خواتان بکردایە لەوەی کە پێی داون کەم بووە. ئەم سوپاسگوزارنەبونەتان دووچار بەم گۆڕانەی کردوون. خودا پێغەمبەرێکی بۆ ناردوین....

قسەکانی بەوە کۆتایی پێهێنا کە ئێوە (٣) هەڵبژاردنتان لەبەردەستدایە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.... ئیتر گەڕایەوە.

دەبینن ئیسلام چۆن لە یەك کاتدا ئاین و پەیامێکی ڕزگاری خوازیە شاعیرێکی مەسیحی کە ناوی ( رشید سلیم الخوری )ە دەڵێت:

إذا حاولت رفع الضیم فأضرب

بسیف محمد و أهجر یسوعا

أحبوا بعضكم بعضا وعظنا

بهـا ذئبـاً في نجت قطيعـا

يـعلمنـا أبـاء لا خنوعـا

واتە: گەرویستت زوڵم لابەریت، ئەوا بە شمشێری ( محمد ) لێـی بـدە و واز لە – یسوع – حەزرەتی مەسیح – بهێنە. یـەكترتان خـۆش بوێـت ئامۆژگاری گورگمان زۆر پێكرد بـەڵام ڕانەكـەی نەپاراسـت – ئینجیـل – ێكی تازەمان بۆ بهێنن كە فێری سەربەرزیمان بكات نەك سەرشۆڕی.

بڵێـی ( مەسـیحیەت ) ئاشـتی خۆشەویسـتی بووبێـت وەك ئـەوەی لەسەر زاری هەندێكە ؟؟؟!!

وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بـۆ كـاتێكی تـرە.... پرسـیارێك لـە هـەردوو بەڕێزان ( جۆزێف Joseph و دیفید David )

❖ وەك دەزانیت ئێمە جولەكەین، خۆشت چاك دەزانیت جولەكە لەسـەر دەسـتی پێغەمبەرەكـەتان – محمـد – چـی بەسـەرهات، تـۆ چ ڕونكردنەوەیەكت بۆ ئەو چەوساندنەوە و دەربەدەركردنە هەیە كە ئەوان لـە نیوەدورگـەی عەرەبیـدا ڕوبـەڕوی بونـەوە بـێ ئـەوەی هیچـیان كردبێت؟؟؟

بەزەردەخەنەیەکەوە ووتم: وروژاندنی ئەم باسە لەبەرژەوەندی هەردوو بەڕێزان جۆرزێف و دیڤیدا نیە. ئەم دۆسیەیە، دۆسیەی مسوڵمانان لەگەڵ جولەکە ئەگەر ئێمە بیخەینە بەردەم دادگایەکی ئوستورالی لای خۆمان وە یان هەردادگایەکی ڕۆژئاوایی و بگرە هەرکوێیەکی دنیا ئەوا دەرەنجامەکەی زۆر قورس دەبێت، لە سەرە تا تا کۆتا پڕ شەرمەزاریە...!!

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەوا من ئەم پرسیارە ئاراستەی هەموتان دەکەم: ئایا هەڵوێستی حکومەتی ئوسترالی چیبێت کاتێك کە پلانێکی ئاشکراکرد کە ئوستورالیەکان لەگەڵ دوژمنی دەرەکی دەستیان تێکەڵ کردوە و خەریکی پلانی دژ بە وڵات و گەلەکەی خۆیانن. ئایا ئەم کارەی ئەوان کە تەواو بۆمان ڕونبۆوە کە چەندە خەریکی پلان و نەخشە دانان بوون دژ بە خاك و گەلی خۆیان بەچی ناوبەرین...؟؟ بێگومان خیانەتی گەورە.

ئێستا دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی هەردوو بەڕێزان جۆرزێف و دیڤید. جولەکەکان پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگای – مدینة – بوون کە پێغەمبەر(ﷺ) دروستی کردبوو، وە لەگەڵ مسوڵماناندا وەك یەك خێزان دەژیان. پێغەمبەر(ﷺ) هەموو مافێکی هاوڵاتی بوونی پێ بەخشیبوون

وەك هەمان مافی مسوڵمانان. بەڵكو پێغەمبەر(ﷺ) جولەكەی بە ( أمة مِن المؤمنين ) لە پەیماننامەكەیدا ناوبردووە. ئەمەش لەبەرئەوەی كە ئاینەكەیان ڕیشەیەكی ئاسمانی و یەكتاپەرستی تیایا بووە.

سەرەڕای ئەمانە پێغەمبەر(ﷺ) چەندین بەیاننامەی بەرگری كردن و بەڵێننامەی ئاشتی و بەرقەراربونی لەگەڵ بەستن كە مسوڵمانان ئەركی پاراستنی جولەكەیان لە ئەستۆگرت ئەگەر ڕوبەڕوی هەر هێرش و پەلامارێك ببنەوە، بەهەمان جۆر دەبێت جولەكەكانیش لە حاڵەتی ڕودانی هەر پەلامارو مەترسیەك بۆ سەر مسوڵمانان ئەوا بەرگریان لێ بكەن.

دوای ئەمە چی ڕویدا؟؟

ئەم جولەكانە بە پەنهانی و ژێر بە ژێر پەیوەندیان بە دوژمنانی مسوڵمانانەوە گرێ دا بگرە كەوتنە هەڵنانی ئەوان بۆ پەلاماری مسوڵمانان تەنانەت كەوتنە یارمەتی دان و كۆمەكی مادی بۆ جۆشدانیان تا پەلاماری مسوڵمانان بدەن.

بڵێی ئێستا هەردوو بەڕێز جۆزێف ودیڤید چی بڵێن..؟؟؟

❖ بێدەنگی و.... ورتە ورتێكی كز لە نێوان ئامادەبواندا....

❖ پاشان ووتم: ئەمە یەك.

دووەم: مسـوڵمانان و جولەکـە باوەڕیـان بـە خوایـەکی تاقانـەی بـێ هـاوەڵ هەیــە. یەکتاپەرســتی جەوهــەری بیروبــاوەڕی مســوڵمانان و جولەکەیە، کەواتە دەبێی قەڵاچۆکردن و ڕیشەکێش کردنی بێ باوەڕی و بت پەرستی دەبێت ئامانجی هەردولا بێت. بـەڵام دەبیـنین هەڵوێسـتیان هێندە نامۆیە کە ئەوپەڕی خۆدامـاڵین و خۆشـاردنەوە لـە خواسـتەکانی ئاینەکەی خۆیـانی لێ دەخوێنرێتـەوە، کاتێـك کـە بـێ بـاوەڕانی مەککـە پرسیاریان لەبارەی ئاینی تازەی ئیسلام و ئاینی بت پەرستی عەرەبەوە لێکردن زۆر بێشەرمانە وتیان: ئاینی ئێوە لە ئاینەکەی محمد چاکترە.

بـەم جـۆرە جولەکـە بـت پەرسـتیان لـە خواپەرسـتی لـەلا باشـتر و پەسەندتربوو.

تـۆ بڵێـی هـەردوو بـەڕێزان جۆزێـف و دیڤیـد لـەبارەی ئەمـەوە چـی بڵێن؟؟

جەوهەری بیروباوەڕ لە لای هەردو لا وەك پێشتر ئاماژەم پێ دا هـەر یەکتاپەرستیە باشە چۆن جولەکە دەڵێت بت پەرستی لە یەکتا پەرستی باشترە؟؟ وە بت پەرستەکان لەسـەر حـەقن؟؟!!! ئەمـە خـۆی یـاخی بوون و پاشگەزبونەوە نەبێت کاری ئاوا پڕ لـە بـێ بـاوەڕی و دوڕویـی و کینە لەدڵی ناو دەنێت چی؟؟

هەر ئەمە خۆی بەسە بۆ ئەوەی بە گەورەترین خیانەتکار و بێ باوەڕ بناسرێن.

وە سێ هەمیان: کە عەقڵ قبوڵی ناکات و تاوانێکی قێزەون و ویژدان هەژێنە هەرچەندە کاتی بەسەردا تێپەڕێت هەروا دەمێنێتەوە.... ئێمەی مسولْمان ڕێزگرتن لە میوانمان بە ئەرکێکی گەورە ی سە رشانمان داناوە. هەروەك ڕێزگرتن لە دراوسێ بەهەمان جۆر هەرچەندە مسولْمانیش نەبن. باشە ئەگەر ئەو دراوسێیە پێغەمبەرێك بێت. وە لەناو پێغەمبەرانیشدا ( علیهم السلام ) لە ( أولوا العزم ) بێت. کە خوای گەورە بۆ هیدایەت دان و ئاراستەکردنی مرۆڤایەتی بۆ چاکە و بەختەوەری ناردبیت. کەچی ئەوەی جولەکە لەگەڵ پێغەمبەر کردنیان تەواو پێچەوانەی ئەمە بوو.کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) بە میوانی سەردانی کردن سەرکردەکانیان ووتیان: ئێوە قەت ئەم پیاوەتان ئاوابۆ ناکەوێتە بەردەست. (مەبەستیان ئەوە بوو چەند کەسێکی کەمی لە هاوەڵان لەگەڵ دا بوو). ئایا کەستان تیایە کە بچێتە سەربان و بەردێکی گەورە هەڵگرێت و پیایا بماڵێت تا ڕزگارمان بێت لە دە ستی؟؟!!!

نەخشە و پلانێکی قێزەونە کە دژ بە هەموو داب و دەستوور و ئەخلاقێکە، لەگەڵ کێ؟؟ لەگەڵ پێغەمبەرێك – لەکوێشدا؟؟؟!!

لەکاتی میوانداری کردنیدا کە واجبە میوانداری بکەن و ڕێزی بگـرن نـەك نەخشەی کوشتنی دابڕێژن....

ویستیان پێغەمبەر(ﷺ) بکەن بە ( مسیح )ێکی تر.... هەروەك چۆن خوای گـەورە حـەزرەتی مەسـیحی لـە لەخاچـدان پاراسـت هـەر ئـاواش پێغەمبەر(ﷺ) لە پیلانی کوشتن پاراست.

دەبیـنم هەنـدێکتان بـەگوێ ی ئـەویتردا دەچـرپێنێت.... دیـارە مەبەستمان ئەوەیە کە من ووتم (مەسیحی لە لەخاچدان پاراسـت). مـن لێرەدا لە ڕوانگەی بیرو بـاوەڕی خۆمـەوە قسـە دەکـەم.... لـە میانـەی بیروباوەڕی منەوە زەمینەی سـازدانی ئـەم گفتوگۆیـە لـە باخچـەی ئـەم مزگەوتەدا سازدراوە. لەوانەیە هەندێك وا گومان ببەن من بەهۆی ئـاین و لایـەنی سـۆزداری ئـەوە بەلایەکـدا بشـکێمەوە و بـێ لایـەنی زانسـتی لەدەست بدەم.... دەڵێم ئەوە بەس گومانە.... بۆیە.... مـن قسـەکانی خۆم واز لێ دەهێنم بۆ کەسێك کە کەس گومانی لە ( جولەکە ) بونی نیە جولەکەیـەکی دڵسـۆز و ڕاسـتگۆیە ئـەویش پرۆفیسـۆر ئیسـرائیل ولڤنستۆن: ئەم پیاوە دەڵێت.

{ئەوەی هەر یەکتاپەرستێکی جولەکە و مسوڵمان ئازار دەدات، ئـەو گفتوگۆیەیە کەلەنێوان جولەکەیەك و کەسێکی بت پـەرسـتی قوڕەیشـیدا

ڕویداوە. لەم گفتوگۆیەدا کەسی جولەکە بت پەرستی بە چاکتر لە یەکتا پەرستی دادەنێت، ئەو یەکتا پەرستیەی کە پەیامی ئیسلام لە خۆی گرتووە}. تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت (گەلان بۆ پێداویستی شەڕی خۆیان فێڵ و درۆکانیان هێناوەتە ئاراوە، وە بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا پەنایان بردۆتە بەر فێڵ و چەواشەکاری. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نەدە بوو جولەکە پەنابەرنە بەرکارێکی هێندە نەشیاو، وە لەبەردەم گەورەکانی قورەیشدا نەیانگوتایە بت پەرستی قورەیشیەکان لە یەکتا پەرستی مسوڵمانەکان باشترە. هەرچەندە لەم قسەکردنەشیاندا هێندە بەرژەوەندیان دەست نەکەوتایە. چونکە — بنی ئیسرائیل — کە لەسەردەمانێك هەڵگری پەیامی یەکتاپەرستی بوون لەناو گەلانی بتپەرستدا، وە لەو پێناوەدا ڕەنج و ماندوو بونی زۆر و بگرە کوشتن و دەربەدەریشیان لەو پێناوەشدا چەشت، چونکە ئەوانیش یەکتاپەرست بوون، دەبوایە ئەوپەڕی کۆششیان بکردایە کە بت پەرستی نەهێڵن).

بەڵام ئەوان بەم پشتگیری کردنەی بت پەرستیان پێش ئەوەی زیان بە مسوڵمانان بگەیەنن ئەوا زیانیان بەخۆیان گەیاندووە، وە وێنەیەکی هێندە ناشرینی خۆیان کێشاوە کە دۆستەکانیان پێش نەیارەکانیان لەلایان قێزەون بن.

بڵێی ئێستا هەردوو بەڕێزان جۆزێف و دیڤید لە بارەی قسەکانی (ئیسرائیل ولڤنستۆن).

گومان و دوودڵیەکیان لەلامابێت، کە تیایدا ئیدانەیەکی تەواوی جولەکە دەکات.

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

پرسیار لە خاتوو لیندا Linda:

❖ ئایا مانای وایە کە ئیتر جولەکە لەهەرکوێ بن دەبێت بچەوسێنرێنەوە وە بەردەوام ڕاوبنرێن.؟؟

بە خاتوو لیندا م ووت.

❖ لە ڕاستیدا ئێمەی موسوڵمان لەسەر قسەکردن لەم بڕیارە لە ئێوەی – مەسیحی – جیاوازین، ئێمە خاوەنی بینین و ڕەهەندی جیاواز لە ئێوەین. لە ئیسلامدا بەرپرسیاریەتی ڕووبەڕوی تاك خۆی دەبینێتەوە و هەرکەسە خۆی لە کردەوەی خۆی بەرپرسە و کەس بە تاوانی کەسی تر سزانادرێت. ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ فاطر ١٨.

پاشان جولەکە لەڕوانگەی ئێمەی موسوڵمانەوە وەك – مەسیحیەکان – ئەهلی کیتابن وەیان بڵێین ( أهل الذمة )ن ئەمەش مانای وایە کە

ئیسلام ئازادی بیرو باوەڕی خۆیانی بۆ زەمانەت کردون و بگرە ئەرکی پاراستنیشی لە ئەستۆ گرتووە گیان و ماڵیان پارێزراوە. وە هەمان ئەرك و مافی مسوڵمانانیان هەیە. تێڕوانینی ئیسلام جیاوازە لە مەسیحیەت بەوەی کە {گوناه} و {تاوان} لە کات و شوێن و کەسی خۆیدا بەند دەکات تەنها ئەو کەسەی کارەکەی کردوە بەرپرسیار دەبێت.

نەفرین کردنی جولەکە لەلایەن هەندێ تایەفەی مەسیحیەوە شتێکی هەمیشەییە، ئەو گۆڕانکاریەش کە لەم ساڵانەی دوایدا هاتە پێش جێگای گومان و تێڕامانە و زادەی سیاسەتێکی دیاری کراوە. ئەو چەوساندنە وە دەربەدەریەی جولەکە لە میانەی مێژوویەکی قوڵیاندا کەم و زۆر پەیوەندی بە مسوڵمانانەوە نیە، بگرە مسوڵمانان بۆ جولەکەکان بونە کەشتی ڕزگاری و قەڵای پاراستنیان لەو سەردەمانەی دوچاری تەنگەژەیی هاتوون.

بۆ نمونە، جولەکەکانی نیمچە دورگەی ( ئەیبیریا ) کە بە ئیسپانیاو پورتوگال ناسراوە یەکەیەکی کارای گەورەبوون بەڵام جێگای ڕق و بێزاری دەسەڵات و کەنیسە بوون. لەسەردەمی شا ( سبیزبۆت ) بەزۆر کردنە مەسیحیەتیان بەسەردا سەپێندرا، وەیان ئەوەتا دەربەدەر بکرێن وەیان ماڵومولکیان دەستی بەسەردا بگیرێت.

زۆریان لەبەر زۆرەملەو دووڕوویی خۆیـان مەسـیحیەتیان قـەبوڵ کـرد. (لە ساڵی ٦١٦ ز) دوابەدوای ئەمە زنجیرەیەك قەیرانیان بەسـەردا هێنـرا تاوای لێ هات پەنایان بردە بەر پیلان و شۆڕش، وە لەگەڵ جولەکەکانی مەغریب هاوئاهەنگ بـوون کـە پشـتگیریان بکـەن و بەدەمیانـەوە بچـن، بەڵام لە ساڵی (٦٩٤ ز) پێش جێ بەجێ کردنی پیلانەکـەیان ئاشـکرابوو وە سەری نەگرت

لە سەردەمی شا ( راجیکا )دا بـوو، بڕیاریـدا لێپێچـینەوەی تونـدیان لەگەڵدا بکات.

زانـا ئاینیــەکان لــە شــاری ( طلطیلیــة ) کۆنگرەیــەکیان ســازکرد. پادشــاش بــەدەم داواکاریــەکانی کــۆنگرەوە چــوو بڕیــاری ســزادانی جولەکەی دەرکرد بەو ئیعتیبارەی یاخی بوو لە دەوڵەت و پیلانگێری دژ بـە ئـارامی وڵاتـن، وە ئـەوان لـەو مەسـیحیەتە پەشـیمان بونەتـەوە کـە پێشتر باوەڕیان پێ هێنابوو. وە باشابڕیاری ئەوەی دا سـەرجەم مـاڵ و سامانیان لێ دارِنرێـت و بکرێتـە سـەر داهـاتی کۆشـك، وە پـەرت و بـڵاو بکرێـت و بـۆ هەمیشــەیی بکرێتــە کۆیلــەی مەسـیحیەکان، وە ( شــا ) دەتوانێت بیان بەخشێتە کەسانیتر.

وە تا بە جولەکەیی بمێننەوە ناتوانن خۆیان لە کۆیلایەتی ڕزگار بکەن و ئازادی بەدەست بهێنینەوە. وە لە حەوت ساڵیەوە منداڵەکانیان لێ دەسەندرێت و لەسەر مەسیحیەت گۆش دەکرێن، وە دەبێت پیاوانی جولەکە تەنها و بەتەنها ئافرەتانی مەسیحی بکەنە هاوسەرو ئافرەتانی جولەکەش تەنها بۆیان هەبوو لەگەڵ پیاوانی مەسیحی هاوسەرگیری بکەن، بەم جۆرە دەستاڕی زوڵم زۆر کەوتە هاڕینی جولەکە، لە پێش هاتنی ئیسلامدا بەدەست زوڵم و زۆرەوە دەیانناڵاند چاوەڕێی هاتنی ڕزگاری بەخشێك بوون، وە ئەوان لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە ئازادییان پێدان و زوڵم و زۆریان لەسە لابردن بەرامبەر بڕێکی زۆر کەم لەپارە ( جزية ) ئەوا فریشتەی ڕەحمەت بوون بۆ ڕزگارکردنی ئەمان هاتبون. ئەم وێناکردنەی واقیعی جولەکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئیسلامی و ئەندەلس لە نێوان ساڵانی ٦١٦ و ٦٩٤ ی زاینیدا بوو.

کە بەرامبەرەکەی لە ڕۆژهەڵات دەکاتە کاتی نێوان کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە تا خەلافەتی حەزرەتی عومەر ڕزگارکردنی شام و وڵاتی فارس و میسر و عێراق. وە خیلافەتی حەزرەتی علی. وە دروست بوونی دەوڵەتی ئەمەوی. وە یەکەمین بەریەك کەوتن لەگەڵ ( بیزەنطیە کان ) و پاشان گەمارۆ دانی ( قسطنطينية ) لە ساڵی ٦٧٩ ز. ئیتر هێندەی پێنەچوو ساڵی ٧١١ ئەندەلس ڕزگار کرا.

بۆیــە شــتێکی نــامۆ نیــە کاتێــك کــە دەبیــنین لەگــەڵ پەڕینــەوەی سوپاکەی ( طارق کوڕی زیاد ) بـۆ ئیسـپانیا جولەکـەکان زۆر بەگـەرمی کەوتنە هاریکاری سوپای مسوڵمانان.

لەگـەڵ چـونە نـاو شـاری ( طلطیلیـة ) سـوپای موسـوڵمانان ئـازادی ئاینـداری خۆیـانی لەسـەر یاسـاغ نـەکردن پیـاوانی ئاینیـان بەوپـەڕی ئازادیەوە سروتە ئاینیەکانیان بۆ جێ بەجێ دەکردن.

مێژوو نوسی ئەمریکی ( سکۆت ) دەڵێـت:{– جـزیـة – دان گرەنتـی ئەوەی پێدان کە کـەمترین کـەس بـە ئـازادی و بـێ تـرس بـژی، کەسـی دینداری تونـدڕەو بـەبێ تـرس خـەریکی ئەنجامـدانی کـاری خـۆی بـوو، هەروەك بێ باوەڕەکانیان بە ئاشکرا ڕای خۆیان بەیان دەکرد بێ ئەوەی کەس و داوایان ببینێت} .

لەگەڵ یەکەمین ساتەکانی ڕزگارکردندا جولەکـە بەناسـکترین مامەڵـە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کرا، ئەم لێبوردەییەی ئیسلام بوو بە چـەترێك و لـەژێر سـایەیدا دەسـتیان کـرد بـە جموجـۆڵی بازرگـانی و سـامان و دەستڕۆیشتویی، لەسەردەمی ( ناصر )دا کەسێکیان بـەناوی ( حسـدای بـن شـبروت ) ئـەرکی پاراسـتنی بودجـەی گشـتی پـێ سـپێردرا وە ئەویتریش لەلای ( ناصر ) چاودێری کارە دیبلۆماسیەکانی دەکرد.

هەروەك كتێبی ( دیتۆرنیس )ی لە بواری گژو گیای پزیشكی لە یۆنانیەوە وەرگێڕایە سەر عەرەبی، ئەم كتێبە پێشتر لەلایەن ( قیسر ) ەوە نوسخەیەكی پێشكەش بە ( ناصر ) كرابوو. لە میانەی ئەم چاودێریەوە زۆرێك لە نووسەر و زانای جولەكە نێردرانە ( قرطبة ) هەر لەسەردەمی ( ناصر ) و كوڕەكانیدا قوتابخانەی ( تەلمودی ) كەوتە چالاكی و جموجۆڵی كە ( رابی بن حنوش ) دایمەزراندبوو بەم جۆرە جولەكە لەژێر سایەی دەسەڵاتدارە یەك لەدوای یەكەكاندا سودمەند بوون و بە ئارامی دەژیان، تەنانەت جولەكەكانی ( قرطبة ) جل و بەرگی عەرەبیان لەبەردەكرد و داب و نەریتی عەرەبیان پیادە دەكرد....

تۆ بڵێی لەسەر ئەمە سوپاسیان كردبێ؟؟!!!

بە پێچەوانەوە هەر ئەوەندەی تەرازووی دەسەڵات لە ئەندەلس لاسەنگ بوو ئەوا خێرا جولەكە یاخی بوون و بوونە بەكرێگیراوی پاشا و میرەكانی ( قشتالە و ئەكتاد و ئەرگون ). دژایەتیكردنی مسوڵمانانیان گەیاندە ئاستێك كە خۆیان بوونە كەسی ( باجگر ) بەسەر مسوڵمانانەوە كە ( فۆسنۆ )ی شەشەم بەسەر هەندێك لە میرەكانی دا سە باندبو.

دەکەوتنە ئاشکرا کردنـی خـاڵی لاوازی دەوڵـەتی مسـوڵمانان هـەموو ئەو دەستە سپیە خێرەی پێشوو کە بۆیـان درێـژ کرابـوو لـەبیریان کـرد دوای ئەوە ( الموحدون ) هەستیان بە غەدری جولەکە کـرد لـە ئەنـدلس کەوتنە خۆپارێزی و ووشیار مامەڵەکردن لەگەڵ جولەکەدا، ئەوا بازنەیان لەگــەڵ تەســك کردنــەوە ئــیتر ئــەوانیش خۆیــان پێنــەگیراو کەوتنــە بەجێهێشتنی ( ئەندلس ).

تۆ بڵێی لاتان وابێت جولەکە بەرەو ئەوروپا ڕەویان کردبێت؟؟!!!

نەخێر.. بەڵکو بۆ وڵاتانی تری ئیسلامی لە ( مغرب— شام — میسر ) چونکە ئەوروپا هەرگیز ئامادەی وەرگرتنیان نەبوو. (موسی بن میمون) کە جولەکەکان بە زانا و تێگەیشتوی خۆیـانی دەزانـن. بەڵگەیـە لەسـەر سـپڵەیی و قــەدر نــەزانی جولەکــە. ئەوبــەرەو ( میســر ) چــوو لــەوێ بەخێرهاتنی گەرمی لێکرا تــا بوو بــە یــەکێك لە پزیشکە تایبەتیـەکانی ( صلاح الدين ) کەچی ئــەو ژێر بە ژێر نامەی بۆ هاوڕێیەکی دەنوسی لە ( الفيوم ) کە تیایا جنێو و قسەی ناشرینی بە موسـوڵمانان دەدا.... بـا ئێستا بزانین مەسیحیەکان چیان دژ بە جولەکە کردووە.

(الأب بريساك) دەڵێت: خیانەت کردن لـە کرۆکـی خۆیـدا جولەکەیـە. گــەروتت (خیانــەت) ئــەوا تــۆ مەبەســتت جولەکەیــە. وە ئــەو دەڵێــت

یەکەمین کەسی ( خیانەتکار ) لە مێژووی فەڕەنسادا کەسێکی جولەکە بوو.

ئیتر یەك بەدوای یەکدا دەکەوێتە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی باس لە خیانەتکاری جولەکە دەکەن، وە بە ئەندازەیەك لە جولەکەپڕە کە ئەم توندڕەویەی دووچار بەو هەڵەیەی دەکات کە بڵێت: جولەکە پشتگیری ئیسلامیان کردوە دژ بە مەسیحیەت.

وە دەڵێت: ئەم واتایە لە قسەیەکی ( الأب )ێکی دۆمۆنێکی کە ناوی Thierry وەرگرتووە لە کتێبێکدا بەناونیشانی ( لەموساوە بۆ محمد De Mohammad Moose ) پاشان دەڵێت پەیوەندی نێوان جولەکە و مەسیحی وە پەیوەندی نێوان یەکەمین و دواهەمین پلەی پەیژەیە. ئەوە دڵنەرمی و بەبەزەیی بوونی کەسی مەسیحیە کە وای کردوە جولەکە بەهۆی بونە مەسیحەتیەوە سەرکەونە بەرزترین پلەی کۆمەڵایەتی، وە جولەکە تەنها ڕێز لە هێز دەگرێت، وە ئەوانەیان کە دەبنە مەسیحی ئەوا بەیعەت بە هێز دەدەن نەك مەسیح.

(الأب بریساك) گاڵتەی بە هەوڵی لەیەك نزیك خستنەوەی مەسیحیەت و جولەکە دێت و دەڵێت: ئەم هەوڵانە بۆ خۆڵ لە چاوکردن و چەواشەکردنی مەسیحیەکانە،وە ڕەخنە لە پاپا ( بیوسی ١٥ )

دەگرێت کە وتویەتی {ئێمە هەردولامان لە ڕوی ڕۆحیەتەوە هەر سامین}

لە بڕگەیەکی تردا الأب بریساك بە درێژی باس لەو ناو ناتۆرە ناشرینانە دەکات کە ئەوروپیەکان دابویانە پاڵ جولەکە، هەروەك پارچەیەك شیعریشی هێناوە کە شاعیرێکی سەدەکانی ناوەڕاست بووە بە ناوی ( سیسا Sessa )کە دەڵێت:

ڕەگەزێکی بێزراو. بۆن ناخۆش. خراپ، ئیرەیی بەر

بڵاوکەرەوەی نەخۆشی. ڕقاوی، سوك

پیس، رژد. کەللەڕەق. نەفرەت لێکراو،سەرکێش

بڕوا پێ نەکراو. چاوپیس، بێ حورمەت....

هەروەها ڤیکتۆر هۆگۆش لەباسی ئەو جولەکەیەی کە لەسەر دەستی پاپا بۆتە مەسیحی ئیتر ئەوانیش متمانەیان پێکرد و کردیانە هاوڕێی دووق و دوبیری DuBerry تا لە ڕێگا پارێزگاری بکات کەچی بە پێنج هەزار فرانك فرۆشتی دەڵێت: شەرەف و باوەڕ و سوێند ئەوەبوو کە جولەکەکە فرۆشتی بەبێ هیچ ئازارێك.

هەر لەم بارەیەوە فەیلەسوفی فەڕەنسی – بوسویە، Bossuet – دەڵێت: {ئەی گەلی نەفرین لێکراو. ئەم خوێنە تا دوا منداڵتان لەگەڵتاندا دەبێت}.

هەروەها پاپا پۆڵسی چوارەم دەڵێت: {ئەوانە گەلێکن خوا بۆ کۆیلایەتی خەڵقی کردوون. وە ئەوان گەلێکی تا بڵێی کەم نرخن.} وە هەر ئەم بڕیاری ئەوەی دا کە جولەکە دەبێت لە گەڕەکی تایبەت بە خۆیان لە ڕۆما بەند بکرێن کە ناسراوە بە ( جیتۆ )ی ڕۆمانی.

وە کەنیسە زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە چەندین نەوە وا پێبگەیەنێت ئینکاری ئەوە بکەن کەوا ( مەسیح ) جولەکە بوبێت، هەرچەندە ئەو لەناو جولەکەدا لەدایك بوبێت ،بۆیە حەزرەتی مەسیحیان گێڕایەوە بۆ ئەوەی ڕەگەزی خوایەتی هەیە. دڵی پیرۆزە و ناوی پیرۆزەو.... زۆر دەستەواژەی ترکە زۆر بە توندی دژایەتی ئەوە دەکات کە پەیوەندی هەبێت لەنێوان مەسیح و یوسفی نەجار، بەڵکو جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو کوڕی خوایە ! !...

بەم شێوەیە کەنیسە بەردەوام بوو جەختی لەوە دەکردەوە، تا خەڵکی ئەوروپا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ( مەریەمی پیرۆز ) لە بنەماڵەی – هارون نیە هەرچەندە لەناو ئەوانیشدا لەدایك بووە.... بۆیە مەسیحیەکان لەکاتی کوشتنی جولەکەدا لە شەڕە زۆر و جۆربەجۆرەکانیاندا هاواریان دەکرد. بژی ماریا....

وە نوسەر بە درێژی باس لەو دەردە سەری و ناڕەحەت ژیانە دەکات کە جولەکە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست تیایا دەژیان {سەرەڕای سوکایەتی و ڕسوا پێکردن و ناچارکردنیان بە ژیان لە ( جیتۆ )دا کە کۆڵانێکی تەسك و باریك و پیس وبرلە چاڵ و چۆڵ بوو، ئەوا ڕوبەڕوی جۆرەها ئەشکەنجە و ئازار دەبونەوە بێ ئەوەی ئەشکەنجە دەرانیان ڕوبەڕوی هیچ لێپێچینەوەیەك بکرێتەوە....

لە جەژنی ( تاکە لقدا — لە شاری — بیزیە )ی باشوری فەڕەنسا ئەوا ئامادەبوان کاتی خۆشیان ئەوەبوو جولەکە ڕاوبنێن و بەردبارانیان بکەن، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی تۆڵەی حەزرەتی مەسیحیان لێ دەکەنەوە...!!

لە ( تۆلۆر ) داب و نەریتیان وابوو لە جەژنی ( الفصح )دا سەرۆکی جولەکە بانگدەکرایە ماڵی دەسەڵاتداری شار وە لە وێدا زللەیەکی توندی لێ دەدرا بۆ تۆڵەکردنەوەی ئازارەکانی مەسیح، جارێکیان یەکێك لە سوارەکان دەسکێشێکی ئاسنی کردبووە دەستی کە پیایا کێشا یەکسەر مێشکی پژاند...!!

لە ڕۆمادا و لە جەژنی ( الفصح )دا ئەوا جولەکەکانەیان ناچار دەکرد لەبەرچاوی خەڵکی و بە ڕووتی سەما بکەن ئەگەر پاشەکشەیان بکردایە

ئەوا قامچی باران دەکران یەکێك لە پاپاکان فەرمانی دەدا کە بیانکەنە بەرمیلێکەوەکە لەدەرەوە بۆناوەوە بزمار ڕێژ کرابوو وە لەسەر بەرزایی ( تستشیانۆ )وە بەردرانەوە...!!

لە ئیسپانیا و پورتوگال سەدانیان بە زیندویی سوتاند. دواهەمین جولەکە کە ئاگری تێبەردرابێت لە ئیسپانیا ساڵی ١٨٢٥ بوو. لە — جنوا — لە قەفەزی ئاسندا بەند دەکران و ئاوو خواردنیان پێ نەدەدرا تا ناچار ببن خاچ ماچ بکەن.... زۆریان بێ ئەوەی ماچی بکەن مردن....

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

پرسیارێك لە مستر ( فۆکس Fox )وە: لە دوو سەعات پێش ئێستاوە کە ئەم دانیشتنەمان کردووە پرسیارێك یەخەم دەگرێت، ئەوەی کە تائێستا گوتراوە، کەس نیە پێ ی وابێت وانیە.... بەڵام ئەوەی کە من سەرم لێی سوڕماوە بگرە خەڵکانی تریش ئەو پرسیارەیان هەیە ئەوەیەکە: بۆچی بڵاوبونەوەی ئیسلام دراوەتە پاڵ شمشێر؟؟ بۆچی تۆمەتی زبری و توند و تیژی دەدرێتە پاڵ ئیسلام؟؟

بە مستر ( فۆکس )م ووت: ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتوانی مسوڵمانان ملیاری تێپەڕاندووە، ئەم ژمارە زۆرەش لە چەندین وڵاتدا بەشێوەی مانگ کە لە دەریای ئەتڵەسی لە ڕۆژئاواوە دەست پێدەکات تا دەگاتە

ئۆقیانوسی هندی و ئارام لە ڕۆژهەڵات بڵاوبۆتـەوە.وە ئەگـەر بـە زمـانی ژمـارە بـدوێین ئـەوا دەڵـێین ڕوبـەری وڵاتـانی ئیسـلامی ١٨,٠٠٠,٠٠٠ کـم چوارگۆشەیە.

وە ئەگەر پەنا بەرینەوە بەر ژمارە ئەوا دەڵێین وڵاتانی ئیسلامی ئەم ڕوبەرە ٦٠ وڵاتە لەم وڵاتانە تەنها چارەکێکیان ئەوەی تۆ ناوی دەبـەیت بـە شـەڕ ڕویـداوە، کـە دیـارە پێشـتر ئامـاژەمـان بـەوەدا کـە بۆچـی مسوڵمانان لەگەڵ فارس و ڕۆم بەشەڕ یەخانگیر بوون.... بەڵام سـێ لـە چواری ئەو وڵاتانە بە بێ شەڕو بەوپـەڕی قەناعـەت مسـوڵمان بـوون.... ئەمە یەکەم.

دووەم: سەبارەت بەو وڵاتانەی کە ڕزگار کراون. کـە سـەربە هـەردوو ئیمپراتۆریـەتی ( فـارس و ڕۆم ) بـوون لـە پێشـدا. ئـەوا خەڵکەکـەیان بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە بە پیر مسوڵمانانەوە چوون.

هێز و دەسەڵاتی ئەم ڕزگار کەرانە هیچ کاریگەریەکی نـەبووە لەسـەر ئـەو مسـوڵمان بونـەی ئـەو خەڵکـە بـەڵکو خەڵکەکـە کـە لـە ڕوانگـەی چاوەڕوانی کردن لەم هێزە تازەیە کە هەڵگری دادپـەروەری و یەکسـانی و ئازادیە، موسوڵمان بوون.

بـۆ نمونــە لــە میسردا.... چــەوساندنــەوەیان لــەبــەر ئــەوە بـوو کە ( مەزهەبی ) خەڵکی میسر پێچـەوانەی مەزهـەبی دەوڵـەتی ڕۆمـابوو هەرچــەندە هــەردووکیان هــەر مەســیحی بــوون، خنکــان و کوشــتن و سوتاندن، لـەو ئامرازانـە بـوون کـە میسـریەکانیان پـێ لـەناو دەبـرا.... هەرئەوەندەی مسوڵمانان ڕویانکردە میسر ئەوا خێرا مەسیحیەکان هاتن بە دەمیانەوە و یارمەتیان دان. پردیان بۆ سوپاکەیان دروست کرد.

ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی بیستبویان موسوڵمانان هەرشوێنێك ڕزگـار بکەن ئەوا دادپەروەری تیادا بـەرپا دەکـەن، هەرئەوەنـدەی مسـوڵمانان تیایا جێگیر بوون و بـارودۆخ ئـارام بـۆوە، ئـیتر بـە تێکـڕا و بـە کۆمـەڵ مسوڵمان بوون تاوای لێهاتووە ئەمڕۆ میسر یەکێکـە لـە وڵاتـە ئیسـلامیە بەرچاوەکان. مێژوو نوسی بـەناوبانگ ( وێڵـز ) لـەبارەی ڕێنوماییـەکانی ئیسـلامەوە دەڵێـت: {ئیسـلام لـە جیهانـدا زۆر داب و نـەریتی مامەڵـە کردنـی دادپـەروەرانـەی دامەزرانـد کـە بارگـاوی و پـڕە لـە لێبـوردەیی و لێخۆش بوون بوو. هەروەك لوتکـەی مرۆڤایەتیـە. وە دەتوانرێـت پیـادە بکرێت وە ئیسلام کۆمەڵە کەسانێکی پێگەیاند کە نمونەیان نیـە لـەوەی چەندە دورەپەرێز بوون لە دڵڕەقـی و چەوسـاندنەوەی کۆمەڵایـەتی کـە ئەمە لە پێشوو تردا نمونەی نەبووە...}، تا دەگاتە ئەوەی کـە دەڵێـت {ئیسلام پڕاو پڕە لە لیبوردەیی و لێخۆشبوون و برایەتی}.

هەروەها ( مارك سایس ) لە وەسفی ئیمپراتۆری ئیسلامی سەردەمی هارونە ڕەشید دەڵێت {مەسیحی و جولەكە و مسولڵمانان بەیەكەوە و بە یەكسانی خەریكی خزمەتكردنی حوكمەت بوون} .

هەروەها ( لیفی پرۆتستال ) لە كتێبەكەیدا ئیسپانیای ئیسلامی لە سەدەی ١٠ دا دەڵێت {جولەكە و مەسیحی لە پۆستە جۆربەجۆرەكانی حوكمەتدا كاریان دەكرد. وە لەگەشت كردن بۆ وڵاتانی ئەورروپای ڕۆژئاوا بە باڵوێزی دەبونە نوێنەری خەلیفە بۆ كاروباری ئیداری و سەربازی.

هەروەها ( ڕینۆ ) لە مێژووی جەنگەكانی موسوڵمانان لە فەڕەنسا و سویسرا و ئیتاڵیا و جەزائیر و دەریای ناوەڕاست دەڵێت: {موسوڵمانان لە شارەكانی ئەندەلوسدا بە چاكە لەگەڵ مەسیحیەكان مامەڵەیان دەكرد، مەسیحیەكانیش لە بەرامبەر ئەمەدا هەستی موسوڵمانیان بریندار نەدەكرد منداڵەكانیان خەتەنە دەكرد و گۆشتی بەرازیشیان نەدەخوارد} .

هەروەها ( ئارنۆڵد ) كە باس لە تایەفە و ڕێچكە جیاوازەكانی مەسیحیەكان دەكات دەڵێت: {پرنسیبە ئیسلامیەكە ئەوەی حەرام كردبوو كە مسوڵمانان زوڵم بكەن، بەڵكو مسوڵمانەكان بە پێچەوانەی

کەسانیترەوە هیچ خۆماندوکردنێکیان نەدەبینی لەوەی دادپەروەرانە لەگەڵ مەسیحیەکان مامەڵە بکەن، بۆ نمونە دوای ڕزگارکردنی میسر — یەعقوبیەکان — لاچونی دەسەڵاتی — بێزەنتینیەکانیان — بە دەرفەت زانی تا کەنیسەی ئەرسەزۆکسیەکان داگیر بکەن، بەڵام مسوڵمانەکان کە کەنیسەکانیان گێڕایەوە بۆ خاوەنە شەرعیەکەی خۆی کە ئەرسەزۆکسیەکان بوون. دوای ئەوەی بەڵگەی تەواویان خستە ڕوو.} ئەگەر سەیری ئەم گیانی لێبوردەییە بکەین کە چۆن بڵاوبۆتەوە ئەوا بێ خۆماندوکردن ئەو قسەیەی کە دەڵێت — ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاوبۆتەوە — هیچ قیمەتێکی نامێنێت.

لام وایە کە باشترین قسە کە کۆتایی ئەم وەڵامەی پێ بهێنین بریتیە لەو قسەی گەورە زانای مەسیحی کە کەس گومانی لە زانابون و بەتوانایی بونی نیە کە ئەویش — بەتریکی ئەنطاکیا میخائیلی گەورەیە— کە لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٢ دا ژیاوە کە بۆ ٥ سەدە کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیان کەوتە ژێر سایەی مسوڵمانان. ئەم — بەتریاکە — کە باس لە لێبوردەیی مسوڵمان و زوڵم و زۆری ڕۆمەکانی هاو ئاینی خۆی دەکات و دەڵێت: {هەر ئەمە بوکە خوای تۆڵەسێن کە خاوەن توانا و دەسەڵاتە و کاروباری بەندەکانی بەدەستە، وە هەر ئەو خۆی

ئەوەی بیەوێت بەرزی دەکات کە بینی ڕۆمەکان چەندە خراپەکاری دەکەن، بەوەی پەنایان بردە بەر هێز و هەستان بەتاڵان کردنی کەنیسەکانمان و کاولکاری وڵاتمان وە بێ بەزەییانە جامی تورەیی خۆیان بەسەردا باراندین، ئەوا کوڕانی ( ئیسماعیل ) مەبەست عەرەبە لە باشورەوە ( واتە نیوە دورگەی عەرەبی ) بۆ ناردین تا لەدەستی ڕۆمەکان ڕزگارمان بکات}.

دوا قسەم ئەوەیە.... کە ئاراستەی ( مستر فۆکس )یشی دەکەم. دەڵێم: ئەگەر ( شمشێر ) ئامرازی بەزۆر کردنە مسوڵمان بوایە، ئەوا لات ڕون بێت ئێستا تاکە مەسیحیەك لە ڕۆژهەڵاتدا بونی نەبوو؟؟!!!

بونی ئەم هەموو کەمایەتیە لە جولەکە و مەسیحی لە ڕۆژهەڵات کە لەناو نازو نیعمەتی ژیاندان، کە زۆرێك لە مسوڵمان ناگەنە ئاستی ژیانی ئەوان.... ئەوا بابزانیت خۆی بەڵگەیە کە ئەو قسەیە ڕاست نیە، ئەو قسەیەش زادەی خەیاڵ و ئەندێشە زیاتر هیچی تر نیە.... وانیە مستر فۆکس....؟؟

پرسیارێك لە خاتوو ( ڕووس Ruth ) :

❖ باشە سروشتی پەیوەندی نێوان مسوڵمانان و ئەوانی تر لە دوای کۆتایی شەڕ و ملکەچ کردنی هەردوولا بۆ ئاشتی چۆنە؟؟ خۆت دەزانی کەوا ئەمڕۆ ئێمە لە دنیایەکدا دەژین کە بڕیار نامە و ڕێکخراوی تایبەت گرنگی بەمە دەدەن، وە زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتان ئەم بڕیارنامەیەیان واژۆ کردوە.

به خاتوو ( ڕۆس )م ووت:

❖ مەبەستت بڕیارنامەی ( جنێف )ە کە تایبەتە بە شێوازی مامەڵەی نێوان وڵاتان و سوپا لە کاتی بەرپا بونی شەڕدا؟؟

❖ بەڵێ تەواوە ڕێك ئەوەم مەبەست بوو.

یەکەمین ڕێسا لە ئیسلامدا ئەوەی بڕیارداوە کە مرۆڤەکان هەموو برای یەکن.... وە ئاشتی بنچینە و بناغە و ڕێسایە. وە جەنگ جگە لە حاڵەتێکی شاز و کاتی بۆ چارەسەرێکی دیاریکراو نەبێت ئەوا شتێکی دیکە نیە، ئەگەر کەسانی نا موسوڵمان هەستان بە ڕەچاوکردن و پاراستنی ئاشتی ئەوا ئەوان و موسوڵمانان لە بازنەی مرۆڤایەتیدا دەبنە برا. لەسەر خێر و چاکە هاوکاری یەکتر دەبن، ئاینیش هەر خوازیاری ئەوەیە کە بە دانایی و پەیڤین و ئامۆژگاری بەرز و جوان، بەبێ زەرەر گەیاندن بە کەسانیتر مامەڵە و گفتوگۆ بکرێت.

وە ئیسلامیش زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر شەڕ بەرپابوو:

❖ با شەڕی ئەتك کردن و ڕیشە دەرهێنان نەبێت.

❖ با شەڕی غافڵگیری و هەڵکوتانە سەری پێش وەخت نەبێت، لانی کەم دەبێت بەرامبەر بزانێت کە شەڕ هەیە.

❖ بەهیچ جۆرێك مامەڵەی نادروست و نامرۆڤانە لەگەڵ ( دیل )دا ناکرێت نابێت کەرامەتیان بڕوشێندرێت.

❖ مەرج نیە شەڕ کاتێك بوەستێت کە لایەنی بەرامبەر مسوڵمان ببن بەڵکو هەر دەستی شەڕ و خراپەکاریان لابرا لەسەر خەڵکی و پەیمانی ئەویاندا خراپەکاری نەکەن، ئەوا شەڕ کۆتایی پێ دێت. {واتە مەرج نیە تا مسوڵمان نەبن هەر شەڕیان لەگەڵ بکرێت ( وەرگێڕ )} لەبەرئەوەی لە ئیسلامدا ئاشتی بناغەو ڕێسایە. وە ئیسلام پێشوازی لە هەر بڕیار و پەیماننامەیەك دەکات کە دەبێتە مایەی وەستانی شەڕو کوشتار.

پرسیار: ئایا پێغەمبەر ئەمەی لەگەڵ دوژمنەکانی خۆیدا ڕەچاوکردوە و پیادەی کردوە.؟؟!

❖ وەڵام: هاوڕێی ئازیزم پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك کە کۆچی کرد بۆ مەدینە ئەوا لەگەڵ جولەکەکاندا کەوتە دانانی پەیماننامەیەك لەگەڵ جولەکەکانی ئەوێ.... پاشان ئەوەت لەبیر بێت پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ

بێباوەڕەكانی قورەیش پەیماننامەی ( حدیبیة )ی مۆركرد. لەكاتێكدا هەندێك لە هاوەڵانیش ناڕازی بوون.

پرسیار: هەرچەندە ئەو پەیماننامانە جۆرێك ناهەقی و زیانی مسوڵمانانیشی تیابوبێت.؟؟!!

❖ وەڵام: هاوڕێی بەڕێز دەڵێم نەخێر. چونكە شەڕ بۆ لابردنی زوڵم بەرپا دەبێت، ئەگەر زوڵم بمێنێت ئەوا باس و خواسی پەنابردنەوە بەرچەك هەر دەمێنێت، ئیسلامیش بۆیە هاتووە تا زوڵم و زۆر و نا عەدالەتی وەلا بنێت. لە روانگەی ئیسلامەوە دەبێت پەیماننامە مەرج و بنەمای ڕوون و ئاشكرا بێت.

پرسیار: مەرجەكانی ئیمزاكردنی پەیماننامە چین؟؟

❖ وەڵام: ئیسلام سێ مەرجی داناوە كە دەبێت لانی كەم هەرسێكیان لە پەیماننامەكەدا بوونیان هەبێت ئەم كارەی هەر ئاوا بە بەتاڵی نەهێشتۆتەوە تا بەرامبەر بە ئارەزوی خۆی بتوانێت یاری بكات.

یەكەمیان: نابێت ئەم پەیماننامەیە بە هیچ جۆرێك ئاماژەو ئاڕاستەی خراپی بۆ ئیسلام تیابێت كە بناغەی كەسایەتی كەسی موسوڵمانە وە لە گێڕانەوەیەكدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی (هەر مەرجێك پێچەوانەی قورئان بێت ئەوا باتڵە كاری پێ ناكرێت) بۆیە هەرپەیماننامەیەك كە

هێرش و پەلاماری تیایابێت بۆ کەسایەتی ئیسلام و وڵاتانی ئیسلامی و زیانیان پێ بگەیەنێت ئەوا قبوڵ نییە.

دووەم: دەبێت هەردوولا بە ڕەزامەندی و ئارەزوی خۆیان دور لە هۆکاری دەرەکی ئیمزای بکەن، بۆیە لەلای ئیسلام هەر پەیماننامەیەك کە لەسەر بناغەی ناچار کردن و هەڕەشەو گرمە و ناڵەی چەکدا بوو بەهای نییە....

سێهەم: پێویستە پەیماننامەکە ئامانجی ڕون و دیاری کراو بێت ئەرك و مافی هەردوولا.... باسکرابێت کە بوار بۆیاری پێکردن و خۆلێدزینەوە نەهێڵێتەوە، بابزانیت هەموو ئەو پەیماننامانەی کە دووچار بە شکست و هەڵوەشانەوە هاتون زۆربەی هەرە زۆریان لێڵی و ناڕوونی تیایا بەرچاوبووە.

لەوانەیە ڕونترین نمونەی بەرچاو ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتییە کە بڕیاری ٢٤٢ ناسراوە داوا لە جولەکەکان دەکات لە زەویە داگیرکراوەکان بکشێتەوە دواوە. دیارە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیشدا جیاوازی هەیە لە نێوان (أرض) لەگەڵ (الأرض) وە لە ئینگلیزیشدا Land لەگەڵ The Land جیاوازن. کە ئەم ناڕونیە ئاڵۆزی هێناوەتە ئاراوە کەلەسایەییدا ئاشتی مەحاڵ بێت.

پرسیارێك لە مستەر هارۆڵد Harold:

ئەو بنەماو ڕێسایانە چین کە ئیسلام بۆ جەنگاوەرانی داناوە تا لەمیانەی شەڕدا پیادەی بکەن؟ خاتو ڕۆس Ruth ئاماژەی بە بڕیارنامەی –جنێف– دا کە تایبەتە بە ڕەفتاری جەنگاوەران لە کاتی جەنگدا، ئایا مسوڵمانان شتێکی ئا لەو جۆرەیان هەیە کە جەنگاوەران پابەند بکات لە میانەی شەڕدا پێوەی پابەند بن؟

بە مستەر ( هارۆڵد )م ووت: بڕیارنامەی (جنێف) تازەیە و لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ئیمزا کرا. ئەویش کەی؟ دوای کۆتایی بەشی یەکەمی سەدەی بیست کە خۆی ئەو کاتەماڵئاوایی بوو لە ئاکار و ڕەفتارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو سەدانەی مرۆڤایەتی زۆر ئازار و نارەحەتی زۆری چەشت. بەڵام ئیسلام لەو سەردەمەی ئەورووپا بەدەست نەزانی و تاریکیەوە دەیناڵاند ئەوا یاساو شەریعەتی ئیسلام رووپەڕێکی سپی و بێ خەوشی دنیا بوو. ئیسلام ١٤ سەدە زیاترە ئەو سەردەمانەی بەجێهێشتووە و دادپەروەری و مرۆڤ دۆستی ئیسلام زۆر لەو بڕیارنامانە گەورەتر و بەرچاوترە کە لێرە باسی دەکەن.

ئایا دەزانن پێغەمبەر(ﷺ) پێش بەڕێ کردنی سوپاکەی چی ئامۆژگاری دەکردن؟ (بەناوی خوا بکەونە ڕێ.... وە بە بەرەکەتی

پەیامبەرەکەی.... پیری بە تەمەن مەکوژن منداڵ و ژن مەکوژن، زیادە ڕەوی مەکەن. چاکەکاربن خوا چاکەکاری خۆش دەوێت. وریا بن بێ ڕێزی بە لاشەی مردو مەکەن، ئەگەر سەگیش بێت...).

لە جەنگی ( ئوحود )دا کە تیایا موسوڵمانان شکان، بەهۆی جێ بە جێ نەکردنی ڕێنوماییەکانی پێغەمبەر(ﷺ). یارانی زۆر بە توندی بەرگریان لێ کرد. وە برینداربوو دانی شکاو دەموچاوی خوێناوی بوو.... لەم کاتە ناسکەدا هاوەڵان داوایان لێ کرد کە دوعا لە بێ باوەڕان بکات.... کەچی لە وەڵامدا فەرمووی: (من بۆ ئەوە نەنێرراوم نەفرەت لە خەڵکی بکەم، بەڵکو من بۆ بانگخوازی و ڕەحمەت ڕەوانە کراوم.... خوایە هیدایەتی قەومەکەم بدە ئەوان بێ ئاگان)....

لە جەنگی ( ئوحود )دا حەمزەی مامی شەهید کرا، ئەمەش لەلایەن پیاوێکەوە کە ناو ( وەحشی ) بوو کە ئەویش ( هیند )ی خێزانی ئەبوسوفیان هانی دابوو دوای ئەوە شەهید کرا ( هند ) ڕق و کینەی هەناوی بە لاشەی حەمزە ڕشت... بەڵام دوایی وەحشی و هیند هەردوکیان مسوڵمان بوون.. پێغەمبەر(ﷺ) چی کرد؟ هیچی نەکرد جگە لەوەی لە هەردووکیان خۆش بوو مسوڵمان بوونی –وەحشی– قەبوڵ کرد بەس ئەوەندەیشی وت ئەگەر بتوانێت لەشوێنێکی تر بژیت

هێندە لەبەر چاو نەبێت... ئەمە هەمو ئەوە بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) دژ بە بکوژو شێوێنەری لاشەی حەمزەی مامی ئەنجام دا. لە شەڕێکدا بیستی کەوا ئافرەتێك کوژراوە، بۆیە توڕە بوو نارەزایی دەربڕی و فەرمووی: من ئافرەت کوشتنم لێ قەدەغە نەکردوون؟ خۆ ئەمە جەنگاوەر نەبووە.

ئەو دەمەی ( مەککە ) ڕزگار کراو لەگەڵ ١٠ هەزار لە هاوەڵانی بە سەرکەوتویی لەگەڵ سەربازەکانی چونە ناوەو قورەیش تەسلیم بوو. چاوەڕێی ئەوەبوون بزانن دوای ١١ ساڵ شەڕو بەرەنگاریان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بەچی دەبێت.... پێغەمبەر (ﷺ) لەمە زیاتر کە پێی وتن.... ئەی قورەیشیەکان پێتان وایە من چیتان لێ دەکەم؟

وتیان: چاکە.... برایەکی باش و برازایەکی باشیت. ووتی من هیچتان پێ نالێم،زیاتر لەوەی یوسفی برام کە ئاڕاستەی براکای کرد و وتی بڕۆن هیچتان پێ نالێم و گەردنتان ئازاد بێت. خوا لێتان خۆش بێ.... بڕۆن ئێوە ئازادن....ئیتر هیچ قسەیەکی تری پێ نەوتن و باسی سزا و تۆڵە سەندنەوەی هەر بە خەیاڵدا نەهات.... ئەوە پێغەمبەرە مامۆستای خێر و بەختەوەرییە نەك سەرکردەیەکی خوێن ڕێژ کە بە شوێن شان و شکۆدا و مەستی سەرکەوتن بێت.

هەروەك لە ئامۆژگارییەكانی ( أبو بكر ی صديق ) یەكەمین خەلیفەدا بۆ سوپای مسوڵمانان {خیانەت مەكەن، لاشە مەشێوێنن، زیادەڕۆیی مەكەن، منداڵ و پیر مەكوژن، دارخورما مەبڕن و مەیسوتێنن و داری بەردار مەبڕن، بۆ خواردن نەبێت مەڕ و مانگا و حوشتر مەكوژن، ئێوە بەلای خەڵكانێكدا دەڕۆن كە خۆیان بۆ پەرستن لە پەرستگاكاندا یەكلا كردۆتەوە لێیان گەڕێن و با خەریكی كاری خۆیان بن} . لەم ئامۆژگارییەدا بەڕوونی دیارە كە چەندە كاول كاری هەر شتێك كە سوودی تیادابێت چەندە قەدەغە كراوە.

دووەمین خەلیفە ( عمر ی كوڕی خطاب ) لە كاتی بەڕێ كردنی سوپادا دەڵێت: {بە ناوی خوا و پشتیوانی خوا بەڕێ كەون، خوا پشتیوانتان بێت سەركەوتن بۆ ئێوەیە ئەگەر ئارام بگرن، بجەنگن بەڵام دەستدرێژی مەكەن خوا دەستدرێژكاری خۆش ناوێت، لە ڕووبەڕوو بوونەوە مەترسن، گەر سەركەوتن بێڕێزی بە مردووان مەكەن، وە زیادەڕۆیی مەكەن، پیر و منداڵ و ئافرەتان مەكوژن و لەكاتی شەڕدا ئاگاتان لێیان بێت، لە كاتی گەرمەی شەڕدا جیهاد و تێكۆشان بۆ خوا تێكەڵاو بە ئارەزووی ماڵی دنیا مەكەن، مژدەی قازانجی ئەو پەیمانەتان لە یاد بێت كە بە خوای خۆتان داوە، ئەوەش گەورەترین دەستكەوتە.

عومـەری کـوڕی خطـاب.... ئـەو کەسـە بـوو کاتێـك کـە سـوپای مسوڵمانان ( قودس ) یـان ڕزگار کرد و سوپـای ڕۆم تیکشکاو ڕای کرد (أسقف)ی قدس کە ناوی (سفیر نوص) بوو سور بوو لەسەر ئـەوەی کـە دەبێت کەسی یەکەمی مسوڵمانان خۆی بێت و کلیلـی ئـەو شـارەی پـێ بدرێت، حەزرەتی ( عمر )یش بەدەم داخوازییەکەیەوە چـووە، چـوو بـۆ لای لە کەنیسەی ( القیامە ) کاتێك کاتی نوێژی مسوڵمانان هات.

حەزرەتی ( عمر ) چووە دەرەوەی ( کەنیسەکە ) نوێژی کرد، کاتێك کە ( أسقف ) جەختی کردەوە لەوەی کە هەر دەبێت لـە نـاو کەنیسـەدا نوێژەکەی بکات، حەزرەتی ( عمر ) رازی نەبووە بۆ ئەوەی گێڕایەوە کە نەوەك نوێژ کردنی ئەو لەو کەنیسـەیەدا سـبەینێ ببێتـە مایـەی ئـەوەی مسوڵمانەکان لە کەنیسەکە دەریان بکەن....

مستەر ( هارۆڵد ) زیاترت دەوێ...؟؟

بـا ئێستە دەقی ئـەو پـەیماننامەیەتان بۆ بخوێنمەوە کە حەزرەتی ( عمر ) لەگەڵ ( أسقف – سفیر نوص ) واژۆی کرد:

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

ئـــەمە ئـــەو پـــەیماننامەو دڵنیاییــە کــە بەنــدەی خــوا ئــەمیری بـاوەڕداران ( عمـر ی کـوڕی خطـاب ) داوێتـی بـە خـەڵکی ( إیلیـا ) کـە

دڵنیایان دەکاتەوە لە پاراستنی گیان و ماڵ و کەنیسەو خاچ و دێم و بەراو و سەراپای کەس حەقی نەبێت بەسەریانەوە کەس نەچێتە کەنیسەیان و نەیان ڕوخێنێت و لێیان کەم نەکرێتەوەو لە خێریان دانەبڕدرێت. وە لەسەر ئاینەکەیان زۆریان لێ نەکرێت و کەسیان زیانی پێ نەگات وە کەسی جولەکە لە ( إيليا )دا لەگەڵیان نیشتەجێ نەکرێت، وە لەسەر خەڵکی ( إيليا ) شە کە ( جزيه ) بدەن هەروەکو چۆن خەڵکی شارەکانی تر دەیدەن وە پێویستە ڕۆم و جەردەیان وەدەر نرێت، هەرکەس لەوانە بڕوات و شار جێ بهێڵێت ئەوا تا دەگاتە مەبەست پارێزراوە، وە هەر کەسێك بمێنێتەوە ئەوا دڵنیا دەکرێتەوەو پێویستە خەڵکی ( إيليا ) چی ( جزيه ) دەدەن ئەوانیس بیدەن. وە هەرکەس لە شاری ( إيليا ) وای پێ خۆش بێت کە لەگەڵ ( ڕۆم )دا بڕوات و ماڵ و سامانی ببات ئەوا تا دەگاتە جێی خۆی پارێزراوەو دڵنیا دەکرێتەوە. وە ئەوان خاوەن زەوین ئەوا هەروەك خەڵکی ( إيليان ) لە ( جزيه ) دان دا. وە هەرکەسیش حەزی لێیە با بگەڕێتەوە وە هەرکات بەروبومیان پێ گەیشت ئەودەم لێیان وەردەگرێت وە ئەوەی لەم نوسراوەدایە پەیمان و بڕیاری خواو پێغەمبەر و خەلیفەکان و مسوڵمانانە بۆ لەئەستۆ گرتنیان ئەوان ( جزيه ) بدەن.)

ئەوکاتەی سوپای مسوڵمانان ( دیمەشق و حمص ) شارەکانی تری سوریایان ڕزگارکرد ئەوا بڕێك پارەیان بەڕێکەوتن لە بەرامبەر پاراستنیان لە شەڕ و کوشتار لێ وەرگرتن، بەڵام دوای ئەوەی سوپای مسوڵمانان زانیان ( هرقل )ی سەرکردەی ڕۆم سوپایەکی زۆری کۆکردۆتەوە بە نیازی هێرش کردنە، ئەمانیش بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان لەشار هاتنە دەرەوە لە جێگایەکدا کۆبونەوە. ئیتر سوپا لە دیمەشق و حمص و شارەکانی تر کشایەوە ( خالیدی کوڕی ولید ) خەڵکی ( حمص )ی کۆکردەوە هەروەها وە ( أبو عبيدة بن الجراح ) یش خەڵکی دیمەشقی کۆکردەوە، هەروەك سەرکردەکانی تریش بەهەمان جۆر لە شارەکانی تر ئیتر ڕوبەڕوی خەڵکی شار بونەتەوە و پێیان وتن (ئێمە بڕێك پارەمان لە ئێوە وەرگرتوە لە بەرامبەر پاراستنتان و بەرگریلێکرنتان، بەڵام ئێستا ئێمە لە دەرەوەی شارین و ناتوانین بتانپارێزین، ئەوە پارەکانتان بۆ خۆتان بێت، خەڵکی شارەکە ووتیان: خوا بتانگێڕێتەوەو سەرکەوتوتان بکات، بەخوا دەستەڵات و دادوەری ئێوەمان لە زوڵم و زۆری ڕۆمەکان پێ خۆشترە، سوێند بە خوا ئەوان لە جێگای ئێوەدا بونایە ئەوا ئەو پارەیان بۆ نەدەگێڕاینەوە، بگرە هەرچی بشیان توانیایە بیبەن دەیانبرد.

بەڵێ ئابەم جۆرە ئەمڕۆ هەر سوپایەك شارێك جێبهێڵێت ئەوا هەر شتێك لەدوای خۆیان سوود بە دوژمن بگەیەنێت جێناهێڵێن ئایا ئێوە شتی لەم جۆرەتان بیستوە؟؟

کاتێك هەندێك لە خەڵکی لوبنان لە دەسەڵاتی ( علی کوڕی عبداللە کوڕی عباس ) ناڕازی بوون و شۆڕشیان بەرپاکرد ئەویش ڕووبەڕویان بووە وەو لەگەڵیان جەنگاو بەسەریانا سەرکەوت ئیتر وای بە باش زانی کە خەڵکەکە پەرت و بڵاو بکات، هەندێکیان لە ئاو و خاکی خۆیان بۆ شوێنێکی تر بگوێزرێتەوە ئەم کارەش لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتو ئەمڕۆدا بچوکترین هەڵسو کەوتە کە حکومەت لەگەڵ نەیارەکانی جێبەجێ ی بکات بەڵام ئیمام ئەوزاعی کە ئیمامی وڵاتی شام بوو ئەوا خێرا نامەیەکی نووسی بۆ دەسەڵات داری لوبنان و نا شەرعی بوونی ئەم کارەی دیاری کرد وە سزادانی بە کۆمەڵی بە ناشەرعی دانا کە تێیدا کۆمەڵێك بەهۆی کارێکی ترەوە سزا بدرێن بە ناشەرعی دانا بەم جۆرەی نوسی بوو { ڕاگواستنی خەڵکی ( زمە ) لە ( جبل لوبنان ) کەوا هیچ ئاگاداری ئەم دەرچونە نەبوون کە هەندێك لە دەسەڵات دەرچوون تۆش هەندێکت کوشتوە و ئەوانی ترت بۆ گوندەکان ناردۆتەوە، تۆ چۆن خەڵکانێك بە گشتی بە تاوانی کۆمەڵێکی

کەم سزا دەدەیت لە ماڵ و حاڵ دەریان دەکەیت، دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا دەگرێت، لە کاتێکدا حوکمی خوا وایە کەس بە تاوانی کەسانیتر سزا نادرێت، ئەمەش هەقی ڕەچاونەکردن و پیشێلکردنە، وە باشترین ئامۆژگاریش لەم ڕووەوە ئامۆژگاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ) کە دەفەرموێت (هەرکەسێك زوڵم لە کەسێك بکات کە لە ئەستۆماندایە یان کارێکی پێ بکات لەسەرو تاقەت و توانایەوە بێت ئەوا ڕۆژی دوایی من دەبمە دوژمنی)}.

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

ئایا دەزانن بیرمەندی فەڕەنسی ( ڕۆجیە گاردودی ) بۆ موسوڵمان بوو؟؟ وەرن باپێکەوە گوێی لێ بگرین بزانین چۆن ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە:

لە مانگی ئەیلولی – ١٩٤٠ – بەهۆی حوکمەتی ( مارشاڵ بیتان ) و حوکمەتی ( فیشی ) گیرام و ٣ ساڵ لە زینداندا بووم، وە لە سەربازگەیەکی جەزائیری بە ناوی ( جەلفا ) بەندیەکەم بەسەر دەبرد.

لەم بەندینخانەیە سەربازیەدا شتێکی سەیر ڕویدا لە بەندینخانەی سەربازگەکەدا سەرکردایەتی یاخیبونێکم کرد وە ( کۆماندۆ )ی فەرماندەی سەربازگەکە دادگایەکی خێراو سەرپێیانەی کردم یەکسەر

بڕیاری گوللەباران کردنمی دەرکرد وە ئەنجامدانی ئەم کارەی خستە سەر شانی سەربازە مسوڵمانە جەزائیریەکان، بەڵام ئەوەی کە سەیرو سەرنج ڕاکێش بوو ئەوە بوو کە ئەو سەربازە مسوڵمانانە ئامادە نەبوون ئەو فەرمانە جێبەجێ بکەن وە منی فەڕەنسی تیرباران بکەن، منیش چونکە عەرەبیم نەدەزانی نەمدەزانی هۆکاری ئەم بەگوێ نەکردنەیان بۆچی دەگەڕێتەوە، بەڵام دواتر بەهۆی هاوکارێکی جەزائیری کە لەسەربازگەکەدا کاری دەکرد زانیم کە وتویەتی شەرەفی جەنگاوەری مسوڵمان ڕێگرە لەوەی کەسێکی بێچەك بدەنە بەر فیشەك، لەم ڕوداوەدا بۆ یەکەم جار ئیسلامم ناسی دەتوانم بڵێم ئەم ناسینەم زۆر لەو توێژینەوەیانەی زانکۆی – سۆربۆن – زیاترئیسلامی پێ ناساندم....

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

# ( گفتوگۆی دووەم )

..✍ ڕوداوی سەرەڕێ

..✍ لەگەڵ ( شێخ رەفعەت ) لە کۆڵانی جەمامبز بۆ لەندەن و کەمبردج

..✍ کتێبی پیرۆز .... ڕەشە کوژی سەرجەم نەیاران

..✍ مەسیح ئاوای فەرموو ...

..✍ مەسیحی بە ئەگینا کوشتن چاوەڕێتە

..✍ ڕەشەکوژیەکەی ( پاریس ) ئاشتی درۆینە ...

..✍ شەیتان لە کەسایەتی پاپا ئۆریانوسی دووەمدا ...

..✍ سێ سەدە شەڕ دژبە (کافرە) مسوڵمانەکان ...

..✍ مێژویەکی ( ڕەش ) کردەوەیەکی ... ڕەشتر

..✍ قازی خوێنڕێژ ... دادگای پشکنین ...

..✍ وێنەیەك لە شانۆیەکی خوێناوی

..✍ گفتوگۆیەك لە دۆزەخدا...!!

زو لەماڵ چومەدەر تا فریای شەمەندەفەری سەعات ٩ بکەوم کە بەرەو وێستگای سەرەکی شاری سدنی دەچوو.... شەمەندەفەر ئەم ماوەیەی بە ١٣ دەقیقە بڕی.... بەبێ مەبەست.... ڕووەو دەرگا کۆنەکە چومە دەرەوە. کە دیوار و بۆگەنی ڕێگاکەی تارمایی مەرگیان دەبەخشیەوە و لە خۆتەوە دڵتەنگ دەبیت....

لە پڕ.... کابرایەکم بینی کە بەسەرخۆیدا چەمابۆوە و لە تەنیشت داریك کەوتبوو کە درەختەکە چەند گەڵایەکی وشك نەبێت هیچی پێوە نەمابوو.... کابرا شوشەیەك شەرابی بەدەستەوەبوو کە خەڵکی بەهەرزانترین جۆری شەراب پێناسەی دەکەن، دیارە کابرا زۆر هەژار و ئالودەی مەیخواردنەوە بوو. کە سەیری کابرات دەکرد نەتدەزانی زیندووە یان مردووە.... جرپوجانەوەر و میرولە هێرشیان دەکردە سەر بەبێئەوەی ئەم جوڵەیەکی لێوەبێت. جوڵەیەك....

تۆ بڵێی ئەمە ئەو کەسە بێت کە شارستانیەتی ئەوروپا بەرهەمی هێناوە و دەیەوێت بیکات بە ڕەمزو سەرمەشق بۆ ئێمە؟؟ یەکسەر ئەو قسەیەی ( محمد إقبال )م بیرکەوتەوە کە سەبارەت بەم جۆرە لە شارستانیەت کردوویەتی: ئەوروپا خەریکی خۆکوشتنە.... ڕۆح لە لایان سەرابێکی هەڵخەڵەتێنەرە.... شارستانیەتیان هەیە.... بەڵێ.... بەڵام

شارستانیەتیەك لە گیانەڵڵادا.... ئەگەر ئێستاش نەمرێت.... ئەوا دەبێت سبەینێ خۆی بکوژێت و بڕوات.... بناغەی ئەم شارستانیەتە پوچە و بەرگە ناگرێت.... ئەم شارستانیەتەی ئەوان لە گەدەیاندا بە دوای ڕۆحدا دەگەڕێت.... ئەوەی سەرمایەداری دەیکات.... کۆمۆنیستەکانیش هەر ئەوە دەکەن....

ئەمیش و ئەویش هەر خەریکی پەلامار و نەوسنین.... سەرمایەداری ڕۆح لەناو دەبات.... کۆمۆنیستی خەریکی لەبەین بردنی ئاینە.... هەوڵی هەردوکیان کوشتنی مرۆڤێکە کە خوا کردویەتی بە خەلیفەی سەر زەوی....

نەمزانی بۆچی لەم کاتەدا خوالێخۆشبوو ( محمد رفعت )ی قورئان خوێنم کەوتەوە بیر، کە بەودەنگە فریشتەییەی سەرسامی دەکردی، من هەر لەمنداڵیەوە لەلادێدا چاوم کرایەوە گوێم بە دەنگی ئەو زرنگایەوە، ئەویش لەو ڕادیۆیەوە کە لە ماڵی کوێخای ئاوایی دانرابوو، بۆیە هەرکە گوندەکەمانم جێ هێشت و بەرەو قاهیرە چوم یەکەمین کارم ئەوەبوو کە ڕۆژی هەینی مزگەوتەکەی بدۆزمەوە و لای ئەو نوێژی جومعە بکەم.

یەکەم جاربو ( کۆلانی جەمامیز ) ببیستم ئەو کۆلانەی کە مزگەوتەکەی شێخ ( محمد رفعت )ی تیابوو، وەیەکەم جاربوو ناوی —

فاضل پاشا – ببیستم ئەویش ئەو پیاوە خێرخوازەبوو کەلەسەر ئەرکی خـۆی مزگەوتەکـەی دروسـت کردبـوو. شـێخ محمـد رفعـت – نـە خـۆی قورئان خوێنێکی ئاسایی بووە وە نە دەنگیشی دەنگێکی ئاسـایی بـوو. کـە دەنگیـت دەبیسـت هەسـتت دەکـرد دەنگـی لەگـەڵ خۆیـدا بـەرەو ئاسۆیەکی پیرۆز و بڵند لەگەڵ خۆی کەمەندکێشـت دەکـات، ویـژدانت و ڕۆحت بەرەو ئاسمانە بەرزەکان گەشت پێدەکات.... لە وڵاتـی غـەریبی ئەوروپا و ئوستراليا ئەوا سازگاری دەنگی وات لێدەکات ئەم جیهانە جێ بهێڵێت.

لە لەندەنیش و لە ئوسترالیاش چـەند کاسـێتێکی قورئـانیم لـەلابوو، کە لەنێوان ئەو کاسێتانەدا چارەکی یەکەمی سورەتی ( مریم ) بوو.

֎֎֎ ֎֎֎ ֎֎֎ ֎֎֎

بەیانیـەکیان کـە خـەریکی ئامـادەکردنی نـانی بـەیانی بـووم لـەقاتی سەرەوەی شوقەکەی (هامسـتید )پـێش ئـەوەی بێمـە خـوارەوە لـەبیرم چوو تەسجیلەکەم بکوژێنمەوە دەنگی – شێخ محمد رفعت – کەوتە بەر گوێی دانیشتوانی شوقەکە.

بۆیە یەکسەر مسـتر پیتـەر پێـی وتم: وا هەسـت دەکـەم ئـەم دەنگـە باشترین گۆرانیبێژی میسر بێت..؟؟

بــە زەردە خەنەیەکــەوە بــە مســتر پیتــەرم ووت: ئــەوە گۆرانیبێــژ نیە.... بەڵکو ئەم پیاوە گەورەترین قورئان خوێنی میسرە.

مســتر پیتــەر وتــی: دەنگــی قوڵاییــەکی تیایــە کــە بــۆلای خــۆی ڕات دەکێشـێت، وا هەسـت دەکـەم چینەکانی ئاسمـان هـەموو لـە خزمـەت ئەودان....؟؟!!

۞۞۞ ۞۞۞ ۞۞۞ ۞۞۞

بـە پێویسـتم زانـی ئـەم دەرفەتـە لـەکیس نـەدەم .... شـێخ رفعـت سورەتی مریەمی دەخوێند دیاربوو کاریگەری زۆری دەروونـی خسـتبوە سەر مستر پیتەر....

مستر پیتەر دوای ئەوەی قورئانەکەم بۆ ڕاڤەکرد:– سەرسام بوو.... خـۆیی و خێزانـی دانیـان بـەوەدانا کـە یەکـەم جـارە ئیسـلام بناسـن و هەڵوێستی ئیسلام لـە بـارەی حـەزرەتی مەسـیحەوە بـزانن.... تـا ئـەم چەند دەقیقەیەی پێشوو وامان دەزانی کە محمـد و ئاینەکـەی یەکـەمین دوژمنی مەسیحن....!!!!!

ئــەم تێگەیشــتنە هەڵەیــە بــۆ پــەیامی ئیســلام و پەیوەنــدی بــە مەسیحیەتەوە دیاردەیـەکی زۆر زەق و بـەربڵاوی کۆمـەڵگای ڕۆژئاوایـە. ئـەم دیاردەیـەش سـەرجەم دام و دەزگـا ئیسـلامیەکان بـەبێ جیـاوازی

تاوانبــار دەکــات .... بــەهۆی ئــەم کــورت بینیــە وە یــان نەزانیــەوە کەلێنێکی گەورە دروست بووە.... ئەمەش لەلایەن هەندێکەوە دەرفەتی لێوەرگیراوە چواردەوری بۆمـب ڕێـژ کـردووە.... ئەگـەر وانیـە.... ئـەم هەموو هەڵمەتی ڕق لە ئیسلام و موسوڵمانان بونەوە لە دنیادا لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە...؟؟

لــە ناوەڕاســتی ســەدەی ١٩ دا، خــەڵکی لوبنــان لــەپڕ کەسـێکیان لەبەردەمـدا قـوت بـۆوە کـە نـاوی ( الأب ماکسـیمیلیان ) بـوو.پیـاوێکی ئاینی بوو لە وڵاتی لیتوانیاوەهاتبوو، ئەم پیاوە هێشتا پێی نەخسـتبوە کەنارە وشکانیەکەی لوبنان هاواری لێبەرزبۆوە – وەك ئەوەی یوحـەننا مەکمــەدان بێــت هــاوار لــە دەشــت و چــۆڵ بکــات هــەروەك تــەورات دەیگێڕێتەوە.

خەڵکی لە دەوریان کۆبونەوە و پرسـیان – ئـەی بـاوکی چـاك چـیت دەوێت؟؟ کەچی ئەم ( باوکـە چـاکە ) داوای لـە مەسـیحیەکان کـرد کـە موســوڵمان بکــوژن و ژن و پیاویــان لەناوبــەرن، وە لوبنانیــان لێپــاك بکەنەوە.

لەسەرەتای سەدەی بیستدا خاتونێکی کاسۆلیکی لەشـاری تۆرنتـۆی ئیتاڵیـاوە بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـە گوایـە ئـەو –مریـەمی پـیرۆزی–

بینیوە وە پێی وتوە هەر ئیستا هەستە برۆ بۆ شاری –صور– لەناو شەقامێکی پاندا خانویەکی سپی لێیە لەبەر دەرگاکەشیا دارمێوێکی ترێ ی ڕەش هەیە.... بچۆ ژورەوە یەکەمین کەس کە دەرگاکەی لێکردیتەوە گولەبارانی بکە، هیچ نیگەرانیش مەبە، ئەم کارەی تۆ لە ئاسمانەوە پێت ڕاسپێردراوە، ئاسمان خۆی تۆی هەڵبژاردووە کە مەسیحیەت بڵاو بکەیتەوە.... ئیتر خاتوو –کامیلا کالا برێزە– بەرەو شاری ( صور ) بەڕێکەوت لە وی لە دەرگای ماڵەکەیدابە دەستدرێژی گولەی منداڵێکی بچوکی ٥ ساڵەی خەڵتانی خوێن کرد!!!!

کامیلای بکوژ بەوپەڕی بەختەوەریەوە بەرەو ئیتاڵیا گەڕایەوە.... ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێکرد.... وە ویژدانی خۆی ئاسودەکرد بەوەی منداڵێکە بێ تاوانی ٥ ساڵەی لە خوێندا گەوزاند!!!!

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

ئەوە چیە....؟؟ دەنگی کاتژمێری وێستگەکە بە ئاگای هێنامەوە کە کاتژمێر ١٠:٤٥ دەقیقەیە، خەڵکی ئێستا لەوێ چاوەڕوانی من دەکەن چونکە ڕۆژی ٥ شەممە پێم ڕاگەیاندبوون کە ئەمڕۆ لەگەڵیاندا درێژە بە قسەکانمان دەدەین، لە ڕاستیدا ئەو پیاوە ئەوەی لە بیربردمەوە کە من دەبێت لە کاتی دیاریکراودا لە مزگەوت و مەڵبەندی ئیسلامی

ئامـادەبم.... ئەگـەر زەنگەکـە نەبوایـە هـەروا خـەیاڵم ڕۆشـتبوو.... خێرابەرەو شەقامی ئەلیزابیس لەوێوە بۆ سیدی هێڵـز و پاشـان ڕێگـەی پڕ لە مەیخانە و قومارخانە، کارگەی مەی بەرهەم هێنان.... ئەم هەموو خانە خراپانە لە ڕوبەرێکی کـەمتر لـە نیـو کیلۆمـەتردا.... ئـیتر لێـرەوە دەگەیتە شەقامی کۆمنوێڵس کە مزگەوت و مەڵبەندی ئیسلامی تیادایە.

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

خـاتو فیکـی دڵنیـابوو لـە چـونم بۆیـە لـە دەرگـای مزگەوتەکـەدا وەستابوو.... هەرکە منی بینی پشتی لە من کرد و ڕوی کـردە ئەوانـەی ناوەوە کە ئامادەبن.... هەر کە لەسەر کورسیەکە دانیشتم و چاوێکم بە ئامادەبواندا گێڕا سەیرم کـرد هـەردو کەسـی جولەکە جوزیـف و دیفیـد دیارنـەبوون و ئامـادە نـەبوون، دیـارە مانـای وایـە گێمـی یەکـەمی دانیشتنەکەم بردۆتـەوە...؟؟ هـەردو کەسـە جولەکەکـە بـە شکسـتەوە گۆڕەپانەکەیان چۆڵ کردووە...؟؟

پرسـیاری یەکـەم لـە مسـتر گراهامـەوە بـوو... Graham... خـۆت دەزانیـت (مەسـیح ) لەگـەڵ کەسـدا شـەڕی نـەکردووە بگـرە هـەموو خراپەیـەکی بـە چـاکە وەڵام داوەتـەوە هەرچـەندە لـە هـەرە دوژمنەکانیشیەوە بێـت، کـام لـەم دوانـە دادپـەروەریان تیایـە، کامیـان

کاملٚترن. بانگەواز بە جیهاد و شەڕ یان بانگەواز بە خۆشەویستی و لێبوردەیی...؟؟

لە ڕاستیدا کەس نیە هاوڕای ئەوە نەبێت، کە شەڕ خراپە و پێویستە دور بخرێتەوە و هۆکارەکانی بنەبڕبکرێت.

ئیسلامیش وەك ئەوەی بۆم باسکردن ئەم پەنابردنە بەرچەکەی دوای ئەو هەموو هەوڵ و ماندوبونەدێت کە دەرگاکانی حیکمەت و لۆژیکی بەڕودا داخرا، هەرچی هەوڵدانە بۆ نەڕشتنی خوێن و ڕونەدانی شەڕگیرایەبەر، بەلاّم کەشەڕ هاتەبەر دەرگات ئەوا یەخەی گرتویت، ملهوڕ و ستەمکارانیش لەسەر زەوی شەڕیان مسۆگەرە بۆ لەناوبردنی دەستی زولّم و تاوانیان.

ئەو قسەیەش.... گوایە مەسیحیەت لەسەر خۆشەویستی و لێبوردەیی بنیادنراوە درۆیەکی گەورە و قسەیەکی بێ بناغەیە بگرە بە کردەوەش ناڕاستی دەردەکەوێت، ئەگەر لەگەڵماندابن دەزانن کە ئەمە درۆیەکی مێژوویە و بەس ئەوسا دەزانن ئیسلام لە بەرامبەر قەسابخانەکانیدا چەندە لێبوردەبووە، کە هەموو ئەو قەسابخانانە پلان و جێ بەجێ کردن و چاودێری کردنی بە ناوی مەسیح مەسیحیەتەوە بووە کە مێژوو لەو سەردەمانە تاریکتری بە خۆیەوە نەبینیوە....

هەروەها دەزانن کە ئاینێك نەیارانی خۆی بە زەبری هێز ناچار کردبێت کە بڕوای پێ بهێنێت ئەوا تەنیا مەسیحیەت بووە، ئیسلام نەك مەسیحیەت بڕیاری ئەوەی داوە کە کەس بەزۆر ناچار نەکرێت موسوڵمان ببێت.

لێرەدا.... بەدەست ئاماژەم بۆ نوسخەیەك لە کتێبی پیرۆز کرد پاشان لە ( سفر التثنية ) دەستم کرد بە خوێندنەوە، بڕگەکانیم بۆ ئامادەبوان دوبارە دەکردەوە.... کە لە شارێك نزیك بویتەوە بۆ ئەوەی جەنگیان لەگەڵ بکەیت بانگی بکە بۆ ڕێکەوتن.... ئەگەر ڕازیبون و دەرگاکانیان بۆ خستیتە سەر پشت ئەوا هەرچی تیایا لەدایك دەبێت بۆتۆیە دەبنە بەردەست و ئەگەر شەڕیان نەکرد و تەسلیم بوون دەبنە کۆیلە. ئەگەر بە ئاشتی لەگەڵت ڕێنەکەوتن و بگرە شەڕیان لەگەڵ کردیت ئەوا چواردەوریان بگرە.... ئەگەر خوا خستییە دەستی تۆوە.... ئەوا هەرچی نێرینەیانە بیاندەرە بەر شمشێر....

بەڵام ژن و منداڵ و ئاژەڵەکانیان و هەرچی لە شاردایە ئەوا دەسکەوت و غەنیمەی تۆن و بۆ خۆت.... ئاوا دەکەیت.... بەهەموو ئەو شارانەی لێت دوورن وە شارەکانی ئەو گەلانە کە خوا پێت دەبەخشێت ئەوا با گیانلەبەرێکی تیانەمێنێت، بە شمشێر لێیان

دەدرێت.... هەرچی کەل و پەلە لـە ناوەڕاسـتی شـاردا کۆدەکرێتـەوە و ئاگرین تێبەردەدرێت.... ئیتر ئەو شارە هیچی تیا بنیاد نانرێت!!!

– پـەیمانی کـۆن – ئامۆژگـاری شـەڕ ی ڕیشەکێشـکردن دەکـات. شـەڕێك کـە شـاری دوژمـن هـیچ مـرۆڤ و ئـاژەڵێکی زینـدووی تیـادا ناهێڵرێتەوە ئەو مەسیحیانە خاڵ بە خاڵ و بە وردی ئەمانەیان جێبەجێ کردووە، وە لەمەوە ڕێڕەوی مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنانی بیر و بـاوەڕی خۆیان دیاریکردووە. ئەوان ئەو خوێنڕێژییەی کە دەیکەن وە نەبێت کـە بە تاوانی بزانن بەڵکو بە قوربانیەکی دەزانن کە خۆیانی پێ لە خوا نزیك دەکەنەوە....

لە إصحاح ٦ – سفر شـیوع – دا دەڵێـت (لـە جـاری حەوتەمـدا، کـە کاهینـەکان شـەیپوریان لێـدا، یەشـوع بـە خـەڵکی وت: هوتـاف بکێشـن چونکە خوا ئەو شارەی پێبەخشیون کەواتە هەرچـی لـەو شـارەدایە.... خەڵکی کـە گوێیـان لـەو شـەیپورەبوو بـە دەنگـی بـەرز هاواریـان کـرد، دیوارەکان لە ئاست خۆیان ڕوخان خـەڵکی بەشـار هەڵگـەڕان و شـاریان گرت هەرچی لە شاردا بوو لە پیاو و ئافرەت کوژران پیر و منداڵ کوژران تەنانەت مانگا و مەڕ و کەرەکانیشیان.بەزەبری شمشێر شاریان بـەوەی کە تیایدا بوو ئاگر تێبەردا).

لە إصحاحی هەشتەمدا (خوابـە یشـوعی ووت: ئـەو تـیرەی دەسـتت بەرەو ( عای ) بهاوێژە چونکە من بە دەستی تۆ تێیان دەگرم — یشـوع —یـش تیرەکـەی دەسـتی ئاڕاسـتەی شـارەکە کـرد. ئەوانـەی لـە بۆسەدابوون خێرا ڕایان کرد کە زانیان ئەم دەیهاوێژێت خێـرا چـونە نـاو شار و خێرا هەرچی بوو بردیان و شاریان ئاگر تێبەردا. کاتێـك — یشـوع —وە سەرجەم ئیسرائیلیەکان بۆسەکەیان بینی کە شارەکەیان گرت. وە دوکەڵ لە شار بەرزبۆوە کەوتە لێدانی پیاوانی ( عـای ) ئەوانـە لـە شـار دەرکەوتن ئەمانیش لە دەرەوە، هەندێکی تر کەوتنە لێدانیان تـا قڕیـان تێخسـتن. پاشـای ( عـای ) بەزینـدویی برایـە بـەردەم — یشـوع. کـە ئیسرائیل لە کوشتنی سەرجەم دانیشتوانی — عای — بۆوە لـە کێڵگـە و لە وشکانی، دوایان کـەوتن هـەمویان بـەزەبری شمشـێر قڕکـرد. هـەموو ئیسرائیلیەکان گەڕانەوە بۆ ( عای ) بەزەبری شمشێر کەوتنە لێـدانیان. هەموو ئەوانەی ئەو ڕۆژە کـوژران لە پیاوان و ژنان دوانزە هەزار کەسی ( عای ) بوون.

لە إصحاح ی دەدا (یشوع و هەموو ئیسرائیلیەکان لـە – لەخیشـیاوە بەرەو عجلونا — پەڕینەوە دابەزینە ناوی و کەوتنە شەڕکردنیان هەر ئەو ڕۆژە ژێر دەستیان خست و بەزەبری شمشێر کەوتنـە گیانیـان، هەرچـی تیایابوو کوژران....

(یشوع کەوتنە لێدانی شاخ نشینان، باشور دەشت و دۆڵەکان، هەموو پاشاکانیان، کەسی لێ بەجێ نەهێڵرا، هەرچی تیابوو لە زیندەوەر هەر وەکو ئەوەی کە خوا فەرمانی کردبوو کوژرا).

لە ( إصحاح )ی یانزەدا. (یشوع لەو کاتەدا گەڕایەوە، بۆ – حاصور – بە شمشێر کەوتە لێدانی پاشاکەی، لەبەرئەوەی – حاصور – ئیتر شوێنی سەرانی مەمالیك بوو، بەزەبری شمشێر کەوتنە لێدانیان، کوشتیانن، کەسی تیانەما –حاصور – یان ئاگرتێبەردا یشوع هەموو شارەکانی گرت و هەموو پاشاکانی یەخسیر کرد، بەزبری شمشێر کەوتە لێدانیان، وەك ئەوەی – موسی – بەندە فەرمانی پێکرابوو کوژران.

ئەم ڕێنما خواییانە!!! لە ڕوانگەی جولەکەو مەسیحییەکانەوە بناغەی پەیوەندی نێوان باوەڕداران و نەیارەکانیانە.... ئەمە ئەو کاولکارییەیە کە لاشەی باوك لە پەنا لاشەی ڕۆڵەو هاوسەرەکەیدا دەخات.... پاشان خانووەکەیان بەسەردا دەڕوخێنێت. ئەمە ئەو بنەمایانەیە ئەو ڕینوماییانەیە کە پیاوانێکی لێبەرهەم هاتووە، زۆر بێ شەرمانە دەڵێن ئیسلام بە شمشێر بڵاوبۆتەوە؟؟!!!

کەسی کینە لە دڵ کە شەیدای خوێن ڕشتن بێت ئەوا تۆمەت هەڵبەستنی بۆ ئیسلام زۆر بەلاوە ئاسانە. ئەوان کەمینەیەکی کەمی نەیارانی خۆیان لەناوبرد وە ڕیشەکێش کرد. هەرچی پیلان و ناحەزییە

بەرامبەریان کردن کەچی دوایی نکوڵییان لێکرد، سەرەڕای ئەمەش لەڕوویان دێت بە خوێن ساردییەوە ئیسلام بەوە تاوانبار بکەن کە بە شمشێر بڵاوبۆتەوە ؟؟!!!

پرسیارێك لە خاتو کریستن و خاتو ئەلیسەوە: ئەوەی تۆ باستکرد تایبەت بوو بە پێغەمبەرانی ( پەیمانی کۆن ) تەورات. مەسیحیەت چی پەیوەندی بەوانەوە هەیە یان بڵێ خوێنی ئەوان لە ئەستۆی مەسیح نیە ؟

بەخاتوو ئەلیس و کریستینم ووت: ئێمەی موسوڵمان لەگەڵ ئەو ڕایەی ئێوەدا نین.... کتێبی پیرۆز یەك پارچەیەو بەش بەش ناکرێت، خۆشتان باش دەزانن باوەڕی مەسیحی جیاوازی ناکات لە نێوان هەردوو بەشی ( تورات و ئینجیل ) یان بڵێین پەیمانی کۆن و نوێ. حەزرەتی مەسیحیش خۆی وا دەڵێت کە ئەو نەهاتووە ڕێساکە هەڵبوەشێنێتەوە بەڵکو هاتووە تەواوی بکات.... مەسیحیەکان بە هەموو تایەفە و مەزهەبە جیاوازەکانیانەوە ئەوا پەیمانی کۆن و نوێ لە یەك کتێبدا چاپ دەکەن.... ئەگەر ئێستا هەریەکێك لە ئێوە بچێتە کەنیسەیەکەوە.... پرسیار لە هەر قەشە و ڕاهیبەیەك بکات، پەیوەندی نێوان پەیمانی کۆن و نوێ ( تەورات و ئینجیل ) چیە ؟ ئەوا وەڵامی جیاواز لەیەکتری دەستناکەوێ وە هەموو لایەك دەڵێن یەك شتی پیرۆزە. وە باوەڕ نەبون

بە هەر شتێك لەو دوو كتێبە لە هەرلایەكەوە بێت ئەوا هەموویان بە بێباوەڕی دەدرێنە قەڵەم. من بریكاری كەنیسە نیم تا دە وەسیەتەكەتان پێبناسێنم. هەروەها —كاهین— یش نیم تا مەوعیزەكەی مەسیحی سەر شاخەكەتان بە گوێدا بدەم. من موسوڵمانم دەزانم ئاینەكەم چی دەڵێت منیش لە ڕوانگەی ئەوەوە قسەتان بۆ دەكەم.

ئەگەر هەردوو خاتوونی بەڕێز كریستن و ئەلیس سووربن لەسەر بۆچونی خۆیان كە نەیاری ئەوەن ئەم باسە لە پەیامی نوێدا (ئینجیل) هەبێت، ئەوا دەبێت. بڵێم دەبێت هەردووكیان ئەوەنە سنگ فراوانبن كە بتوانن ئەمەم لێوەربگرن كە ئەوەی لە پەیمانی نوێدا (ئینجیل) هەیە لەبارەی پەنا بردنە بەر شمشێر مێژووی پڕا و پڕ لە جەنگ و خوێن و توندوتیژی.... بخەمە ڕوو!!!

هەر لەم بارەیەوە دەقی حەزرەتی مەسیح هەیە كە دەڵێت (وا نەزانن من هاتوم ئاشتی لەسەر زەوی بڵاو بكەمەوە.... من بۆ ئاشتی بڵاو كردنەوە نەهاتوم بەڵكو بۆ شمشێر، من بۆ ئەوە هاتووم كە مرۆڤ لە باوك بكەم وە كچ لە دایك بكەم وە بوك و خەسو لە یەك بكەم. دوژمنانی مرۆڤ كەسەكانی خۆیەتی ئەوەی دایك و باوكی لە من خۆشترویست ئەوا شایەنی من نیە.

ئەوەی خاچ هەڵدەگرێت و دوام دەکەوێت ئەوە شایەنی مـن نیـە.... ئەوەی ژیانی بدۆزێتەوە ونی دەکات.... ئەوەی ژیانی ونکرد لە پێناومدا ئەوا دەیدۆزێتەوە ئەوەی ئێوەی بوێت منیشی بوێت ئەوەی دەوێـت کـە ناردوومی. متی ١٠١ – ٣٤ – ٤٠).

پرسیارێك لە ( مستەر جۆن )ەوە. John: بەڵام خۆت باش دەزانـی کـە مەسـیح شـەڕی نـەکردووە و نەجـەنگاوە. وە بـەردەوام قوتـابی و شوێنکەوتوانی هان دەدا بۆ لێبوردەیی و لێخۆش بوون...؟؟

֍֍֍ ֍֍֍ ֍֍֍ ֍֍֍

بە ( مستەر جۆن )م ووت: ئەوەی کە حەزرەتی مەسـیح نەجـەنگاوە و شـەڕی نـەکردووە ڕای منـیش هـەر ئەوەیـە، وەئـەوەی کـە بـەردەوام داوای لە قوتابی و شوێنکەوتوانی کردووە کە لێبـوردە و لێخۆشـبوو بـن زۆر تەواوە. بەڵام بابزانیت ئەوە تەنها و بەتەنها حـەزرەتی مەسـیح نیـە کە ئاوا دەڵێت بەڵکو پێغەمبەران هـەموویان بانگـەوازی ئـەم ڕێگەیـەیان کـردووە، هـەموو پێغەمبـەران ئەمـەیان کـردووە، پێغەمبـەرێك لــە پێغەمبەران نیە کە ڕێگە چارەی لێبـوردەیی و لێخۆشـبونیان نەگرتبێتـە بـەر.... بـەڵام لـە کۆتایـدا.... ڕووبەڕووبونـەوە هاتۆتـە گۆڕ....ململانـێ لەگەڵ هەق و ناهەق، ئەگەر حـەزرەتی مەسـیح نەجـەنگابێت.... لەبـەر

ئەوەیە کە ژیانێکی کورتی بەسەر برد.... ئەوەندە نەژیا کە ببینێت مەسیحیەت میر و میرنشینی هەبێت. بانگەشەکردن بۆ لێبوردەیی زادەی سەردەمی کەمی و کەمدەستی و لاوازی بووە. ئەگەر مەسیح زیاتر بژیایە ئەوا هەرگیز بەوە ڕازی نەدەبوو کە باتڵ و ناهەقی کەرامەتی هەق و ڕاستی بڕوشێنێت، وە نەیدەهێشت زوڵم لەیەك تاکە کەسیش بکرێت.

مێژوو نوسانی مێژووی مەسیحیەت دەڵێن: لەیەکەم ساتی دەسەڵات وەرگرتنی کەنیسەوە – لە سەردەمی قسطنطین. چەمکی زەبر و زەنگی گشتی هاتە ئاراوە. ١٠ سەدەی قورس و گرانی پێ چوو. کە تیایدا عەقڵ و دڵ کۆت و بەند کران جولەکە و بت پەرستەکان زۆریان بەدەستەوە ناڵاند.... قسطنطین – هەوڵی دا سنورێك بۆ خراپەکاریەکان دابنێت فەرمانێکی دەکرد، کە هەر جولەکەیەك نەهێڵێت کەسێك ببێت بە مەسیحی دەبێت بسوتێرێت، وەهەر مەسیحیەکیش ببوایە بە جولەکە سزا دەدرا.... پاشان سزادانەکەیان گۆڕی بۆ دەستبەسەراگرتنی ماڵ و سامانی ئەگەر پیاوێکی جولەکە لەگەڵ ژنێکی مەسیحی هاوسەرگیری بکردایە ئەو لە سێدارە دەدرا. وە دەڵێ {تسطریۆس} کە بە تریاکی قسطنطیة بوو لەبەردەم ئیمپراتۆردا

پەردەی لەسەر بیرو باوەڕی خۆی لابرد، ئەمەش کاتێك بـە ئیمپراتـۆری ووت: دنیایـەکم بـدەرێ کـە لـە بـێ بـاوەڕان پـاك کرابێتـەوە، ئـەوا مـن بەهەشتی نەبڕاوەت پێدەدەم...!!

پاشان یاسابەندی لەسێدارەدان و سیستمی لـەنێوبردن هاتـە پـێش. (تۆوبۆسـۆس) لـەکۆتایی سـەدەی چـوارەمدا کۆمـەڵێك یاسـای تونـدی دەرکرد کە ٦٦ مادە بوو دژ بـەبێ بڕوایـی بـوو. لـەپاڵ ئەمەشـدا چـەند بەندێکی تر بۆ ڕیشەکێشکردن بێ بڕوایی. بەرەنگار بونەی جولەکایەتی. یاخی بوون لە یاسای دەوڵەت و سیحر بازی و لەم جۆرە بابەتانە....

دەستورەکە ئەوەی تیـابوو کـە فەرمانبـەری دەولـەت نابێـت لـە بـت پەرستەکان بێت و دەبێت دوربخرێنەوە و پەرستگا و پەرستنیان یاسـاغ دەکرێـت، وێنـەو پەرستگاکانیشـیان دەشـکێنرێت تێـك دەدرێـت. لەسەرەتای سەدەی پێنجەمدا قەشە (ئۆگستین) دەرکەوت کە پیـاوێکی دڵڕەق و بێبەزەیی بـوو. ژیـانی یـەك پارچـە ئـازار و ناڕەحـەتی بـوو بـۆ نەیارانی مەسیحیەت و ئەوانەی حەزیان بە مەسـیحیەت نـەبوو. ئـەمیش لای خۆیەوە بزاقی سەرکوت کردنی هێندەی تر پەرە پێدا وە وێنەیـەکی خراپـی بـۆ دوای خـۆی جێهێشـت لـە سـەرکوت و دڕندایـەتی کردنـی نـەیارانی، هاوکـاتی ئـەم کـارەی بڕیاریـدا ئـەوەی بێباوەڕبێـت دەبێـت دووربخرێتەوە و جەڵدبکرێت غەرامەبکرێت.

وە دەستورێکی بۆ کەنیسە دانا کە دەبێت بۆ سەرکوتکردنی هەموو جوڵانەوەیەکی – بێ باوەڕی – پێوەی پابەند بێت.... و ( ئۆگستین ) رای وایە کە ئەم ڕایەش لە کتێبی پیرۆز و باوەڕبوون بە ڕزگارکەر وەدەست هێناوە کە سزادانی بێ باوەڕان بەڵگەی بەزەیی هاتنەوەیە پیایاندا و شایەنی بەزەییە، چونکە ئەم سزادانە لە ئاگری هەمیشەیی ڕزگاریان دەکات کە بۆ هەموو یاخی بویەك لە مەسیحی دانراوە).

(بێ باوەڕی لە کتێبی پیرۆزدا وەك فاسق بوون و پشت کردن لە ئاین و بت پەرستی نیە. بەڵکو خراپترین جۆری کوشتنە، لەبەر ئەوەی گیان دەکوژرێت ،دادپەروەری وایە کە خەڵکەکە بە هاوشێوەی گوناهەکەیان سزا بدرێت. جا ئەگەر ( ئنجیل ) ئەوەی تیایا نەبێت کە هێز بۆ بڵاوکردنەوەی ئاین بەکاربهێنرێت ئەوا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەلەو سەردەمەدا هیچ پاشا و میرێك نەبونە مەسیحی تا خەڵکی لە خۆی کۆبکاتەوە و لە ژێر ئاڵایدا بجەنگن).

( ئۆگستین ) ئاوا ڕای خۆی دەربڕێت واتە بەلای ئەوەوە مەسیحیەت بۆیە هێزی بەکارنەهێناوە لەبەرئەوەی نەیبووە، هیچ ئامرازێکی جەنگیان نەبوو، خۆ ئەگەر بیان بوایە ئەوا هیچ درێغییەکیان نەدەکرد.

ئەم ( قدیسە ) گەورەیە وا بەڵگە لە کتێبی پیرۆز دەردەهێنێت. دەڵێت لە پەیمانی کۆندا ( الیشع ) خۆی بە دەستی خۆی پەیامبەرەکانی (بعل) سەربڕی؟؟ هەر – حزقیال – و – یوشع – نەبون دوای یاخیبوونی ( بەختو نەسر ) یان تێك نەشکاند.

شوێنکەوتوانی چەوساندنەوە لە نموونەی – ئۆگستین – پشتیان بە چەند ئایەتێك بەستووە کە لە ئنجیلدایە، وەك قسەکانی مەسیح کە ئاراستەی حەوارییەکانی کردووە: (ناچاریان بکەن کە ئاینی ئێوە قبوڵ بکەن) وە (وانەزانن من هاتوم بۆ ئەوەی ئاشتی بڵاوبکەمەوە لەسەر زەوی. من بۆ ئاشتی نەهاتووم – بۆ شمشێر هاتووم. من هاتوم کوڕو باوك لەیەك بکەم کچ لەدایك بکەم. بوك و خەسو لەیەك بکەم، دوژمنانی مرۆڤیش کەسانی خانەوادەی خۆیەتی).

ئەم قسانە لە مێژووی مەسیحیەتدا دەسەڵاتداربون، هەر ئەمانەش هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ ڕەنگرێژی مەسیحیەت بوون.... بەڵام قسەی ئەوەی گوایە (هەرکەس زلەی لەلای ڕاستدا لای چەپیشی بدەرێ بالێت بدات) قسەیەکە مەسیحیەکان خۆیان بۆ خۆیان ڕۆژێك لەگەڵ یەکدا پیادەیان نەکردووە تا ئەوەی سەعاتێك لەگەڵ دوژمنەکانیان پیادەی بکەن....

ئەرێ ڕەشەکوژیەکەی – پاریس – تان بیستووە....؟؟؟

چارلسی نۆهەم ویستی ئارامی و ئاسایش لە وڵاتدا بەرقەرار بکات بۆیە کەوتە دەستەمۆکردن و خۆنزیکردنەوە لە – هۆگۆنۆت – سەرکردەکانی لە خۆی نزیك کردەوە، ئەم بزاڤە بە بەشودانی خوشکەکەی بەسەرکردەیی – هۆگۆنۆت – کۆتایی پێ هات. ئەمەش کاسۆلیکیەکانی تووڕەکرد. لەشەوی زەماوەندا پەیتا پەیتا – هۆگۆنۆت – هاتنە ناو پاریسەوە، تەقە لە سەرکردەکەیان کرا، ئەویش ویستی دەست لە تەقەکەران بوەشێنێت،کاسۆلیکیەکان لەوە ترسان، بۆیە بڕیاریاندا کە جەژنی قدیس – بارسیلمۆ – لە ٢٤/ أغسطس / ١٥٧٢ بکەنە قەسابخانەو نەیارانی لەناوبەرن.

لە نیوەی شەودا کەنیسەی – سان جەرمان – زەنگی لێدا ئەمەش بۆ ئامادەبوون لە دەستکردن بە هەڵمەتی کوشتو بڕین بوو،ئیتر گەورە پیاوانی کاسۆلیك و پاسەوانی پادشا و خەڵکێکی زۆر ڕۆژانە ناو ئەو هوتێل و ماڵانەی کە – هۆگۆنۆت – یان تیایا بوو. هەرچی بەردەست دەکەوت سەر بڕدرا. کە بەیانی ڕۆژ بۆوە شەقامەکانی پاریس بە خوێنی دوو هەزار کەس سور بوو بوو. خەبەر و باسی ئەم کوشتارگەیە گەیشتە هەرێمەکانی تر ئەمیش بەدوای خۆیدا هەشت هەزار قوربانی تری

لێکەوتەوە. بەڵکو هەندێك دەڵێن. لە درێژەی ئەم قوربانیە بیست و ئەوەندە هەزار کەسی تر لە خوێندا گەوزان. ئەو کوشتو بڕە لە ناو ئەورووپای مەسیحی کاسۆلیك جێگای ڕەزامەندی و قەبوڵ بوون بوو. — فلیپ — ی دووەم کە ئەم هەواڵەی بیست یەکجار دڵخۆش بوو. چارلسی نۆیەم، پەیتا پەیتا پیرۆزبایی بۆ دەهات....

پاپا ( گریگۆر )ی ١٣ لە خۆشیاندا خەریك بوو باڵ بگرێت...، هەر بۆ ئەمەش فەرمانی دەرکرد کە میدالیای تایبەت بەو یادە دروست بکرێت و بەسەر کەسە بەرچاوەکانی گەلدا دابەش بکرێت وە لەسەر ئەم مەدالیایە وێنەی خۆی و لەلاکەی تر وێنەی پاشای تیابوو کەبە شمشێر لە گە ردنی بێباوە ڕانی دەدا!!!! و ئەم مەدالیایە لێی نوسرابوو — لەسێدارەدانی بێ باوەڕان—.

وە شان بە شانی ئەمە پاپا فەرمانی دا کە تۆپ بتەقێندرێت و — قداس— لە کەنیسەدابکرێت، وە داوای لە هونەرمەندەکان کرد کەلەسەر دیواری ڤاتیکان وێنەی ئەو کوشت و بڕە بکێشن. وە پیرۆز بایی تایبەتی نارد بۆ چارلسی نۆیەم.

( بریفۆلت ) پێی وایە لای مێژوو نوسان ژمارەی کوژراوانی دەستی بڵاوبونەوەی مەسیحیەت لە ئەورووپادا ٧ ملیۆن لانی کەم بۆ ١٥ ملیۆن

کەس مەزەندە دەکرێت. ئـەم ژمارەیـەش ژمارەیـەکی یـەکجار گـەورەی ئەو ژمارە کەمەی ئەوروپایە. ئەم کوشتوبڕەی کە مەسـیحییەکان دژ بـە نەیارانیان ئەنجامیان داوە هەمووی سەنەدو پشتگیری لە تەوراتدا هەبوو کە بەرامبەر ئەو بێباوەڕانە دەڵێت: پەرستگاکانیان بڕوخێنن، پایـەکانی بخەنە ناو ئاگرەوە. هەموو وێنەکان بسوتێنن.... هەروەك تەورات داوای دەکرد دوای گرتنی هەموو شارێك دەبێت بسـوتێنرێت و هەرچـی پیـاو و ژن و منداڵیشە بکوژرێن. وە ئەوانەی ئەم کارەیان ئـەنجام دەدا کـە بـەم کارەیان زیاتر لـە خـوا نزیـك ببنـەوە و دەیـانگوت ئـەوان ئـەم کـارە بـە ئیرادەی خوا ئەنجام دەدەن. وە تاڵاوێك دەکەن بـە قـوڕگی نەیارانیانـدا کە ڕۆژی دوایی تاڵاوێکی گەورە تر چاوەڕێیانە وە ئـەم قسـەیە لەلایـەن شاژنە – ماری – کاسۆلیکی بەریتانی لە سەدەی ١٦ دا ئاوا گوزارشـتی لێـدرا. لەبــەر ئــەوەی گیــانی کــافران بەبــەردەوامی لــە دۆزەخــدا دەسوتێنرێت، کەواتە هـیچ لـەوە شـەرعیتر نیـە کـە لـە دنیـادا تۆڵـەیان لێبکرێتەوە و لەسەر زەوی لاشەکەیان بسوتێنرێت.

ئەوەی کەوا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کاتێك کە پرۆتسـتانتەکان هێـز و دەســـەڵاتیان پەیــدا کــرد هـــەمان شـــتیان دژ بـــە کاســـۆلیکیەکان دووبارەکردەوە بەشێوەیەك هیچ لە وەحشیگەری ئەوان کەمتر نەبوو.

لۆسەر بە شوێنکەوتوانی دەڵێت: ئەوەی ئەتوانێت بکوژێت با بکوژێت.... بابخنکێنێت.... بابە ئاشکراو نەهێنی سەر ببڕن!!! هەرچی بۆتان گونجا بکوژن و سەرببڕن...!!!

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

مەبەستی باڵای مەسیحیەت وەك هەر ئایدۆلۆژیایەکی تر ئەوە بووە کە دنیایەکی نوێ بهێنێتە ئاراوە کە جگە لە باوەڕدارانی خۆی کەسی تر جێگای تیایا نەبێتەوە.

باوەڕبوون بە مەسیحیەت مەرجێکی گەورە و سەرەکی بوو بۆ ئەوەی تاك ببێتە ئەندامی کۆمەڵگا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وە پێویست بو تاك بۆئەوەی ببێتە هاوڵاتی دەبێت ببێتە مەسیحی.

هەر لەبەر ئەمەش بت پەرست و جولەکە و موسوڵمان خرانە دەرەوەی کۆمەڵگا. واتە چاوەڕێی مەرگیان دەکرد کەی بگاتە لایان.... یان لەپڕ بەسەریاندابدا...!!!

بێدەنگی بەسەرماندا زاڵ بوو، سەیرم کرد ئامادەبوان سەیری یەکترییان دەکرد –بڵێی چی بێت– پەردە لادان لەسەر ناهەقیەکان بێدەنگی کردبن؟؟ یان ئەوەیە حەز دەکەن پشویەك بدەن؟ یان ئەوەبێت مەسەلەکە هەستیارە؟ یان ئەوەتا ئەمانە هەموویەتی بۆیە

تارمایی خۆی لەسەر ڕوخساری ئامادەبوان جێ هێشت و وای لێکردن کپ و بێدەنگ بن؟

بانگی خزمەتگوزارەکەم کرد کە قاوەیەك، نیسکافەیەکی گەرممان بۆ بهێنێت.... ئەم بانگ کردنەی من ئەوانی لەو دۆخە بێدەنگیە ڕزگار کرد و بووەکلیلی ڕەواندنەوەی خەم و تەمی ڕوخساریان. ئیتر بە ڕوخۆشیەوە کەوتنە قسە و باس لەگەڵ یەکتر...!!!

نیو کاتژمێر تێپەڕی هەروەك ئەوەی خولەکێك بووبێت.... ئیتر خەڵکەکە هاتنەوە دانیشتن و بێدەنگ بوون، چاوەڕێ بوون بزانن دیسان پەردە لەسەر چ ڕاستیەکی تر لا دەدرێت.

بە مستەر ئەندرۆم ووت: ئایا هیچت لەبارەی ئیسلامەوە خوێندۆتەوە، ئەم خوێندنەوانە پێویستن تا قسە و وتووێژەکەمان بەرهەم دار و بە ئامانج بێت....

بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا.... وەڵامەکەی ئەوبوو.... چونکە هەموو ئەوەی کە ئەندرۆ و هاوڕێکانی لە بارەی ئیسلامەوە دەیانزانی ئەوە بوو کە ئیسلام.... ئەفسانەیە.... هەروەك لایان وابوو کە ئیسلام ئاینێکی کاتی بووە وە ئەوان لای خۆیان وا وێنای پێغەمبەر(ﷺ) یان کردبوو کە زەوق و هەستی هیچ کەسێکی مەدەنی خواز قبوڵی

نـەدەکرد.... دیـارە کـە ئەمــەش کــاری کەنیســەیەو درۆ و بوختــانی مژدەدەران و ناحەزانێکی ئیسلامە کە هەرچـی کـەمو کـورتی ئـەملا و لا هەیە دەیانەوێت بە زۆر بیلکێنن بە ئیسلامەوە ! !

ڕووم کردە مستەر ئەندرۆ و هاوڕێکانی ووتم: بەهەر حاڵ ئێوە بوونـە قوربانی....قوربانی دەستی ساختە و گزیکار و چەواشە کارانێك کە زیاد لە ١٤٠٠ساڵە خەریکی فریودانتانن

ئێمـەی موسـوڵمان بڕوامـان وایـە.... کـە خـوا تـاك و تەنهایـە و بـێ هاوەڵە نە لە کەس بووە و نە کەسی لێـدەبێت. لەمـەوە ئیسـلام لەگـەڵ مەسیحیەت لە دوو خاڵدا جیاوازی هەیە:

أ- ئینکاری کردنی ئەوەی کە خوای گەورە مندالًی هەبێت.

ب- ئینکـاری کردنـی ئـەوەی کـە خـوای گـەورە هاوبەشـی هـەبیت لـە موڵکدا....بۆیە ئێمە لامان وایە سێکوچکە پەرستی، هاوبەش دانانـە بـۆ خواو بۆ هەتا هەتایە لە لامان قەبوڵ نیە.

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

هەروەها ئێمـەی موسـوڵمان باوەڕمـان بـە هـەموو ئـەو پێغەمبەرانـە هەیە کـە پـێش پێغەمبـەر (ﷺ) هـاتوون بـاوەڕ بـە ابـراهیم و موسـی و حــەزرەتی مەســیح ی کــوڕی مەریــەم دەکــەین، وە باوەڕمــان وایــە

باوەڕکردنمان بە هەریەکە لە پێغەمبەرانی پێشوو وەك باوەڕ کردنە بە پێغەمبەر (ﷺ) وە ئینکاری کردنی پێغەمبەرایەتی هەریەکە لەو پێغەمبەرانە لە هەمان کاتدا ئینکار ی کردنی پێغەمبەرایەتی محمد(ﷺ)ە. ئێمە وەك جولەکەکان نین ئینکاری هاتنی حەزرەتی مەسیح بکەین، وە وەك مەسیحیەکانیش نین ئینکاری پێغەمبەرایەتی محمد(ﷺ) بکەین،ئیسلام پەیامێکی هەمەلایەنە بۆ هەموو پێغەمبەرانی پێشوو.... هەروەها ئێمە باوەڕمان بە هەموو کتێبە ئاسمانیەکان هەیە کە لە لایەن خواوە نێردراون.... بڕوامان بە تەوراتە ڕاستەقینەکە هەیە کە لە لایەن خواوە هاتۆتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر موسی (علیە السلام) هەروەك بروامان بە ئنجیلە ئەسڵیەکەش هەیە کە بۆ حەزرەتی عیسا (علیە السلام) دابەزیوە. باوەڕمان بەو دوو کتێبە وەك و باوەڕمانە بە قورئان کە بۆ پێغەمبەر محمد هاتۆتە خوارەوە قورئانی پیرۆز هەموو ئەمانەی لە ئایەتێکدا کۆکردۆتەوە

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦ﴾ البقره ٢٨٥.

دەنگە دەنگ: ئەمە یەکەمجارە ئە م باسە دەبیستین.

مستەر گراهام: بەڕێزان بێدەنگی....

پاشان ووتم: ئایا ئیوە لـە ئنجیلێکتانـدا _اصحاح_ێکتـان هەیـە کـە تایبەت بێت بە مریم؟ دەزانم وەڵامەکەتان نـەخێرە هـەرگیز شـتی وا لـە ئنجیلدا نییە.... بەڵام قورئان کاتێـك لـەبارەی مریەمـەوە قسـە دەکـات هەسـت و سـۆز دەهـەژێنێت، وە ئـەوی لەسـەرجەم ئافرەتـانی تـر جیـا کردۆتەوە بەوە ی کە سورەتێکی بەناوی ئەو خانمە پـاك داوێنـەوە نـاو ناوە.

بەڵام لەگەڵ هـەموو ئەمانەشـدا جیهـانی مەسـیحیەت بـۆ سـاتێکیش ئارام نەبووە، بۆ یەك جاریش لەوە غافڵ نەبووە کـە شمشـێر بـۆ ڕیشـە کـێش کردنـی موسـوڵمانان نەخاتـە گـەڕ لـە هـەموو شـوێنێکی زەوی نەکەوێتە تەنگ پیٚ هەڵچنین و کۆسـپ دانـان لـە بەربانگـەوازێتی کـاری ئیسلامی. ئایا لە بارەی (بطرس الناسـك) وە (پاپـا ئۆریانوسـی) ڕەشـە کوژ هیچتان بیستووە؟؟!!! ئەم دوو پیاوە چەخماخەی شـەڕێکیان دژ بە ئیسلام هەڵگیرساند کە چـەندین سـەدە درێـژەی کێشـا جیهـانی ئـەو سەردەمە وەیشومەی شەڕو نەهامەتی باڵی بەسەردا کێشا....

ئەم شەڕەی فەڕەنگیـەکان هەڵیانگیرسـاند دژ بـە موسـوڵمانەکان لـە سـەدەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ لـە ڕووکەشـدا بەوناوەوەبوگوایـە بـۆ ڕزگـار کردنـی حاجیـە مەسـیحیەکانە وەك بطـرس الناسـك وتـی: کـە لەلایـەن

موسولمانەکانەوە کۆت و بەند کراون وە سوکایەتی بە گۆڕی مەسیح دەکەن وە بەوپەڕی زەلیلی و داماوی مامەڵە لەگەڵ مەسیحیەکان دەکەن وەڕووی دەرەوەی ئەم شەڕە وەك پاپا ئۆریانوس ی دووەم لە گوتاری بانگەشەی خۆی لە شاری کیلرمۆرت ی فەرەنسا لە ساڵی ١٠٩٥ ئاراستەی کرد ووتی: ئەم شەڕە بۆ تۆڵەسەندنەوە نی یە لەو سوکایەتیی پێکردنەی ئاراستەی مرۆڤ کراوە بەڵکو بۆ ئەو سوکایەتی پێکردنەیە کە کافرە موسوڵمانەکان ئاراستەی خوایان کردووە.....؟!

بەڵام روی ناوەوەی ئەم شەڕە کە پاپاش نەی توانی بیشارێتەوە هەروەك لەو گوتارەی پێشتر باسکرا ئاماژەی پێداوە (ئەم شەڕە بۆ دەست خستنی تاقە شارێك نیە،بەڵکو بۆ بەدەست خستنی ناوچەکانی ئاسیاو هەموویەتی بەسەرجەم پیت و فەرپیەوە کە لە بژاردن نایەت، ئیتر حەج کردنی ( بیت المقدس ) تان دەست دەکەوێت. وە زەوی پیرۆز ڕزگار بکەن لە دەستبەسەردا گەرانی دا ئێوە بۆ خۆتانی گل بدەنەوە وە با بۆ ئەو کافرە موسوڵمانانە نەبێت. ئەم زەویە هەروەك تەورات ئاماژەی پێدەکات ڕۆن و هەنگوینی لیّ دەچۆڕێت).

پاپا بۆ ئەم کارە بیر تیژی خۆی خستە کار بۆیە چەندین ئامرازی فریو دانی گرتە بەر تا چاو چنۆکیەکەی تێر بکات بۆ یە جاڕی دا

هەرکەسێك بەشداری ئەم شەڕە بێت ئەوا لەگوناهـەکانی خـۆش بـووە و پابۆتەوە وە دەچێتە ژێر چـاو دێـری کەنیسـە و مـاڵ و منـداڵ و کەسـو کاری لە ژێر چاوەدێری کەنیسەدا دەبێت وە هەموو هیلاکی و وە مانـدو بوونیەکی شەڕ و مەترسیەکانی شەڕجگە لە لێخۆشبوون و پاکبونەوە لە گوناه نەبێت هیچیتر نیە ! !

ئەمە سـەرەڕای ئـەو قسـە سـۆز گەرانـەی کـە بـەردەوام دیگوتـەوە: (ئـەی سـەربازە مەسـیحیەکان ئێـوە لـە خوتـو خـۆڕایی لـەناو یـەکتردا خەریکی شەڕو ئاژاوە نانەوە بوون،بە ئاگاببنەوە.. ئەوا ئـەمڕۆ هۆکـاری سەرەکی شەڕکردنتان بۆ هاتۆتە پێش، ئێوە خۆتان هاوڵاتیـانی خۆتـان بێزار کردبوو ئێستا بڕۆن بە بەربەرەکانێکردن موسوڵمانەکان بێزار بکەن بڕۆن خاکی پیرۆز لە کـافران پـاك بکەنـەوە، ئـەی سـەرباز ئێـوە کـاڵای شەڕو ئاژاوە بوون بەڵام ئەمڕۆ قۆڵی لێ هەڵماڵن و نرخی باوەڕی خۆتان بدەن وە بە چەکی ئاین و خۆ پارێزی خۆتان پڕ چـەك بکـەن ئێـوە بـەم کارەتان بەهەشتی نەبڕاوەتان وە گیر دەکەوێت، ئێوە ئەگەر لـە شـەڕدا سـەرکەوتن بەسـەر دوژمنانـدا ئـەوا میرنیشـینەکانی ڕۆژ هـەڵات و میراتیەکانیتان بەر دەست دەکەوێت وە ئەگەر بشکێن ئەوا دەمرن چۆن مەسیح مرد خوا لەبیرتان ناکات دەتان خاتـە شـوێنی پیـاو چـاکەکانی،

ئەمە ئەو کاتەیە کە تێیدا دەی سەلمێنن کە ئێوە خاوەن هێزو بازوی توندو تۆڵی ئازان ئەمە ئەو کاتەیە کە دەبێت ئازایەتی خۆتانی تیا دەر بخەن کە ئێوە ئازایەتی خۆتان لە کاتی ئاشتیدا دەرخست ئەگەر هەر دەبێت تۆڵەی خۆتان بکەنەوە بڕۆن دەستان بەخوێنی ئەو کافرانە بشۆن!!!).

کاتێك کە بینی خەڵکی لەژێر کاریگەری زمانە لوسەکیدا دەگرین ووتی: سوپاس بۆ خوا... ئێستا سەربازانی ئاگر بوونە سەربازانی خوا ئەی گەل ئەگەر مەسیحی خوا داوای کۆمەکی لێ کردن ئەوا لە ماڵەکانتان پاڵ مەدەنەوە وە بیر لە هیچ مەکەنەوە جگە لەو هەموو کەم و کورتی و سوکایەتی یەی کە بە برا مەسیحیەکانتان دەکرێت، وە گوێ بۆ قودس و هەناسەکانی نەبێت گوێ لە هیچی تر مەگرن باش گوێ بگرن بزانن مەسیح چیتان پێ دەڵێت: ئەوە لە من نییە کە باوك و دایکی لە من زیاتر خۆش دەوێت، ئەوەی باوك و دایك و ژن و منداڵ و نیشتمانی لەبەر خۆشەویستی من جێ دەهێڵێت و لە پێناومندا ئەو کارە دەکات ئەوە بۆ هەتا هەتایی لە بەهەشتدا دەمێنێتەوە و خواش پاداشتی دەداتەوە.

خاچ پەرستان خراپترین نموونەی خوێنڕێژی و کوشت و کوشتاریان نیشان دا وە دەمارگیری و ڕەشەکوژیان موچڕك بە لاشەدا دەهێنێت زۆرێك لە گەورە مێژوو نوسانی ئەوروپی و لەوانە (میشۆ) لە کتێبەکەی خۆیدا (جەنگی خاچ پەرستی) دانیان بەم ڕاستیەدا ناوە کە تیایدا دەڵێت خاچ پەرستەکان کە (معرة النعمان) یان گرت هەرچی موسولمانی خۆ حەشارداو هەیە لە مزگەوت و ژێرخانەکاندا لەسەر دەستیان کوژران بە هێواشی نزیکەی سەد هەزار کەسیان کوشت (معرة النعمان) گەورەترین شاری شام بوو کە خاچپەرستان بێزراو ترین هۆکاری کوشتنیان بەکارهێناو هەر بەو جۆرە کە قودس یان گرت ئەو شارەیان بە کوشتنی دەیان هەزار کەس خەڵتانی خوێن کرد.

کۆمەڵێکی دەستبڕێر لە زانا و خواناس و پێشەوایانی ئاینی لەو شارەدا بەدڕندانەترین شێوە کوژران، وە خاچ پەرستان هەرچی لە ئاینەکەی خۆشیاندا حەرام بوو بەرامبەر بە مسوڵمان و جولەکە ئەنجامیاندا. (میشۆ) بەردەوامەو دەڵێت: (خاچ پەرستان بەشێوەیەکی زۆر کوێرانە دەمارگیر بوو بوون کە پێشتر لەو جۆرەمان نیە). تەنانەت مێژوو نوسە بە ویژدانەکانی خودی مەسیحیەکانیش لەم بارەوە نیگەرانن و دەنگیان بەرز کردۆتەوە. چونکە ئەوان مسوڵمانەکانیان

ناچاردەکرد لە باڵەخانە گەورەکانەوە خۆیان فڕێدەنەخوارەوە، وەیان دەیانخستنە ناو ئاگرەوە، لە کون و قوژبنی ژێر زەوی دەریان دەهێنان و پەلکێشی گۆڕەپانەکانیان دەکردن، وەلەسەر کۆمەڵێك لاشەی پێش خۆیان ئەمانیشیان دەکوشت، بۆ ماوەی هەفتەیەك بەم جۆرە کوشت و کوشتارە، بەربونە گیانی مسوڵمانانی — قدس — کە ژمارەی کوژراوەکان بەپێی ڕێکەوتنی مێژوونوسان — حەفتا هەزار کەسە —، تەنانەت جولەکەکانیش لەم کۆمەڵکوژیە ڕزگاریان نەبوو. ئەوان هەر عادەتیان بوو بچونایە هەر شارێك لە شام کەسی زیندویان لێ جێ نەهێشت، کاولیان دەکرد، کتێبەکانیان دەسوتاند. کە — دارالحکمە — ی شاری ( طرابلس ) یان سوتاند نزیکەی سەد هەزار کتێبی تیایاچوو.

( گۆستۆڤ لۆبۆن )ی مێژوونوس دان بەوتاوانەدا دەنێت کە لە — قدس — دا کراوە دەڵێت: (خاچ پەرستان ویستیان خۆیان لە ماندویەتی سەربڕینی خەڵکی ( قدس) ڕزگار بکەن. بۆیە خویان دایە هەرچی بەڕەڵایەتی و مەستی و بێ ڕەوشتی هەیە. مێژوونوسانی مەسیحی خۆیان بێزارو توڕەن دەربارەی ئەم کارەنەشیاوەی پارێزەرانی مەسیحیەت هەرچەندە خۆشیان لە زۆر شت بواردووەو چاوپۆشی زۆریشیان کردوە. (برنارد خازن) بە شێت ناویان دەبات کە لوتیان لە

خراپە ژەنیوە. هەروەك بەڵگەنامەیەكی هەیە كە مێژوونوسی ڕاهیب — ڕبۆبرت — نوسیویەتی و تیایا دەڵێت: خزمانی ئێمە بەكوچەو كۆڵان و شەقام و ماڵ و سەربانەكاندا دەخولانەوە تا حەزی شەڕنگێزی خۆیان بە كوشتن تێر بكەن، وەك شێرێك بەچكەی لێ فرێندرابێت پەلاماریان دەدا.

منداڵ و لاو و پیریان سەردەبڕی و پارچە پارچەیان دەكردن، كەسیان جێ نەدەهێشت زۆرجار بەیەكێك چەند كەسێكیان دەخنكاند. سكی مردویان هەڵدەدڕی نەوەكا پارچە زێڕێكی تیایا بێت. خوێن لە كوچە و كۆڵانەكاندا جۆگەلەی كردبوو، لاشەی مردوو كۆمەڵ كۆمەڵ بەملاو لادا بڵاوبوبۆوە. هەموو ئەوانە كەسیان ڕازی نەبوون ببنە مەسیحی. پاشان ( بۆهیمۆند ) گیراوەكانی لە كۆشكدا كۆكردەوە، فەرمانی دا منداڵو پیر و لاوازیان لە گەردنیان بدرێت و گەنج و بەتواناكانیان بەرەو — أنطاكیا — برد تا لەوێ بیانفرۆشن).

با ئێستا بزانین ئەوسەردەمەی مسوڵمانەكان ( قدس ) یان بە سەرۆكایەتی صلاح الدین الأیوبي ڕزگار كرد چیان كرد؟

ئەو دەمەی مسوڵمانەكان ( قدس ) یان ڕزگاركردو لەژێر چنگی خاچ پەرستەكانیان دەرهێنا لە ساڵی ٥٨٣ كۆچی لەناو ئەو شارەدا سەد

هەزار مەسیحی دەژیان. کە شەست هەزاریان سوار و پیادە بوون. – صلاح الدین – هیچی بەرامبەر نەنواندن، ژیانی پاراستن و فەرمانی دا چاکەیان لەگەڵ بکرێت. هەرچەندە هەندێك لە – فقه –کان دەیانوت دەبێت بەهەمان شێوەی مامەڵەی ئەوان وەڵام بدرێنەوە، بەڵام ئەم ئەوەی قبوڵ نەکرد. بەڵکو وتی دەبێت (فدیە ) بدەن ئەویش بەشێوەیەکی وا کە بتوانن بیدەن، ئەوانەیان کە نەیان توانی براکەی – صلاح الدین – کە کەسێکی چاك و دادپەروەر بوو لەلای خۆیەوە – فدیە – ی هەزار کەسی بۆ دان واتە لەجیاتی هەزارکەسی مەسیحی ئەم لە گیرفانی خۆی پارەی بۆ دان. – صلاح الدین – یش هەمان ڕێچکەی براکەی گرت و لە زۆریان خۆش بوو، خۆی لە زێڕ و شتە بەنرخەکانیان نەگەیاند و چاوپۆشی لێ کرد. بەڕێزەوە لەگەڵ ئافرەتەکانیان مامەڵەی کرد. ئاسانکاری کرد تا دوخانمە شاژن بە خۆیان و زێڕ و زیو و خزمەتکارو داروەستەوە بڕۆن و وڵات جێ بهێڵن، هەروەك کارئاسانی کرد بۆ ( بطریك )ی گەورە کە ئەو زێڕە زۆرەی کەنیسە – کە بەشی زۆری خاچ پەرستان لە شەڕی دژ بە ئیسلام کۆیان کردبۆوە – لەگەڵ خۆیان بەرنەوە.کاتێك مسوڵمانان بە – صلاح الدین – یان گوت:

❖ ئاخر ئەوان بەو ئاڵتون و زیوە خۆیان پڕچەك ئەكەن بۆ شەڕ لەگەڵ ئێمە؟

❖ لە وەڵامدا وتی: حەز ناكەم غەدریان لێ بكەم.

ئەو دەمەی پەیماننامەی ئاشتی لە نێوان هەردولا واژۆكرا ئەوا ژمارەیەكی زۆر لە خاچ پەرستان چونە ناو –قدس– ەوە، –صلاح الدین– ڕێزی گرتن و خواردنی پێشكەش كردن وانەیەكی گەورەی لە لێبوردەیی ئیسلام و ڕەوشتجوانی مسوڵمانان نیشان دان.

(گۆستاڤ لۆبۆن)ی مێژوونوس دان بەوە دەنێت كە {صلاح الدین كەسێكی لێبوردە بووە}، وە دەڵێت: – خاچ پەرستەكان لەسەر دەستی – صلاح الدین – لە ( قدس ) وەدەرنران، بەڵام نەیویست ئەوەی كە ئەوان لەوەحشیگەری و ڕەشەكوژی دژ بە مسوڵمانان ئەنجامیاندا ئەم بەهەمان ڕەفتار وەڵامیان بداتەوە و ڕیشەكێشیان بكات بەڵكو بە ( جزیە ) دانێكی كەم وازی لێهێنان –.

( ئەیۆركای )ی مێژوونوس ئاماژە بەڕەفتار باشی – صلاح الدین – دەكات كە لە شەڕی ڕزگار كردنی ( قدس ) لەگەڵ خاچ پەرستان. وە دەڵێت: ئەو سەربازە مسوڵمانانەی هاوڕێیەتی مەسیحیە دەركراوەكانی ( قدس ) یان دەكرد زۆر هاوسۆزی خۆیان بۆ دەردەبڕین بەتایبەت بە

ژن و منداڵەکان. لەوانەیە پێویست بە بەڵگە هێنانـەوە نـەکات کـە بڵـێین مامەڵـەی مسـوڵمانەکان زۆر لـە مامەڵـەی کەشـتیوانە مەسـیحیەکان زۆر چاکتر بوو کە کەشتیگەلە ئیتاڵیەکان ئامادەنـەبوون ئـەو خـاچ پەرسـتە داماوانە سوار کەشتیەکان بکەن و لەگەڵ خۆیان بیان بەنەوە.

– صـلاح الـدین – کـە بیسـتی ( ڕیشـارد شـێردڵ ) نەخۆشـە و پێویستی بەبەفر و میوەیـە. ئـەوا ( صـلاح الـدین ) بـۆی ڕەوانـەکردن و داودەرمانی تریشی بۆ نـارد، بـەڵام بـەد سـیفەتی ئـەو ئەمـەی پێشچـاو نـەگرت کـە هێشـتا چـاك نـەبۆوە ڕووەو بـەرەکانی شـەڕ چـووەوە دژ بـە مسوڵمانەکان کەوتەوە شەڕ...!!

ئەوەی کەوا سـەیر و جێگـای تێڕامانـە ئەوەیەکـە. پەیمانشـکاندن و دڵەڕقییان تەنها ئاراستەی مسوڵمانەکان نەدەکرد بەڵکو لەناو خۆیاندا و خۆبەخۆ خراپتربوون، دڵڕەق و بێبەزەییانە مامەڵەی هەرشارو وڵاتێکیان دەکرد کە دەچـونە نـاوی جـا لـە ڕۆژهـەڵات بوایـە یـان لـە ڕۆژئـاوا هـەر لاوازێکیـان بەردەسـت کەوتایـە مسـوڵمان بوایـە یـان مەسـیحی بـەزبری لەگەڵیا دەجوڵانەوە خۆیان بـۆ خۆیـان باسـی دڵڕەقـی خۆیـان دەکـرد. قەشە – ئۆدۆدوێلی – یەکێك لە ڕاهیبەکان قەشە – دینس – کە ئەرکی قەشەی تایبەتی – لویسی حەوتـەم – بـوو لـە هەڵمـەتی دووەمـی خـاچ

پەرستان. لەبارەی ئـەوەی کـە بینیویـەتی دەڵێـت: (ئـەو کاتـەی خـاچ پەرستان دەیانویست لەڕێگەی وشـکانیەوە لـە ئاسـیای بچـوکەوە ڕێگـا ببڕن بەرەو ( قدس ) ئەوا لەسەر دەسی تورکەکان — لـە ڕاڕەوی فریجـا — لـە سـاڵی ١١٤٨ دوچـاری شکسـت هـاتن زۆر بـە نارەحـەتی خۆیـان دەگەیانـدە شـاری ( ئـەتالیا )ی کـەناری. لێـرەوە هـەموو ئەوانـەی کـە توانیان دڵی بازرگانە – إغریقیەکان — بە پارەیەکی زۆر ڕازی بکەن ئەوا لە دەریاوە بەرەو — أنطاکیا — گەڕانەوە کەچی هاوەڵەکانی خۆیـان لـە پیروپەککەوتــە و بریـنــدار و حــاجی بــۆ ژێــر ڕەحمــەتی هاوپەیمانــە — إغریقیەکان — جـێ هێشـت کـە ئـەوانیش بـۆ هـەر کەسـێکیان بـڕی ٥٠٠ مارکیان لە لویس وەرگرت بـەو مەرجـەی پاسـەوانی – حاجیـەکانیان — بکەن وە ئەوەندەش کۆمـەکی بریـندارەکان بکـەن تـا چـاك دەبنـەوە و دەتـوانن خۆیـان بگەیەننـەوە بـە هاوڕێکانیـان. بـەڵام هەرئەوەنـدەی بەرێکەوتن خێرا إغریقیـەکان تورکـەکانیان ئاگـادارکردەوە و نـەخۆش و پەککەوتە و داماوەکانی خۆیان کردبە تەڵەوە و جێیان هێشتن....

کۆمـەڵێکی تـر لـەو خاچپەرسـتانە کـە ٣ — ٤ هـەزار کـەس دەبـوون هــەوڵی ڕاکردنیانــدا، بــەڵام ســوپای تــورك زوتــر دای بەســەریاندا و پەرتـەوازەی کـردن، ئـەم پەرتـەوازە بوونـەی ئـەوان و تێکشـکانی بـەو

جـۆرە وای کـرد ببێتـە جێگـای بـەزەیی مسـوڵمانەکان، بۆیـە بـەدەم نەخۆشـەکانیانەوە چـوون، هاوکاریـان پێشـکەش بـە هـەژارو کـەم دەستەکانیان کرد. کە هەندێکیان لە برسان لە لێواری مەرگدا بوون.

بـەڵێ جیـاوازی مامەڵـەی هەریەکـە لـە إغریقیـەکان و مسـوڵمانەکان بەرچـاوە. کافرەکـان (مسـوڵمانەکان) زوو بەدەمیانـەوە چـوون و کۆمـەکیان پێکـردن بـەڵام هاوبڕواکانیـان لـە مەسـیحیە إغریقیـەکان گیرفانیان داچۆڕاندنو لێیاندان و هەرچی پێیان بـوو تاڵانیـان کـرد، هـەر ئەم جیاوازی کردنە لە مامەڵەدا وای کرد زۆرێکیان بە ئـارەزووی خۆیـان ئاینی خۆیان بگۆڕن بۆ ئاینی ئەوانەی ڕزگاریان کردن کـە مسـوڵمانەکان بوون....

مێژوونوسـێکی کـۆن دەڵێـت: (لەسـەر دەسـتی بـرا هـاو ئاینـەکانی خۆیـان دوچـاری بـەڕەقی و تونـدو تیـژی بونـەوە، بـەڵام لەلایـەن کافرەکانەوە (کە مسوڵمانەکانن) باوەشی سۆزیان بۆ کردنەوە).

خاتوو لیندا Linda:

مـن چـەندە خـەمبارم کـە ئەمـە دەبیسـتم، مـن هـەرگیز ئەمـەم لـە گیانـدارانی دارسـتانیش نەبیسـتووە چـونکە ئـاژەڵ لـەکاتی برسـێتی و ناچاری پـەلاماری یـەك نێچیر دەدات، بـەڵام ئـەم قەسـابخانەیە لەسـەر

دەستی مرۆڤـــ؟؟!!! وە لەسەردەستی پیاوانی ئاینی کە ئێمە چاوەڕێی سۆز و دادپەروەرین لێیان.... وە لەو ( پاپا ) یانەی کە خۆیان دەگێڕنەوە بۆ سەر مەسیحی شکۆمەند.... ئەمە – لە تێڕوانینی منەوە– پێویستی بە بەخۆداچونەوە هەیە.... بەخۆداچونەوە بۆ هەموو ئەو بەهاو چەمکانەی کە لە منداڵیەوە لەسەری گۆشکراوین.... بگرە هەر لەو سەردەمەی لەکەنیسەدا لە ئاوی پیرۆز هەڵکێشراوین ( تعمید ) کراوین.؟؟!!

خاتوو روس Ruth:

باپیرم لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشدار بووە.... لە کەتیبەی ئوسترالی – نیوزلەندیدا ئەفسەر بووە – کە بە ئەنزاك – Anzac – ناسراوە وە بۆ بیرەوەری ڕێزلێنان لە کارەکەی لە یەکێك لە باخچەکانی – سدنی – پەیکەرێکی بۆ کراوە.... ئەو کەتیبەیەی ئەوان دوچاری کارەساتی قورس بونەوە کە هەزارانیان لێ کوژراو لێ بریندار بوو.... ئەوەی باپیرم لە یادەوەریەکانی خۆیدا دەیگێڕێتەوە وە لەبارەی ئەم شەڕەوە ئەوەیەکە سەربازە مسوڵمانەکان خواردن و دەرمانی خۆیانیان پێشکەش بە بریندارەکانی ئەمان دەکرد، بۆیە باپیرم لەو ساتەوە بیروڕای لەبارەی مسوڵمانەوە گۆڕا.... تەنانەت تورکەکانیش کە

کتێبەمێژووییـــەکان بـــە دڵـــڕەق و زبـــر ناویـــان دەبـــات.... زۆر لـــە بەریتانیەکان هاو سۆزیان بوون کە پشتیان کردە ئەمان و سەربازە ئوسترالی و نیوزلەندیەکانیان لەو کارەساتەدا بەجێ هێشت..!!!

بەڕێزم لە ڕاستیدا زۆر برینی مێژوویی ئاینی و نەتەوەیی ئێمەت کولاندەوە.... ئایا هیچی تر ماوە لەسەر ئەو قۆناغە تاریکەی مێژوو قسە بکەیت؟؟

بەڕێز ڕیتشارد Richard:

ببورە خاتوو روس بۆ ئەم قسە پێ برینە.... من وەك پیاوێکی پرۆتستانت هاوڕای جەنابتم لەسەر هەموو ئەوانەی لەبارەی پاپا و کەنیسەوە باست کرد.... بەڵام لەبارەی پرۆتستانتەکانەوە ئەوا ئەوانیش وەك مسوڵمانان بونە قوربانی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە...

بە بەڕێز ڕیتشاردم ووت: هێشتا – لوسەر Luther – لەدایك نەبووە تا ئێمە لەم قۆناغەدا شایەتی بۆ بدەین یان شایەتی لە دژ بدەین گرفت لە ( لوسەر و پاپا ) و کەسانیتری کەنیسەدا نیە.... کرۆك و جەوهەری مەسەلەکە ئەو دەق و ئەقڵیەتانەن کە ئەقڵیەتی پیاوانی ئاین دادەڕێژن جا هەر ڕێچکە و ڕێبازێکیان هەبێت و هەر تایەفەیەکبن.

ئـــەو دەقانـــەش لـــەنێوان هەموولایەکداپەســـەندکراون و جێگـــای باوەڕتانن. بەبێ جیاوازی.. ئەگەر وانەبێت ئێستا ئـەوەی لـە ئێرلەنـدای بـاکور لـە نێـوان کاسـۆلیك و پرۆتسـتانتدا ڕودەدات.... نـاوی دەنـێن چی؟؟!!!

باشە هـەر ( لوسـەر ) نـەبوو دەیگـوت.... سـەرببڕن.... بکـوژن.... بەزەییتان بەکەسدا نەیەتەوە لەو جوتیارە نەزانانە..؟؟!

لەوانەیە هۆکارو میکانیزمەکان جیاوازبن بەڵام.... ئامـانج هـەر یەکـە لە کۆتایدا.... هەر کوشت و بڕ و قڕکردنـی نـەیارانی کەنیسـەیە بەهـەر ناونیشانێك بێت.... باشە دادگای پشکنین هەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە و بـۆ ئەمە دانەمەزارا..؟؟!

ئێستا چەند نمونەیەك لەبارەی گەندەڵی کەنیسەوە دەهێنینەوە کـە لە کتێبی {دادگای پشکنین.. دروست بون و چالاکی} کەلە نوسـینی – إســـحاق عبیـــدە – وە خـــۆی مامۆســـتای زانکۆیـــەو مەسیحیشـــە. وەردەگرین.... ئەم مامۆستا مەسیحیە لای وایـە کـە گەنـدەڵی کەنیسـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردمی سـەدەی ١١ ی زاینـی کـە لەگـەڵ دەسـەلاتی سیاسـی کەوتـە ململانێیـەکی خوێنـاوی و ئـەوروپا بـووە گۆڕەپـانێکی ئاڵۆز، لەم ململانێ گەورەیەی نێوان شاو کاهینەکان، پاپا کـان سـنوری

دەسـەڵاتی خۆیـان تێپەڕانـد، کەوتنـە شـەڕو ملشـکاندنی یـەکتر و دەستیانکرد بە پـیلان گێـڕان خـەڵکی توشـی شـۆك و تاسـان هـاتن کـە بینیـان کاهینـانی خـوا بـەرگی قەیسـەریان لەبـەرکردووە شمشـێریان بەدەستەوە گرتووە و شەیپوری شەڕ لێ دەدەن. بۆیە خەڵکی بـەزەییان بە ئاشتی لەسەر زەویدا دەهاتەوە و (شاری خوا) یان لەلا بێمانا بوو.

هەر ( د. إسحاق عبید ) لە مێژوونوسێکی تر کە – لی – نـاوە چـەند نمونەیـەك دەگوێزێتـەوە لەوانـە چـۆن – ئەسـقەف لیبۆڵـد – پیـاوێکی سەربازی زاڵم بووە و تەنانـەت جارێکیـان براکـەی پێـی دەڵێـت: (ئـەی ئەسقەفی برام سوارەی دەرەبەگەکان لە تۆ باشـترن، تـۆ پـێش ئـەوەی ببیتە پیاوی ئاینی کەمێك لە خوا دەترسایت، بەڵام دەبیـنم ئـەمڕۆ هـیچ لە ئاسمان ناترسیت). ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت (براکەم کە من و تۆ لە دۆزەخـــدا یـــەکترمان بینیـــەوە ئـــەوا ئـــەو دەم جێگاکـــەت بـــۆ دەگۆڕم؟؟!!!).

هەروەك لە شوێنێکی تردا باس لەو ئابڕوچـونە گەورەیـەی گـەورە – ئەسقەف بیزاشۆن – کە ناوی – جیرارد دی رۆجیمۆند – کە لە ساڵی – ١١٩٨ – بە هەموو لایەکدا بڵاو بۆوە، هەروەها کارە شـەرم ئامێزەکـانی – ماهی دی لورین – ی ئەسقەفی – تول – کە تا بینەقاقای لە بـەرتیل

خۆری و ڕاو شکاردا نقوم بوو بوو. وە لە ساڵی – ١٢١٧ – ڕکابەرەکەی خـۆی کوشـت، بـەڵکو نوێنـەرەکانی پاپـا لـە گەشـتەکانی پشـکنیندا بەوەناسرابوون کـە گیرفانیان پڕ لـە زێڕ و زیو بوو ، کار گەیشتە ئەوە ( راهیبەکان ) لەلای پاپا ئەلیسکەندەر ی سـێیەم شـکات بکـەن و بڵـێن کە ئەوان ئێستا پارەیان کردووە بە بت و دەیپەرستن.

جارێکیان ( ڕۆبەرت جرۆستیس ) بە ڕووی پاپا ئەنۆستی چـوارەم دا تەقییەوە و پێی ووت: (سەرگەردان بن بۆ ئەو پارەیەی کە کردووتانە بە بت ئەوەتا لە ناو ڤاتیکانیشدا بازاڕی گەرمە).

وە لەو شـەرمەزاریانەی پاپـا ئەسـکەندەری شەشـەمی – بۆرجیـا – ئەوەبوو کە زۆر ئالودەی ئافرەتان بوو ئافرەتانی سـەماکاری بـەردەوام لەگەڵدا بوو. کە بۆ خەوتنیش لێی جیانەدەبونـەوە تەنانـەت بـە ڕێگـەی ناشــەرعی چــەندین منــاڵی لــە خــاتوو ( فــانۆتزا ) خســتەوە لەوانــە– قەیســەر( وجــان ) لــوکریس ( جــوفری ). وە بــێ شــەرعی گەیانــدبووە ڕادەیــەك کــە لەبەرچــاوی کــچ و خزمــەتکارەکانی لــە داوێــن پیســی و بەدڕەوشتی نەدەگەڕایەوە. تەنانەت کـار گەیشـتە ئـەوەی دەسـتدرێژی کـردنە سەر کـەسانی حـەرامکراوی خۆشی لێ بیسـترایەوە. هەروەهــا ( بۆرجیا ) وەك ( سکتۆس )ی پێش خۆی بە ئەنجامدانی کاری سێکسی

لەگەڵ منداڵدا ناوبانگی دەرکردووە. ئەم ( پاپا ) یە پۆستی – کاردینال – ی بە پارە دەفرۆشت. بەرتیل دان و بەرتیل خۆری ئەم پلەیە لە پۆستی ئاینی گەیشتە ملیۆنێك و دوسەد هەزار مارکی زێڕ.

هەروەك خۆشی لەوە نەپاراست کە ئەوانەی دەیویست لێیان ڕزگار ببێت و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا بگرێت زەهر خواردویان بکات. کەس لە دەستی ڕزگار نەبوو، ئەم زەهرە ناوبانگی پەیدا کرد کە بە ( کانتاریللا ) ناسرابوو لە لایەن کۆمەڵێك دەرمانسازی بەناوبانگی ڕۆماوە دروست دەکران ! ! ! !

لەو کەسانەی کەلە حەوت هەرێمەکەی ئیسپانیادا ناوبانگیان دەرکردبوو بە دەرکردنی فەرمان: ١– ئۆرکیمادا، ٢– دیزا، ٣– سیزینووس، ٤– فلۆرینسۆ، ٥– ماتریکی، ٦– تالیو،٧– لوابیزا.

ئەم حەوت کەسە فەرمانی سوتاندنی هەزاران کەسیان بەزیندوویی دەرکرد، وەلەمانەش لە هەموویان دڵڕەقتر ( ئۆرکیمادا ) بوو.

هەر فەرمانێکی کوشتن یان سوتاندیان دەرکردایە دوو ڕۆژ پێش ئەوە بەکۆت و بەندی بە بازاڕی شاردا دەیانگێڕا. کۆمەڵێك سواری شمشێر و ئاسن بەدەست دەوریان دەگرتن و پاشان بۆ ئامادەباشی لە سێدارەدان لە یەك شوێندا بەندیان دەکردن.

ئەگەر فەرمانی لە سێدارەدن لەلایەن – دیوان – ەوە دەربچوایە ئەوا یەکێك لە جەللادەکان لە قوربانیەکان نزیك دەبۆوە و دەیگوت: (ئەی قوربانیانی – دیوان – پیرۆزەکەمان.... ئەم کۆتانە بۆ گەردنتانە ئەو دەمبەستانەش بۆ دەمتانە.... دەبێت هەریەکەتان دەمبەستەکە بکاتە دەمی و کۆتەکەش بکاتە گەردنی....)، ڕاهیبەکانیش بەرگی سوریان دەپۆشی ملوانکەی ئاڵتونیان لە مل دەکرد.... بە کەژاوە دەهاتن و دەچون. پاشا و دەستوپێوەندو دادوەرەکان لە پشتەوە دەوەستان، خەڵکیش بە هەزاران کۆدەبونەوە تا ڕێوڕەسمی سوتاندنی – کافرەکان – ببینن.... وتار و ئامادەباشی تەواو دەکرا تا مەحکومکراوان بەرەو سوتاندن ببەن.

سەرۆکی – دیوان – لەسەر تەختەی پاشاوە بەڕێز و شکۆوە دەوەستێت. هەروەك چەند – ئەسقەف – ێکی لەگەڵدا دەبێت، پاشان بە پاشا دەڵێت کە خاچێکی بەدەستەوەیە.

❖ ئەی خاوەن شکۆ...!! ئەو دەمەی بەدەستی خۆتان خاچی پیرۆزتان بەدەستەوە گرتووە. دەبینیت ئێمە چاوەڕێی خاوەنشکۆتانین کە سوێند بخۆن پشتگیری ( دیوانی پیرۆز ) بن و دەسەڵاتمان قایم بکەن لە وڵاتدا.... پاشاش ئەو سوێندەی لەلایەن ئەسقەفەکانەوە پێی دەوترێ و ئەویش دەیڵێتەوە....

سەرۆك بەردەوام دەڵێت: هەروەها خاوەن شكۆ سوێندی ئەوە بخۆن كە هەرچی ( دادگای پشكنین ) ئەنجامی دەدات و هەموو ئەو بڕیارانەی جێ بەجێ دەكات دەقاودەق هاوشێوەی ڕێنماییەكانی كەنیسەی ڕەسولی ڕۆمانییە، هەروەك دەقاودەق لەگەڵ یاساكانی ولاَتاندا هاوشێوەیە كە هەوڵ دەدەن پێی ولاَت لە كافر و بێ باوەڕ و شوێنكەوتوانی شەیتان پاك بكەنەوە ! ! !

دوبارە پاشا هەمان سوێندی قورس كە قەشەكان بۆ دەیخوێنێتەوە دەخوات.... سەرۆك بەردەوامە و دەڵێت: خوا خاوەن شكۆتان پیرۆز بكات. دەسەڵاتتان زۆرتر بكات لەسەر زەوی، مادام تۆش پەنای ( دیوانی پیرۆز )یت، و پشتگیری یاساكانی كەنیسەی ڕەسولی ڕۆمانیت، ئیتر پاشا دادەنیشێت و نوسەری ( دیوان ) دێتە پێشەوە بۆ ناوەڕاستی گۆڕەپان. بۆ ئەمەش كەسێكی كەتەی گەورەی دەنگ بەرزیان هەڵدەبژارد.

لەسەر سەكۆیەكی بەرز دەوەستاو لەو كاغەزەی بەدەستیەوە بوو دەستی دەكرد بە خوێندنەوەی بڕیارەكان.... خەڵكیش كش و مات.

دوای خوێندنەوەی بڕیارەكان سەرۆكی – دیوانی پیرۆز – دەهاتە پێشەوە و داوای لێخۆشبوونی بۆ ئەو داماوانە دەكرد. فەرمانی دەدا بە

خوێندنەوەی ( مزمور ) کە بەمە دەستی پێ دەکرد: (خوایە بەزەییت پێما بێتەوە ئەوەنەی حەزت لە بەزەییە....)

شوێنی سوتانیان بریتی بوو لە چوارکۆڵەکەی دار هەندێك جار یەك دانەبوو، یان قەدی دارێکی بەرز بە چوار دەوریدا کۆڵەکە دار تا نزیکەی ٣ مەتر بەرزە لەسەر زەوییەوە لەسەر یەك دانرا. ئەمەش بەشێوەی چوارگۆشە بەدەوری دارە بەرزەکەدا سەریەك دەنرا.

کەسی بەندکراویان دەهێنا و بە کۆڵەکە دارەکەوە دەیان بەستەوە و پەتیان دەخستە ملی. پەتەکەش بە کۆڵەکەکەوە دەبەسترایەوە.... وە لە لایەن جەللادەکانەوە چەند جارێك پەتەکەی لە گەردندا دەئاڵێندرا. جار بە جار پەتەکەی لە ملدا توند دەبوو تا وای لێدەهات گیانی لەدەست دەدا. جاری وا هەبوو لەژێر هاوار وناڵەی کەسی بەندکراودا کە داوای دەکرد نەیخنکێنن پەتەکە لە کەمەری توند دەکرا.... دواتر شاڵاوی ئاگریان تێبەردەدا تا بە زیندویی بسوتێت...!!!

دواتر کاهین دەچووە سەر سەکۆکە و خاچێکی لە – عاج – دروستکراوی بەدەستەوە دەگرت و دەیخستە بەردەم کەسی بەندکراو تا پێش سوتانی ماچی بکات.... ئەمەش ماوەیەکی کەم پێش ئاگر تێبەردانی؟؟ هەموو ئەوانەی لە بەندیخانەکانی – دیوان – دا دەمردن لاشەکەیان دەسوتاندن تا گۆڕ ون بکرێن....

لەو تۆمەتە سەیرانەی کە ئاراستەی قوربانیەکان دەکرا لەم دادگایەدا ئەوە بوو کە فلانەکەس بە عەرەبی گۆرانی وتووە.... یان ئەوەتا زۆر خۆی دەشوات کە ئەمەش نیشانەی ناسراوی مسوڵمانان بوو.... یان ئەوەتا بەرگری لە پێغەمبەر(ﷺ) کردوە ئەگەر بە ووشەیەکیش بێت یان کفن کردنی مردوویەك. وە نەخواردنی گۆشتی بەراز و نەخواردنی مەی و دەست لە خەنەگرتن وە هەڵگرتنی کتێبی عەرەبی و وە یان ئەنجامدانی نوێژ و.... ڕۆژوگرتن.... دەستنوێژ گرتن.... یان بوونی چەند پەڕەیەك بە زمانی عەرەبی.... قورئان خوێندن.... هتد. سەختترین سزای لە سوتاندن و لێدان و دەستبەسەرداگرتن و ناوزڕاندن و... هتد. بەدواوە بوو کە تاوانباریان سواری گوێدرێژێك دەکرد و ناوی جۆری تاوانی لەسەر دەنوسرا و بەناو شاردا دەیانگێڕا....

کێ لە ئێوە – کۆمیدیای خواکانی – دانتێ – ی خوێندۆتەوە؟؟ ئەو دۆزەخەی ئەم شاعیرە ئیتاڵیە باسی دەکات ئەوا بە بەراورد لەگەڵ دۆزەخی کارو کردەوەی پیاوانی کەنیسە بەهەشتێکە بۆ خۆی...؟؟!

یەکێك لەو ئەفسەرانەی بەشداری هەڵمەتی داگیرکردنی ئیسپانیا بووە و ناوی کۆلۆنێل ( لیمۆنکسی) یە دەڵێت: هەستاین بەئەنجامدانی پشکنین لە یەکێك لەو دێرانەی گومانی بونی ( دادگای پشکنینی) لێ دەکرا.

خەریك بوو هەروا لـە پشـكنین و گەڕانمانـدا دەسـت بـەتاڵ بمێـنین و هـیچ نەدۆزینـەوە كـون و قـوژبنی نـاو دێرەكـەمان هـەموو پشـكنی.... شتێكی وامان نەدۆزیەوە كـە سـەرەداوی دۆزینـەوەی دادگـای پشـكنین بێـت. خـەریك بـوو هـەروا بـە نائومێدیـەوە دێڕەكـە بـەجێ بهـێڵین و بڕۆین.... بـەردەوام پیـاوە ئاینیـەكان پـەیتا پـەیتا سـوێندی قورسـیان دەخوارد كە دێرەكەی ئەوان شتی وای تیایا نیە و هەرچی دەوترێـت لـە پڕوپاگەندەیەكی نەیاران زیاتر هیچی تر نیە.

سـەركردەكەیان جـەختی لەسـەر پاكیـەتی خـۆی و شـوێنكەوتوانی دەكردەوە و سـەری كزكـرد بـوو بەهێواشـی دەدوا. لەوانـەبوو فرمێسـك بڕێژێت.... فـەرمان دەركـرا كەسـەربازەكان كۆببنـەوە و بچـنە دەرەوە بەڵام – لفنتات دی لیل – وتـی تۆزێـك بوەسـتە ئایـا جـەنابی كۆلۆنێـل ڕێگـام پێـدەدات كـە بڵـێم ئێمـە هێشـتا ئـەركی پشـكنینمان بەتـەواوی ئەنجام نەداوە!؟؟

پێم گووت: ئێمە هەموو دێرەكان گەڕاین هیچی وامان نەدۆزیـەوە كـە گومانمان لەلا دروست بكات.... ئیتر تۆ چیت دەوێت..؟؟!

ووتـی: حەزدەكەم ناو ژورەكـان بپشـكنم ئـەوە بـەدڵما دێـت كـە ژێـر ژورەكان شتێكی تیایابێت و نهێنیەك هەبێت.

ئیتر ڕاهیبەکان بە چاوی گومانو دودڵیـەوە کەوتنـە سـەیر کردنمـان. فەرمانمـدا بـە ئەفسـەرەکان دەسـت بکەنـەوە بـە پشـکنین.... ئـەویش فەرمانی بە سەربازەکاندا کە فەرشە گرانبەهاکانی نـاو ژورەکـە لابـەرن، پاشان فەرمانیدا کـە ئـاو بکـەن بـەناو زەوی ژورەکانـدا.... ئـاو بەسـەر ژورەکاندا ڕژێنرا.... لە یەکێك لە ژورەکاندا ئاوەکـە چـووە خـوار — دی لیل — ی ئەفسەر لە خۆشیاندا کەوتە چەپڵە لێدان.

ووتـی: ئەوەتا دەرگاکە.... سەیرکەن....

سەیرمان کرد دەرگاکـە دەرکـەوت.... ژورەکـە کرابـووە ژێـر زەمـین کـونێکی بـۆ دروسـت کرابـوو بـۆ هاتوچـۆکردنە نـاو ژێرزەمینەکـەوە ، کردنەوە و داخستنی لە ژورێکی تر لەلای نوسـینگەی سـەرۆکی دێرەکـە بەهۆی ئەڵقەیەکی ئاسـنینەوە دەکرایـەوە و دادەخـرا. سـەربازەکان بـە دەرگاکەیان شکاند ڕاهیبەکان ڕەنگیان زەرد بوو. تێکچون.

دەرگا کرایەوە لە دەرگاکەوە بۆ ناو ژێرزەمینەکە پەیژەیـەك هـەبوو، منیش خێرا چووم مۆمێکی گەورەم هێنا کە زیاتر لـە مـەترێك بـەرز بـوو دانرا بوو تاوێنەی سەرۆکەکانی دادگا ڕوناك نیشان بدات، کەچـی یـەکێك لە ڕاهیبە یەسوعیەکان بـە هێواشـیەکەوە دەسـتی خسـتە سـەر شـانم و ووتـی:

❖ کوڕم بەو دەستەت کە بەخوێنی شەڕ پیس بووە مۆمەکە بەدەستەوە مەگرە چونکە مۆمەکە پیرۆزە...!!

❖ ووتم: ئەوە تۆ دەڵێی چی، لە ڕاسیدا من دەبێت نەهێڵم دەستەکانم بە مۆمەکەی ئێوە گڵاوبێت، کە بە خوێنی خەڵکی بێ تاوان سورکراوە. با بزانین کاممان گڵاوین.... کاممان پیاوکوژین...!!

بە پەیژەکەدەدا چوومە خوارەوە و ئەفسەر و سەربازەکانیش بەدوامدا، تا گەیشتینە خوارەوە.... سەیر دەکەین ئێمە لە ژورێك چواگۆشەی گەورەداین کە ئەوە هۆڵی دادگا بوو.... لە ناوەڕاستیشا کۆڵەکەیەکی بەردی گەورەی تیایا بوو، کە ئەڵقە ئەڵقەی زنجیری گەورەی پێوە بوو تا بەندیەکانی پێ کۆت و بەند بکەن. لەلای ئەو کۆڵەکە بەردە سەکۆی سەرۆکی دیوانی پشکنین و قازی و دادگایی کردنی بێتاوانان بوو، پاشان چوینە ژوری ئەشکەنجەدان و پارچە پارچە کردنی لاشەی مرۆڤ کە بە درێژایی ژورەکە کەوتبوون، ئەوەی بینیم تەواو بێزار و پەرێشانی کردم، کە بیرم دەکەوێتەوە مچوڕك بەلاشەمدا دێت و لە ژیانمدا بیرم ناچێەوە، ژووری بچوك بچوکمان بینی کە هەندێکیان ئاسۆیی و هەندێکیان ئەستونی بون بواری دانیشتنی تیایا نەبوو ئەوەی کە دەخرایە ناوی تا مردنی دەبوایە هەر بە پێوە بوایە.

وە ئەوەشیان کە بە ئاسۆیی بوو دەبوایە بەندیەکە تا مردنی هەر ڕاکشاو بوایە و بواری جوڵەی تری نەبوو.

بەم جۆرە لاشەیان لەو ژوورە تەسکانەدا دەڕزا و گۆشت و ئێسکیان کرم لێی دەدا، بۆ ئەوەی لە بۆگەنی لاشەکان ڕزگاریان ببێت کونێکی هەوایی کرابووە دەرەوە. هەر لەو ژورەدا پەیکەری ئێسکی چەند بەندیەکمان بینی کە کۆت و بەندی ئاسنینیەکەیان هەر پێوە بوو.

بەندیەکان لە ژن و پیاو تێکەلاو بوون، تەمەنیان لە( ١٤ )ساڵەوە بۆ ( ٧٠ )ساڵ بوو، توانیمان هەندێك لە بەندیەکان بە زیندوویی ڕزگار بکەین، کۆت و بەندیان بشکێنین کە لە گیانەلادا بوون، هەندێکیان لە دەرئەنجامی ئەشکەنجەدانی زۆر شێت ببوون، جل و بەرگیان لەبەردا نەبوو، وردە وردە بۆ ئەوەی دوچاری کوێر بوون نەیەن هێنامانە ڕوناکیەوە، لە خۆشیاندا دەگریان لەتاو حاڵەتەکە کەوتنە ماچ کردنی دەست و قاچی سەربازەکانمان، دەتوانم بڵێم ئەم دیمەنانە بەردیشیان دەهێنایە گریان...!!

پاشان چوینە ژورێکی تر،لەوێشدا توشی سەرسوڕمانی بوینەوە ئامێری ترسناکی ئەشکەنجەدانی تیایا بوو، ئامێری تیایا بوو کە بۆ شکاندنی ئێسك و هاڕینی لاشەبوو، لە پێشەوە لە ئێسقانی قاچەوە

**دەستیان پێدەکرد و پاشان سنگ و سەرباقی ئەندامەکانی تر بەدوای یەکدا....**

**لێرەدا بەندیەکان دەکران بە دوو کۆمەڵ ئێسک و پروسک و خوێن و گۆشتی قیمەکراو.... پاشان سندوقێکمان دۆزیەوە کە لە قەبارەی کەللەی سەری مرۆڤێکدا دەبوو، کە ئەمەش دەکرایە سەری کەسی بەندکراو و دەست و قاچی دەبەسترایەوە تا جوڵە نەکات، لەسەری سندوقەکە کونێکی تیایابوو کە بەردەوام لەوێوە دڵۆپە ئاو دەکەوتە سەر سەری بەندکراوەکە.... چەند چرکەیەك و دڵۆپێك ئاو.... بەدوای یەکتردا.... تا وای لێ هات زۆرێك لە بەندیەکان لە ژێر ئەم ئەشکەنجەیەدا هاوسەنگی عەقڵی و دەرونیان لەدەستداو شێت بوون.... هەر بەو حاڵەشەوە سەریان نایەوە...!!**

**ئامێرێکی تری ئەشکەنجەدان لە شێوازی تابوتی مردودا بوو کە چەقۆی تیژی تیا چەقێنرابوو. بەندی ئەشکەنجەدراویان دەخستە ناوی.... بەو چەقۆو خەنجەرەی کە پێوە توندکرابوو دەرگاکەیان بەسەر بەندیەکەدا قەپات دەکرد. بەم جۆرە لاشەی بەندکراو پارچە پارچە دەکرا...!!**

وە هـەر لەوێـدا ئـامێری وەك گـاز و پلایسـمان بینـی کـە زمـانی بەندیەکانی پێ ڕادەکێشرا و دەپچڕێندرا.... وە یان لە مەمکی ئافرەتان گیردەکـرا و ڕادەکێشـرا تـا بـە زینـدوویی مـەمکیان پارچـە پاچـە دەکرد...!!

پاشان هەرلەوێدا قامچی وامان بینی کە شوڵەکانی لە ئاسن بـوو، بـە روتـی ئەشـکەنجەی بەندیـەکانی پـێ دەدرا و گۆشـت و ئێسـکی لەیـەك جیادەکردنەوە...!!

لێـرەدا تۆزێـك وەسـتام.... سـەیرمکرد خـاتوو ( روس Ruth ) بـە خێرایی فرمێسکی دەسڕی...!!

❖ چی بوو خاتوو روس چی ڕویدا...؟؟

لە ڕاستیدا بڕوام نەدەکرد ئەوەی بە چاو دەیبینم ڕاست بێت.

بەڵێ ئەمە سروشتی هەموو کەسێکە کە فیترەتی پاك بێت و دوربێـت لە ڕق و کینە. مرۆڤـــ لـە هـەر کوێیـەك بێـت هەرچۆنێك بێـت خـاوەنی فیترەتی قوڵی خۆیـەتی.... هـەر ئـەم فیترەتـە پاکـەش دەبێتـە کلیلـی چونە ناو دەروازەی هەموو جوانی و چاکیەك.... ببورە خانمی بەسۆز و دڵپاك.

کاتی ئەوەیەپەردە بەڕوی ئەو هەموو خوێنرێژەدادەین....خوێنی کەسانی بێتاوان و قوربانیانی چەواشەکاری ڕوپۆشکراو بە قسەو دەقێك کە خوا نەیناردۆتە خوارەوە...!!

ﷺ ﷺ ﷺ ﷺ

ئایا فیلمی ( زۆربا )ت بینیوە.... ( زۆربا )ی یۆنانی کەلە نوسینی نوسەری گەورەی یۆنانی ( نیکۆس کازانتازاکی ) یە. ئەم نوسەرە کتێبێکی تری هەیە کە بە ناونیشانی – مەسیح جارێکی تر لە خاچ دەدرێتەوە نوسەر لەم کتێبەدا باس لە ڕاهیبێك دەکات کە لاشەی لە دەرەنجامی خواردنی ماڵی هەتیوو و بێوەژن ئاوساوە، بەدەم کەسەوە نەبووە و تەنانەت ئاوڕی لەو منداڵانەش نەداوەتەوە کە لە سەرەمەرگدا بوون.... وە پەنای کەسی نەداوە نەوەکو ببنە نانەخۆرەی سەر سفرەی!!

وشەی – مرۆڤ هەر بە نان ناژی – لەلای ببوە پسوڵەیەك و ڕەسیدی بانقی خۆی پێ زیاد دەکرد.... هەموو پەند و ئامۆژگارییەکان لەلای ئەم لە کورەی ئارەزوو بازی و سوربوو بە خوێن سوتاندبوو...!!

بۆ هەموو ئەمانە ( نیکۆس ) ئەم ڕۆمانەی نوسی کە دوبارە لەخاچ دانەوەی مەسیحە..!!

هەروەکو ووتم لەوانـەبوو پـەردە دابدرێتـەوە.... بـەڵام نابێـت پـێش ئەوەی دیمەنی ئەو پیاوە مسـوڵمانەمان لـە دەست بچـێت کەلەبـەردەم دادگای دادوەرە بێ ویژدان و نادادپەروەرەکانی دادگای — خـودا —.... وەستا.... دیسان ناکرێت پەردە بەسەر ئەم وتوێـژەی نێـوان جـەللاددا بدەین....

֍֍֍ ֍֍֍ ֍֍֍ ֍֍֍

ئەو پیاوەیان هێنایە بەردەم دادگا. سەرۆکی دادگا بە سـەربازەکانی ووت: کەلەبچەکانی دەستی داماڵن و بیهێنن.

ئەو قوربانییـەیان هێنایـە بـەردەم دادگـا کـە ئـازار و نارەحـەتی بـێ هۆشـی کردبـوو هێنـدەی نـەبرد کـە بورایـەوە و کەوتـە سـەر زەوی.... سەرۆك ووتـی:

❖ رایگرن با بەپێوە بوەستێت.

یەکێك لە پاسەوانەکان گووتی:

❖ ئاخر ناتوانێت بە پێوە بوەستێت.

سەرۆکی دادگا ووتی:

❖ بیخەنە ناو تابوتەکەوە ئەوسا دەتوانێت بە پێوە بوەستێت!!!

خستیانە ناو سندوقێکەوە کەلە دەرەوەبو ناوەوەبزماری بیایا داکوترا بو، دەرەنجامی ئازارێکی زۆری بزمارەکان ئەم پیاوە ناچاربوو بە پێوە وەستا، پاشان ئەو کەمامەیە کە خرابووە سەر دەمی لابرا تا وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، سەرۆك فەرمانی کرد دەبێت هەرچۆنێك بێت مەی پێ بخورێتەوە. دکتۆرێکیشیان هێنا تا بزانن دەتوانێت بوەستێت و وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. سەرۆك کەوتە پرسیار کردن لێی:

- ناوت چیە.؟
- من مسوڵمانێکی مەغریبیم.
- بەڵکو ناوە تازە مەسیحیەکەت بڵێ.
- ساموئێل فرناندس.
- ساموئێل. ناوی جولەکەیە.
- حەزرەتی مەسیحیش هەر جولەکە بوو.
- ڕاست بڵێ تەمەنت چەندە؟
- ٣ساڵ هەروەك تەمەنی حەزرەتی – مەسیح –.
- کەواتە تۆ ئامادەی قوربانی دانی.
- بە ئیزنی خوا.

❖ ئایا بەمە ڕازیت.

❖ بەڵێ.

❖ باشە پێم بڵێ خوای تۆ کامەیە.

❖ خوای من خوای ئێوەیە.

❖ ناوی چیە.؟

❖ ألله بەرز و پیرۆزبێت.

❖ نا..لەگەڵ من بڵێ یەسوعی مەسیحە.

❖ پیاوەکە بە داچڵەکینێکەوە وەڵامی دایەوە.

❖ یەسوعی مەسیح!!

❖ وادیارە ئەم ناوە کاریگەری خستە سەرت وانیە؟

❖ بەڵێ.

❖ جۆری کاریگەریەکە چی بوو؟

❖ لەناوخۆدا بوو.

❖ ئەو دەنگەی لەناوخۆت چی پی وتیت؟

❖ نازانم – نازانم ئێستا چی بڵێم.

❖ ئەوەی بیرت لێ کردۆتەوە بە دەنگی بەرز بیڵێ.

❖ ناتوانم چونکە ئازارم یەکجار زۆرە. زۆرم لێ دراوە. قسەکردنیش بە ئەندازەی توانایە نەك بە ویستی داواکاران.

نوسەرەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری سەرۆکەکەی کرد، سەرۆك ووتی: وادەزانم ئەگەر بە قامچی لەسەری بدرێت دێتە قسەکرن...؟!

خێرا یەکێك لە جەللادەکانی بەردەبێتە لێدانی لەسەرو دەموچاویەوە و خوێن فیچقە دەکات و لەتاو ئازار لول دەبێت — کاهین — یش دەڵێت: —سامۆئیل — وەرە بۆ لام و دان بە تاوانەکانتا بنێ. پێم بڵێ.... ئێستا بیر لە چی دەکەیتەوە؟ ڕاست بڵێ پێش ئەوەی سزات بەسەردا بسەپێنرێت، وەرە پێشەوە، — محمد — ناوی تۆ بوو پێش ئەوەی ببیت بە مەسیح، باشە بۆ ناوی خۆت نا — سامۆئیل — بۆچی ناوی یەکێك لە قدیسەکانی وەکو — بوتریس یان پۆلس —ت هەڵنەبژارد.؟!

پاشان ئاوڕێکی دایەوە بەلای نوسەرەکەدا و پێی وت: بنوسە

֍ لەکوێ لەدایك بوویت؟

֍ لە ( طنجه ).

֍ ئایا تۆ ئیسپانیت؟

֍ ئیسپانی بووم.

֍ بۆچی دەڵێی — بوم —؟

֍ چونکە مەرج نیە هەتا هەتایە هەر ئیسپانی بم.

❀ باوکت؟

❀ باوکم نیە مردووە.

❀ دایکت؟

❀ ئەویش هەر مردووە.

❀ لە کوێ مردوون؟

❀ لە بەندینخانەکانی ( دادگای پشکنین ).

❀ سوتێنراون؟

❀ نەخێر. بەڵکو ئەوەندە ئەشکەنجە دراون تا گۆشتیان بە لاشەوە نەماوە دەرەنجامی سەختی ئەشکەنجەدان مردوون.

❀ بەچی تاوانبار کرابوون؟

❀ بێ تاوان بوون.

❀ برات هەیە؟

❀ وابزانم.

❀ چۆن وابزانیت. براکانت لە کوێن.؟ لە کوێ دادەنیشن؟

❀ باشتر وایە تۆ بڵێی لە کوێ مردوون و گۆڕیان لە کوێیە؟

❀ دیارە تۆ دەتەوێت، سەبرمان نەمێنێت لەگەڵت.... دەست دەکەین بە ئەشکەنجەدانت.

❀ کارێکی خراپە.

❀ دەیکەواتە تۆ ناتەوێت شوێنی براکانی ترتمان پێ بڵێیت ( دیوانی پیرۆز ) لەلای شاراوەی نیە، کە تۆ برای ترت هەیە وە لە ژیاندان و بەدزیەوە لە مزگەوت نوێژ دەکەن.... نازانی لەکوێن؟

❀ نازانم.

❀ کاتێك بڕیاری دادگایان بەسەردا درا ڕایان کرد. نازانی بۆ کوێ چوون؟

❀ نەخێر.

❀ باش بیربکەرەوە بەڵکو بزانیت.

❀ چۆن بتوانم باش بیربکەمەوە من زۆر وەزعم خراپە و بیرم لای خۆم نیە؟!!!

❀ پێویستە پێمان بڵێی لە کوێن. تا دەرونیان ڕزگار بکەین!!

❀ وەکو ئەوەی کە ئێستا ئێوە لەگەڵ من ئەنجامی دەدەن؟!

❀ تۆ لەگەڵ ئافرەتێك دەژیت ئەو ئافرەتە كێیە؟

❀ هاوسەرەكەمە.

❀ چۆن دەتوانی ئەم قسەیە بكەیت؟

❀ ئەو خۆی دەیەوێت وابێت.

❀ ئەو ( مەسیحیە ) تۆ بەم كارەت پێچەوانەی مەسیحیەتە دژ بە داوێن پاكییە، پێویستە خێزانەكەت بدەیتە دەست – دیوانی پیرۆز –.

❀ ئایا داوێن پاكی لای ئێوە ئەمەیە؟

❀ ئێمە قسە و باست بۆ ناكەین، بەڵكو فەرمانت پێ دەدەین.

❀ ئەگەر ئێوە فەرمانم پێ دەكەن ئەوا باشتر وایە بمكوژن، ئەمەش گەورەترین شتە كە لەدەستتان بێت. ئەو دەم ژنەكەم نوێژم بۆ دەكات.

❀ بەدبەخت تۆ هەروا سوریت لەسەر كەللە ڕەقی خۆت.؟!! هەڵە و سەرەڕۆییەكانت باش بكە ئەگینا ئەوا نرخی ئەم كەللە ڕەقیەت قورس دەكەوێت لەسەرت. ئێستا با كاری خۆمان تەواو بكەین.... كوا براو خێزانەكەت؟ لەكوێن؟

❀ لە شوێنێكی ئارامدان.

֍ ناتەوێت لەمە زیاتر دانی پیایا بنێیت؟

֍ مـن دانپیانـانم تـەنها بەرامبـەر خودایـە کـە پەروەردگارمـە. ئێـوە ئەشکەنجەم دەدەن. خواخۆی دەزانێت کە من بێتاوانم.

֍ ئێستا دەبڕێیت بۆ ئەشکەنجەدان باشتر وایە دانی پیادا بنێیت.

֍ ئەشکەنجەم بەلاوە گرنگ نیە چونکە لاشەم سڕبووە.

֍ ئەگەر وەڵامی پرسـیارەکانمان نەدەیتـەوە. ئـەوا بـەزۆر هێنـدەت ئـاو دەرخوارد دەدەین کە بتخنکێنێت.

֍ من هەردوو قاچم بە ئاگری ئێوە سوتاوە و هەر ماویشم و نەمردووم.

یەکێك لە قەشەکان دەنگی خۆی ناسك کردەوە. وەك ئەوەی بیەوێت سۆزی خۆی نیشان بدات. بەزۆر لەخۆکردنێکەوە ووتـی:

❖ کوڕم بزانە ئەم ئەشکەنجەدانەی تۆ لەلای ئێمە تـەنها بـۆ ئەوەیـە کـە دانبنێیت بە چارەنوسی باقی ئەندامانی خێزانەکەت کە خۆشـت دەوێـن، بەم کارەت خۆشت و ئەوانیش ڕزگار دەکەیت.... و بەرەو ئاسمان بـەرز دەبنەوە..!!!

ئەویش لە وەڵامدا ووتـی:

❖ ئەگەر ئێمە بچینە ئاسمان، ئەی کێ ئێوە لە دۆزەخ بنێت؟!

یەکێك لە سەرۆکەکانی دادگائامـاژەی دایـە جـەللادەکان کـە بـەرگی ڕەشیان پۆشیبوو وە لەبەردەم دەزگاکانی ئەشکەنجەداندا وەستابوون، خێرا پەلاماری بەندیەکەیان دا و پـەت و گوریسـیان لـە گـەردن و سـنگ ئاڵاند، هەندێکی تریان قاچیان بەستەوە و خستیانە سەر مێزێـك و تونـد بەستیانەوە، یەکێك لە جەللادەکان گۆزەیەك ئـاوی بەدەسـتەوە گـرت و بەرەو لای چوو ئەویتریشیان بۆریەکی بەدەستەوە گـرت، ئـەو—کـاهین—ەی ئەرکی ئامۆژگاری کردنـی تاوانبـاران و نوێـژکردن بـوو لـە پێناویـان ووتـی:

❖ ئێستا سامۆئیل کوڕم بۆ ناچارمان دەکەیت ئەشـکەنجەت بـدەین ئـەم هەموو ئازارە بەسەر خۆتا بهێنیت. مادام بواری ئەوە هەیە خۆت دەرباز بکەیت ئەوا پێمان بڵێ براکانت و هاوسەرەکەت لەکوێن.؟

ئەویش ووتـی:

❖ نـاتوانم هیچـتان پـێ بڵـێم، چـونکە مـن سـوێندم بـۆ خـواردون کـە خیانەتیان لێ نەکەم و پەیمانی ئەوەم داونەتێ کە تەسلیم بـە — دیـوانی پیرۆز — یان نەکەم....

کاهینەکە ووتـی:

❖ بەڵام ئێمە دەزانین ئەوان ئەم حاڵەی تۆیان پێ خۆش نیە، حەزناکەن هێندە ئازار بدرێیت.... بێ دەنگیت ئەمانەت پارێزی نیە بەڵکو شێتیە.... پێش ئەوەی ئەشکەنجە بدرێیت بیڵێ.

❖ من سوپاستان ئەکەم ئەگەر بەیەکجاری بمکوژن.

❖ واز لەم کەللە ڕەقییە بێنە باش بزانە تۆ لەوانەیە بمریت بێ ئەوەی ئەوان بزانن تۆ خۆت کردۆتە فیدای ئەوان، ئەمڕۆ بێت یان سبەی دادگا دەیان گرێت، ئیتر ئەم کارەی تۆ هیچ بەرهەمێکی نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرەکەت لەبیرت دەکات وە شوو بە یەکێکی تر دەکاتەوە، خۆ لەوانەیە هەر ئێستاش ناپاکی لەگەڵ کردبێتی..!!!

پیاوەکە هاواری کرد:

❖ بێ دەنگ بە ئەی بێ نرخ و سوك، بابزانن ئەشکەنجەی جەستەم هێندەی ئەم قسە ژەهراویانەتان ئازاری ڕۆحم نادات.!!

پیاوەکە دەستی کرد بە گریان، ئەوانیش کەوتنە ئەشکەنجەدانی، هاوار و ناڵەی پڕ بە هۆڵەکە بوو، بەڵام کەسێك نەبوو لە دەستیان ڕزگاری بکات، قەشەکانیش لەسەر سەری وەستابوون و کتێبەکانیشیان بەدەستەوە گرتبوو بەناوی – مەسیح – ەوە خەریکی وتنەوەی سرودەکانیان بوون!!!!

ئەو دەمەی ئەمان سەرگەرمی ئەشکەنجەدان بوون، ئافرەتێکیان پەلکێش کردە ناو هۆڵی دادگا کە خۆڕاگری پێوە دیاربوو بوێر لە ڕوخساریدا دەخوێندرایەوە. سەرۆکی دادگا بەچاوێکی تیژ و دەموچاوێکی تووڕەوە کە تۆڵەکردنەوەی لێ دەخوێنرایەوە ڕوی کردە ئافرەتەکەو ووتی:

❖ ناوت چیە؟

❖ سۆزانا فرناندس.

هاوسەرەکەی لەژێر ئەشکەنجەدا گوێی لێ بوو، زۆر نیگەران بوو ئاوڕی بەلادا دایەوە.

سەرۆکی دادگا هێندەی تر چاوی سوور بوو کەوتە پرسیار لێکردنی.

❖ کچی کێیت؟

❖ نازانم.

❖ ئایا نازانیت باوکت و دایکت کێن؟

❖ نەخێر جارێکیان لە گەڕەکی – نزیانا –پیاوێکم بینی کە بەڕێگادا دەڕۆیشت پێیان ووتم کە ئەوە باوکتە.

❖ هەمووی هەر ئەمەندە بوو؟

❖ بەڵێ.

❖ ئەو پیاوە ناوی چی بوو؟

ئەویش وەڵامێکی سادەی دایەوە:

❖ پێیان ووتم کە دوو ناوی هەیە یەکەم ( پیاوە خواپەرستەکە ) دووەم ( پیاوە هارەکە).

❖ دایکت کێ یە؟

❖ دایکمە.

❖ لە کوێیە؟

❖ مردووە .

❖ لە کوێ مردووە. ئایا لە دۆڵە گەورەکە کەوتە خوار؟

❖ نەخێر بەڵکو بەدەستی ئەنقەست کوژرا.

❖ ئەمە چۆن بوو؟

❖ ئەو لەبرسا لەناو بەندینخانەی دادگای پشکنین دا مرد.

❖ پێش ئەوەی بگیرێت لە کوێ بوو؟

❖ لەگەڵ پیاوێك لە پیاوانی پاشماوەی عەرەبەکان کە ڕۆژانە بەبەرماڵماندا دەهات و دەڕۆیشت بڕیاری دا بۆ هەتاهەتایی لەگەڵیدا بژی. منیش بڕیارم داوە بچم بۆ لایان..!!!

❖ ئەو پیاوە مردووە؟

❖ بەڵێ ئەویش لە بەندینخانەی – دادگای پشکنین – دا مرد.

❖ ئایا مەسیحی بوو...؟

❖ نازانم.... بەڵام بۆ ئەوەندە لەبارەی مەسیحیەتەوە پرسیارم لێ دەکەن ئایا مەسیح هەقی چیە بەسەر – دادگای پشکنین – ەوە.؟

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، کە جەللادەکان داباریننە سەری و دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانی بەشێوەیەك شەرمەزاریە باس بکرێت.

بەڕێز گراهام....

❖ ئەمڕۆ ئەوەندە بەس نیە؟

❖ بەڵێبەڕێزگراهام ئەمڕۆئەمەندەبەسە...!!

بەڕێز فۆکس.... ئەو ڕۆژانە ڕۆیشتن و تێپەڕین تازە شتی وا نابێتەوە، ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمی – نەتەوە یەکگرتووەکان – داین، ئەمڕۆ دنیا لە سایەی برایەتی و یەکسانی و ئازادیدایە!!

❖ ببورە بەڕێز فۆکس! تا ئێستا شەڕ دژی ئیسلام و مسوڵمانان هەر درێژەی هەیە.!

بەڕێز پۆڵ.... بەڵام ئێمە هیچ شوێنەوارێکی ئەو شەڕەی تۆ باسی دەکەیت نابینین، یان بەڵگەیەك لەبەردەستدا نیە ئاماژە بەوەی جەنابت بکات.

❖ ئەمـە لوتکـەی کارەسـاتی دنیـای ئەمڕۆمانـە.... مرۆڤـی ئـەمڕۆ کـەم سەیری چواردەوری خۆی دەکات، ئەمڕۆ سەدەی ڤیدیۆ و سێکس ومادە بێهۆشـــکەرەکانە.... دەزگـــا نهێنیـــەکان ڕۆڵـــی خۆیـــان بینـــی لـــە چەواشەکردنی ڕاستیەکان و پەردەپۆشکردنیان....

مرۆڤــ زۆر درەنــگ لــە بــەنجی نەشــتەرگەری ســڕینەوەی مێشــکی بەئاگادێتەوە. هەر ئاوا لەناو تەمومژی چڕی مادەی بێهۆشـکەر و مەیـدا هـەنگاو دەنێـت.... لەگـەڵ ئـەوەی بـەهۆی بـەکارهێنانی تەکنـەلۆژیاوە ڕوبەرەکان کورت بونەوە، کەچی پانتاییـەکی یـەکجار فـراوان لـە نێـوان مرۆڤــ و برای مرۆڤیدا بە ڕونی بەرچاوە.... لە هەموو ڕەهەندەکانەوە.

لە ڕووی:

- فیکرو ڕۆشنبیری....
- پێشکەوتن و شارستانیەت....
- پەروەردە و فێرکردن....

زۆر ڕەهەنـدی قـوڵ و فـراوانتر. کـە ئێسـتا لەسـەر زەوی کاریگـەری خۆی هەیە. ئەگەر بڵێم: تا ئێستا شـەڕ دژی ئیسـلام درێـژەی هەیـە.... وە شەڕ دژی مسوڵمانان لەگەرمەدایە.... لەبەر ئەوە ئەمانە ڕاستین....

کەچی ئەم ڕاستیانە لەلای بەڕێز پوڵ هەرچەندە زەڕەبینی گەورەکردنیشی لەلایە کەچی بونیان نیە....

خاتوو ڕۆس....

☸ هاوڕێکانم داوای ئەوە دەکەن ئەگەر بوارت هەیە کاتێکی ترمان بۆدیاری بکەیت، خۆ ئەگەر ڕەزامەندیشت نواند با بکەوێتە دوای ٣ شەممە.

☸ سڵاو لە تۆ خاتوو ڕۆس وە سڵاو لە هاوڕێکانت. زۆر باشە.

ئەی ئەو فیترەتە پاکانەی کە هەروا بە پاکی ماونەتەوە. سڵاوتان لێبێت سڵاو لە هەموتان بەیانی چوارشەممە، هەموو ئێوارە و بەیانیەکتان باش.

# ( گفتو گۆی سێهەم )

..✍ **گۆڕانی لە ناکاو.**

..✍ **چەند ڕازێك لە ویستگەی ئەندر گراوند** under Ground.

..✍ **ئەوروپا و ئیسلام یان چیرۆکی گورگ و مەڕ...!**

..✍ **چیرۆکی حاجی عبدالکریم گرمانۆس.**

..✍ **نەخشەی نوێی لویسی نۆهەم بۆ نەهێشتن و قەلاچۆکردنی ئیسلام.**

..✍ **لە کونی ماردا یان مژدە دەر و ڕۆژهەلات ناسان.**

..✍ **ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا لایەنگرە....**

..✍ **مبیلتون ئۆبۆتی...کوشتنی ٣٠٠٠٠٠ هەزار ئۆگەتری....**

..✍ **خوێنڕێژەکان....بازرگانانی کەلەسەر...**

..✍ **سەردەمی ئیستعماری خوێناوی...**

..✍ **کوشتنی بە کۆمەڵ.... بەناوی مەسیحیەتەوە....**

..✍ **جەنگی ئەتۆمی.... کۆتای ژیان.... شارستانیەت.**

..✍ **٥٠ هەزار موشەکی ئەتۆمی....لە چاوەڕوانیدا....**

..✍ ئەو پرسیارەی بەرۆکی جیهان ئەگرێت....

..✍ ڤۆڵتێرو.... تەمەدا کردنی ئوسقف و پیاوانی ئاینی.

..✍ لەبەر ئەمەیە....دژ بەئیسلام دەجەنگن.

..✍ کۆنگرەی شەیتانەکان بە سەرۆکایەتی ئیبلیس !!!!!

بەیانی چوارشەمە دوای تێپەڕینی شەوێکی کورت و هێمن.... شاری سدنی هەر باوێشکی دەدا بۆنی گوڵی دەدا بەسەر ڕێگاو بان وڕێبوارانی مانگی گەرمی بەهاری گوڵاو پرژێن دەکرد....!

هەر کەلەماڵ هاتمە دەرەوە بیرم کەوتەوە کە کرێی شوقە کەم نەداوە وە دوا خستنی ڕووبەڕوی دەرکردن و ئاوارە بونت دەکاتەوە....!

خێرا بەرەو وێستگەی شەمەندەفەری ڕۆژهەلآت چووم....بەرەو ئەسترافیلڵد کە بریکاری خاوەن شوقەکەی تیایا نیشتەجێ بوو، ئەم گەڕەکەش دوو ویستگە لە ئەشفێلڵدەوە دوور بوو.... هەر لە - ئەسترافێلڵدەوە - پەیوەندیم بە مزگەوتەوە کرد تا کاتی دیدارەکەبە ڕێك و پێکی دیاری بکرێت پاسەوانەکە پێی راگەیاندم کە خاتوو - فیکی - ئاگاداری کردووە کە دانیشتنەکە خراوە تە سەعات ٣ پاش نیوەڕۆ.... ئەمەش بۆ من دەرفەتێکی باش بوو کە تیایا چەند کارێکی خۆمی تیا جێبەجێ بکەم چونکە کات زۆر کەمە....

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

لە ئەسترافیلڵدەوە هەر شەمەندەفەرێك خۆت پێت خۆشە دەتوانی دیاری بکەیت لەم ناوچەیەدا چەندین هێڵی ئاسنین یەکدەگرنەوە،

شەمەندەفەر هەیە تەنها لە ویستگەیەکدا دەوەستێت ئەویش بۆ ئـەوەی بگەیتە سدنی، هەیانە دوو جار هەیانە سیٚ جار ئەوەستێت تیاشـیاندایە لە هەموو وێستگەیەك دەوەستێت کە زۆر هێواشە.

دەتوانیـت ڕۆژنامەکـەتی تیـا بخوێنیتـەوە مـن هیچـم پـیٚ نـەبوو بیخوێنمەوە لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە بوومەوە پێویستم بـە کـات بـوو تـا زیـاتر سـودمەند بـبم نـەك لـە بێدەنگیـدا کـات بکـوژم خێـرا ڕووەو کونسولگەری میسر چووم....

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

نزیکەی سەعات ١ ی دوا نیوەڕۆ بوو کـە کونسـولگەری میسـرم جـیٚ هێشت ئەم ناوچەیەم زۆر پیٚ خـۆش بـوو چـونکە کتێبخانـەی زۆری تیـا بوو هەروەك موچەی مانگانەی کارەکەشم ڕەوانەی یەکێك لە بانکـەکانی ئەم ناوچەیە ئەکرا، هـەر لێـرەش دا چێشـتخانەیەکی گـەورە بـە نـاوی ـ ماکدۆناڵد ـ ی لیٚ بوو کە دوای ئـەو دەچـومە چـایخانە بچوکەکە بـۆ چـا خواردنەوە یەك و پشوودانێك.

بـەڵام بـۆ کەسـێك کـە تـا بنـا گـوێی لـە خـەم و خەفـەتی وڵاتـانی ئیسلامیدا نغرۆ بێت مانایەك بـۆ حەوانـەوە نییـە بـە تایبـەت کـە جـاریٚ ئاسۆی ڕون لە دەربەندەوە دورە....

پاشان ئەوروپا بۆ هێندە بە زەقی و بە ئاشکرا ئاوا دژ بـە ئیسـلام و موسـولمانان کەوتۆتـە خـۆو شـەڕ دەکـات....؟ چـەمك و واتاکـانی سەدەکانی ناوەڕاست چۆن هەتا ئەمڕۆ هەر ماون و لە هەست و نەستی سـەرکردەو سیاسـەت مەدارانیـدا خـۆی حەشـار داوە؟ لـەم قۆناغـەدا کەنیسـە ڕۆڵێکـی بەرچـاوی بینیـوە لـە چەواشـە کردنـی ئیسـلام و درۆ هەڵبەستن و ترساندنی خەڵکی لە ئیسـلام و بانگەشـەی قەڵاچـۆ کردنـی ئیسلام.

ئەمە ڕۆژگارێك کە ئەوروپا یەك لەسەر دەی ئێستا نەبووە، لەندەن و پاریس و باقی شارەکانی تری ئەوروپا چاڵ و چۆڵ و خانەی نەخۆشی و مەرگ بوون خـەڵکی لـە خانوویەکدا دەژیـان کـە نـە خـۆر و نـە هـەوای تێنەدەچوو.... عەقڵی خەڵکەکەشی لـە واقعـی ژیانیـان پێشـکەوتوو تـر نەبوو.... خوێنـدن نەبوو....زانسـت نـەبوو.... کـارو پیشـەی عـەقڵیش تـەنها تەسـلیم بـوون بـوو بـە بڕیارەکـانی قەشـەو کاهینـەکان، پـیس و پۆخڵی سیمای کەسی دیندارو خۆپارێز بوو لە گوناه یەکێك لە راهبەکان کەسێکیان کرد بە قەشە کە لە ماوەی حەفتاساڵی تەمەنیدا تـەنها یـەك جار بە ئاو خۆی شتبوو...!

ئەورووپا بۆ چەندەها سەدە هەروا لەو زۆنگاوی نەفامی و نەزانیەدا مایەوە، ئەوەی کە قورەکەی خەست کردەوە ئەو زوڵم و تاوانانە بوو کە دادگاکانی پشکنین ئەنجامیان دا کە مرۆڤایەتی لە تاریکترین سەردەمدا زوڵم و ڕەشە کوژی لەو جۆرەی بەخۆیەوە نەدیبوو....

سەردەمی راپەرین هاتە پێش.... لەم سەردەمەدا عەقلّ و ویژدان لە ژێر رکێفی کەنیسە هاتنە دەر کە تا ئەو دەم کۆت و بەندکرا بوون، سەرهەڵدانی ئەو ڕۆژە لە ئاسۆوە ئاماژە بوو بە ئاوا بوونی ڕۆژی کەنیسەو تێکشکانی پلەو پایەی لە ناو خەڵکیدا.

بزوتنەوەی ـ مارتن لوسەر ـ و پەیمان نامە بەناو بانگەکەی کە ساڵی ١٥١٧ زاینی بە دەرگای کەنیسەی ـ وتنبرگ ـ دا هەڵواسی یەکەمین چەکوچ بوو کە درا بەسەری ئەو دام و دەزگا خوێنڕێژیەدا هەر لەو سەرو دەمانەدا نوسەرو بیرمەندی وەك و.... جۆن ستیوارد مل و مۆنتیسکۆ و جان جاك ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر و ئادەم سمیس.... هتد سەریان هەڵدا.

هەر لەو سەردەمەدا جۆن ستیوارد مل کتێبی —ئازادی— نووسی — ئادەم سمیس —یش کتێبە بەناو بانگەکەی— سامانی گەلان—ی نووسی مۆنتیسکۆ ـ ڕۆحی یاساکان ـ و جان جاك ڕۆسۆ ـ پەیمانی کۆمەڵایەتی ـ یان نووسی.

ئـیتر نووسـین و توێژینـەوە پـەیتا پـەیتا بـەدوای یەكدا هـاتن كـە هــەموویان داباریـنــە سەرســەری كەنیسەوســەردەمە پڕكوشــتوبڕو تــاریكیــەكـەی ( ڕێنان ) كتێبێكی نــووسی كە تیــایا ئەوەی سەلمـاند ( مەسیح ) نە خوایەو نە كوڕی خودایە بەڵكو مرۆڤێكـی بـەڕێزو خـاوەن شكۆو گیانێكی پاك بووە.

جا ئەگەر ( مەسیح ) خوا نەبێت و كوڕی خواش نەبێت ئەوا كەنیسـە بۆ خۆی لە جێگای خۆی دەڕوخێت. هەندێكی تریان ئەوەیان نووسی كە ئێمە زۆر لەسەر ناسینی ( مەسـیح ) مانـدوبووین هیچـمان لەبەردەسـتدا نیە تەنها ئەوە نەبێت كە بڵێین ( مەسیح ) لە ئەفسانەیەك زیاتر چی دی نییـە ( بابیـە ) مامۆسـتای كۆمەڵناسـی لـە زانكـۆی سـۆربۆن هۆكـاری سـەرەكی ئـەوەی كـە ئیمپراتـۆری ڕۆمـانی ( قسـطنطین ) بـووە بـە مەسیحی بۆ ئەوە ئەگێڕێتەوە چونكە هیچ ئاینێكی تـری نەدۆزیـەوە كـە هـانی دەمـارگیری بـدات هێنـدەی مەسـیحیەت بـۆ ئـەویش بـە باشـترین دەرفـەتی زانـی كـە ئیمپراتۆریەتەكـەی خـۆی پـێ لـە یـەك هەڵوەشـان بپارێزێت.

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

شنەبای فیکر هەڵیکرد.... کەشتی عەقڵ کەوتە دەریا و لە ڕۆژئاوا دورکەوتەوە هەندێك لەو کەشتیانە لە بەندەرەکانی ئیسلام کەناریان گرت، دور لە درۆو دەمارگیری.... بە ئیسلام ئاشنا بوون.... لەو کەسانەی لەناو ئەوکاروانە دا بوون سەرکردەو بیرمەندو.... لە هەموو تایەفەو ڕێچکەیەك بوون. وە ئەوانیش بوون بە دوو دەستەوە:

❖ هەندێکیان بە ئازادی و بوێری خۆیان موسوڵمان بوونی خۆیا ڕاگەیاند.

❖ کۆمەڵێکی تریان ئیسلامیان خۆش ویست و بە ئاشکرا بەرگریان لێکرد.

جێی خۆیەتی لێرەدا باس لە ڕۆژهەڵات ناسی نەمساوی –عبدالکریم جرمانۆس– بکەین کە خۆی ئاوا چیرۆکی موسولمان بونی خۆیمان بۆ ئەگێڕێتەوە.

لە مۆڵەتێکی پشووی هاویندا بەختم وا بوو ڕووم کردە بۆسنە، ئەویش نزیکترین وولاتی ڕۆژهەڵاتی خۆمانە.... هەر کە لە ئوتێل دابەزیم یەکسەر هاتمەدەر و حەزم کرد بزانم واقیعی ژیانی موسوڵمانان چۆنە....

شەو بوو چومە سەر شەقام و گڵۆپەکان بەکزی ڕووناکیان دەبەخشی خێرا گەشتمە گازینۆیەك کە دوو پیاو کە خەڵکی بۆسنە بوون لەسەر دوو کورسی تۆزێك بەرز دانیشتبوون خەریکی خواردنی ـ کیف ـ بوون شرواڵی فش و گەورەی باوی خۆیان لەبەردا بوو کە لە ناوەڕاستدا پشتوێنێکیان بەسەردا بەستبوو خەنجەرەکیشی بەسەردا کردبوو روخسارو پۆشاکیان ڕەقی و زبری لێ دەخوێنرایەوە بۆیە هەر کەچوومە ـ قاوە خانەکە ـ بە ترسێکەوە چوومە کەنارێك. هەردوو پیاوەکە بە چاوێکی سەیر لێیان دەڕوانیم سەیرکردنی ئەوان بۆ من هەموو ئەو چیرۆکە ترسناکانەی بیرهێنامەوە کە لە بارەی دەمارگیری مسوڵمانانەوە خوێندبوومەوە دیارە لەلایەن نووسەرانی بێ ئینساف و هەوا دارانی دژ بەمسوڵمانانەوە نووسرا بوون،لە نێوان خۆیاندا خەریکی چپە کردن بوون، دیارە بابەتی چپە کردنەکەشیان چوونی لە ناکاوی من بووە بۆ لای ئەوان، لە بیروەریەکانی منداڵیم ترسی زیاترم لێ نیشت بێگومان ئەوان ئێستا ئەو خەنجەرەی کە بەستوویانە ئاراستەی سنگی منی کافری میوانی دەکەن، هیوا خواز بووم کە دەرفەتێك ببوایەو لە دەستیان رام بکردایە، بەڵام هێزو ووزەم خیانەتیان لێ کردم نەمتوانی لە جێگای خۆم بجوڵێم....!

پاش چەند چرکەیەك شاگردەکە کوپێك قاوەی بۆ هێنام کە لە دوورەوە بۆنی دەهات وە ئاماژەشی دامێ کە ئەمە لە لایەن ئەو دوو کەسەوە بووە. بە ترسێکەوە سەیرم کردن، وە هاوپێچ بە زەردەخەنەیەکی ناسکەوە سەلامیان لێ کردم منیش بە دوودڵی و زۆر لە خۆ کردنێکەوە بە زۆر لەسەر لێوم زەردەخەنەیەکی دەستکردی ساردم بۆ دەربڕین، ئەو دوو دوژمنەم لە جێگای خۆیان هەستان هەروەك بیرم لێ دەکردەوە هاتنە سەر مێزەکەی من.... ئیتر هەستێکی سەیر بەرۆکی گرتم.... بڵێی بیانەوێت دەرم بکەن و فڕێم دەنە دەرەوە؟ بەڵام بۆ دووەم جار سەلامێکی تریان لێ کردم و لە تەنیشتمەوە دانیشتن یەکێکیان جگەرەیەکی پێچراوەی پێشکەش کردم، لەو ڕووناکیە کزەی ناو قاوەخانەکە لەو دیو ئەم ڕوخسارانەوە کە مەترسی داربوون گیانێکی پاك و بەرێزم دەبینی، زۆرم لە خۆم کردو ئازایەتی خۆمم کۆکردەوە و بە تورکیەکی شکست لە گەڵیان کەوتمە قسە کردن، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا قسەکانم وەك دار عەسای سیحری وا بوون، کە سۆز و خۆشەویستی زۆریان بۆ دەربڕیم.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە من وام دەزانی دەمکوژن، کەچی ئەوان فەرمووی سەردانی ماڵەوەیان دەکردم تالەوێ میواندارییم بکەن.

موحیبەتی زۆریان بۆ نواندم، کە من وام دەزانی دەمدەنە بەر نووکی خەنجەرەکانیان!! ئەمە یەکەمین بەیەکگەشتنی من و ئیسلام.... من و مسوڵمانان بوو....

پێویستمان بەوە نییە کە قسە لەسەر گەورە نووسەری روسی ( تۆڵستۆی ) بکەین ئەو لەو کەسانە بوو کە خاوەن نەفسێکی بەرزو کەم وێنە بوو بەردەوام لە بیری بەختەوەری مرۆڤەکان و کەم کردنەوەی ئازارەکانیاندا بوو، بە چارەسەری نەخۆشیەکانیان و دڵدانەوەیان و تێر کردنیان و ڕزگار کردنیان لە برسیەتی و.... وەك هەربلیمەتێکی تر ڕووبەڕووی زۆر گرفت و ناڕەحەتی کرایەوە، ئەمەش کەسانی هەق نەویست و دەمارگیرێتی هەڵدەستان.

لەو هەڵوێستە نەمرانەی کاتێك کە بینی هەڵمەتێکی زۆر دڕندانە ئەکرێتە سەر ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام(ﷺ) لەم بارەیەوە رای خۆی دەربڕی کە زۆر سەرسام بوونی خۆی بە کەسایەتی پێغەمبەر(ﷺ) نیشاندا.... لە پاداشتی ئەم هەڵوێستە یدا کە ووتنی ووشەی هەق بوو پاپا بڕیاری دەرکردنی دا لە –بەزەیی خوا– تۆڵستۆی دەڵێت: (گومانی تێدا نییە کە ئەم پێغەمبەرە لە گەورە پیاوانی چاکسازییە. کە هەستاون بە خزمەتگوزاری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە

خزمەتێکی گەورەو گران. ئەوەندەی شانازی بەسە کە گەلەکەی کە هەموو ئوومەتەکەی بەرەو ڕووناکی و هەق بردووە کە لە ژێر باڵی ئەمدا بە ئاشتی ژیاون، لە کوشت و کوشتارو خوێن ڕێژی دوورکەوتونەتەوە، هەروەك ئەو شانازیەشی بەسە کە ڕێگای پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونی بە ڕوودا کردنەوە ئەم کارەش بە کەسێکی بەتواناو دانا نەبێت ئەنجام نادرێت،پیاوی لەم جۆرە دارای ڕێزو شکۆ لێنانە).

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

ئەم جۆرە کەسە بیرمەندانە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە کردنەوەی دەرگای بیرو هۆش بە ڕووی ڕاستیەکاندا کە سەردەمانێکی زۆر خەڵکی دابڕێنرا بوون بگرە لە نووسین و تێگەشتندا شوێنەواریان نەمابوو هەرئەم ڕزگاربون و چاو خشاندنەوە بە مێژووی گەلاندا وای کرد کە کەسانی تریش بەدوای ئەماندا جێ پێیان هەڵگرن و بکەونە دوای ڕاستی ناسین ئەمەش زۆرێك لە ڕۆشنبیرو زاناو فەیلەسوفی وەك و.... ڕیپینە جینۆ.... ئاتین دینیە.... لیۆبۆلدڤایس....برناردشۆ.... هۆدلی.... تۆماس ئارنۆڵد.... هتد بوونە ڕێبواری ئەو ڕێگایە....

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

لە پڕ گوێم لە پیاوێك بوو كە داوای لێ دەكردم بۆ چوونە مزگەوت!!
ئاوڕم دایەوە بزانم ئەو پیاوە كێیە كە ئەو كاتەم بیردەخاتەوە....!!!!

ئەوە بەڕێز ( گراهام و خاتوو كارولین)ن.

سوپاسی دەستپێشخەریەكەیانم كرد.ئیتر هەرسێكمان بەرەو دەرگای وێسگەكە چوین و سواری شەمەندەفەر بوین تا پێش سەعات ٣ بگەینە مزگەوت... پێش نوێژی عەسر كاتەكەی بۆ ئەم جۆرە گفتو گۆیانە دەستی نەدەدا....

بەڵام دەرفەتێكی باش بوو بۆئەوەی لەگەڵ كەسە تازەكاندا یەكتر بناسین كە هاتبوون ئامادەی ئەم جەنگە بێ دەنگەبن ....یەك بەدوای یەك خۆیان ناساند ٣ گەنج بە ناوەكانی –ئەلفرید–رالف – فرانك خۆیان ناساند....دیاربو ئەو لەشكرە گیرخواردوە یەیان كۆمەكی بۆ هات....سەیرم كرد خاتو فیكی وەك سەركردەی سەربازی نەخشەی هێرشی جەنگیان بۆ دەكێشێت و جاڕی شەڕ دەدات....؟!

پرسیار لە خاتو هارولدە وە دەستی پێكرد.

خۆت دەزانیت من ئافرەتم.... ئافرەتیش سۆز و بەزەییان لە پیاوان زیاترە ئەوەی لە هەردوو دانیشتنی پێشوودا گوێمان لێبوو بە هیچ

زمانێـك راڤـە ناكرێـت....؟! بەراسـتی و راسـتگۆییانە....ئەمەی ئێمـە لـــەبارەی ئیســـلامەوە بیســـتمان بۆیەكـــەمجارە پێشـــتر نـــەمان بیستبو..گومانیشـمان لـە راسـتی قسـەكانی جـەنابت نیـە. ئەگـەر بـە ووشـەیەكیش بێـت ئێمـە لـە روی مەعریفیـەوە قـەرزاری بـەڕێزتانین... پەردەت لەسەر زۆرشتی پەنهان لادا.. ئێمە ئەوە بە كارەسات دەزانـین كە بەو جـۆرە لـە چەواشـەكاری لـە ئیسـلام بگـەین كـە ئێمـە لـە ژیـانی ڕۆژانـەی خۆمانـدا دەیبیـنین و دەیبیستین....بەلاَم....واهەسـت ناكـەن ئەمـە قۆناغێـك بـوو تێپـەڕی ئـەو گەلانـە لـەناو چـوون.... باشـتروایە مرۆڤایەتی چاو ببڕێتـە ئاسـۆیەكی رونـتر زیـاتر لـەوەی ئـاوڕ لـە رابـردو بداتەوە...؟!

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

سوپاس خاتو نانسی....

ئەمـەی جـەنابت باسـی دەكـەیت بـەردەوام خـەونی كەسـانی دڵ باشە.... دەبێـت چـی لـە لێبـوردەی و ئاشـتی و خۆشەویسـتی جـوانتر بێت؟....

نمونـە: مـن دەزانم كـە مێردەكـەی تـۆ فڕۆكـە وان بـووە لـە یەكـەی فڕۆكـەوانی پاشـایەتی (R.A.F) وە هاوسـەرەكەت یـەكێك بـووە لـە

بەشدارانی بۆمباباران کردنی ولاتەکەم لە شەڕی سێ قۆڵیدا .!!. بەلام من بچوکترین ڕقم لە هاوسەرەکەت نیە.... بۆچی ڕقم لێی بێت... ئەویش کوشتەی دەستی سیاسەت مەدارێکی عەقڵ لە دەست دراو بوو.... ناکرێت من تاوانی –مستر ئایدن– ی بخەمە کۆڵ..!!. ئەفسەر و سەربازەکانیش لەلایەکی ترەوە هەر قوربانین...!

چەندەم حەز دەکرد کە نیەت باشی بناغەی مامەڵە کردنی نێوان خەڵکی بوایە، هەروەك لەنێوان دەوڵەتەکان.. بەلام خانمی بەڕێز واقیع... شتێکی ترە...!! تەواو پێچەوانەی ئەوەی باسی دەکەین و خەونی پێوە دەبینین... جەنگی خاچ پەرستی کۆتایی هات..بەڵێ.. بەلام بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخ و گۆڕانکاریەکانی دنیاوە ئەویش چۆتە قۆناغێکی ترەوە....

لەگەڵ کۆتایی دواهەمین ڕۆژی تێکشکانی سەربازی هێزی خاچ پەرستی یەکەمین ڕۆژی شالاوێکی نوێ و بەربلاوی تری دەستپێکرد. ئەویش شالاوی بە مەسیحی کردن–ی جیهانی ئیسلامی بوو....

خاتو نانسی.. بەڵگەت دەوێت بۆ ڕاستی قسەکانم...؟

با لێگەڕێین مێژوو بدوێت... مێژوش باشترین مامۆستایە...!!.

( گراناڤیل )ی  مێژو نوس هاودەم و هاوڕێی لویسی نۆیەم. دەڵێت: – (بەندکرانی لویس لە شاری مەنسورە و گۆشەگیری تەنیایی لە بەندیخانەدا ئەو دەرفەتەیی هێنایە پێش کە زۆر بە هێمنی بیر لەو سیاسەتە گونجاوە بکاتەوە کە پێویستە رۆژ ئاوا سەبارەت بە موسوڵمانان بیگرنەبەر. لویسی نۆیەم دەر ئەنجامی بیرکردنەوەکەی بەوە گەیشت کە – بزواندنی هەستی ئاینی لە رۆژ ئاوا – بەتەنها بەس نییە بۆ بەرپا کردنی شەڕ دژ بە ئیسلام و سەرکەوتن بە سەر مسوڵمانانیدا.. جەنگی خاچ پەرستی لە رووی مرۆی و داراییەوە رۆژئاوای تەواوماندوکرد، وە هێزی خاچ پەرستان لە رۆژ هەڵاتدا روەو داڕمان چون و لە دڵی هەر خاچ پەرستێکدا ئەو پاڵنەرە ڕۆحیە ی هانی دەدا بۆ بەرپاکردنی شەڕی خاچ پەرستی مرد.

وەگۆڕا بۆ هەندێك پاڵنەری مادی کە پەیوەندی بە ڕۆحیەوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بە دەستکەوت و غەنیمە و تالآنیە ئەوە بوو کە بووە تاکە پاڵنەری سەربازی خاچ پەرستی بۆ شەڕ کردن!؟

لە میانەی ئەم بیرکردنەوە قوڵەی لویسی نۆیەم زۆر رووداو ئەزمون و کارەساتی هێنا و برد، وە لای وابوو کە لەناو بردنی ئیسلام، یان لانی کەم وەستاندنی لە شوێنی خۆی وە نەهێڵدرێت بڵاوببێتەوە...

ئامـانجێکی گـەورەو گرنگـی فەرەنسـا و ئەوروپایـە.... وە پرسـی ئایـە مەسیحیەت خۆی بەتەنها پێی دەکرێت ئەم کارە بکات و ئیسلام قەڵاچۆ بکات..؟؟!!

لە میانەی ئەو تاقیکردنەوانەی خۆی ئەوەی وەڵامی خۆی دایەوە کە کەنیسـە و فەرەنسـا ناتوانێـت ڕووبـەڕووی ئیسـلام ببێتـەوە... وە ئـەم ئەرکە دەبێت ئەوروپا خۆی پێی هەڵبسـتێت و ئیسـلام قەڵاچـۆ بکـات.. ئـیتر ئـەو بەربەسـتەی کـە ناهێڵێـت ئەفـەریقا و ئاسـیا بگرێتـە دەست نامێنێت. ( دینیە گروسیە )ی. مێژوو نوس دەڵێـت: – ( لویسـی نۆیـەم لە پێشەوەی ئەو کەسایەتیە سیاسـیانەی ڕۆژئـاوا وە بـو کـە نەخشـەی سەرەکی سیاسەتیان داڕشتەوە کـە دوا ڕۆژی ئاسـیا و ئەفەریقاشـی لـە خۆ گرتبوو.)

بـەم جـۆرە ( لویسـی نۆیـەم ) نەخشـەیەکی بنـەڕەتی سیاسـەتێکی داڕشـت کـە وای دەبینـی دەتوانێـت بـەم نەخشـەیە روبـەڕوی ئیسـلام ببێتەوە و هێزی تێك بشکێنێت.. لەو خاڵانە:

❖ گۆڕینی هەڵمەتەکانی خاچ پەرستی سـەربازی بـۆ هەڵمەتـەکانی خـاچ پەرستی ئاشتی. کـە هـەمان ئامـانجی هەڵمەتـە سـەربازیەکانی هـەبێت. هیچ جیاوازیەك نەبێت لە نێوانیاندا تـەنها جـۆری چـەکەکانیان جیـاوازە

لەم شەڕەدا ( مژدەدەران ) بە مەسیحی کەران — دەکرێنە سەرباز و دژ بە ڕێنومایەکانی ئیسلام دەخرێنە گەڕ. تا ئیسلام بوەستێنن. وە ئەم — مژدە دەرانە — سەربازی ڕۆژ ئاواین.

❖ هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی مەسیحیەکانی وڵاتانی ئیسلامی وە تەماع وەبەرنانیان بۆ جێ بەجێ کردنی هەمان داواکاری رۆژئاوا — (کەنیسە نیشتیمانیەکان).

❖ هەوڵدان بۆ دروستکردن و دانانی پێگەیەکی رۆژئاوا لە جیهانی ئیسلامیدا کە بۆ رۆژئاواییەکانە خاڵی پشت پێ بەستن و لێوە دەرچونی هێزی سەربازی و بانگەشەی سیاسی و ئاینی بێت. کە دەکرێت هەر کات ویسترالێرەوە گەمارۆ بخرێتە سەر موسوڵمانان و پەلاماربدرێن، وە ئەو خاکەی کە لویسی نۆیەم بۆ ئەم کارەی دیاری کرد بریتی بوو لە کەنارەکانی دەریایی ناوەڕاست لە غەزە تا ئەسکەندەریە کە فەڵەستین و ئەردەن و سەراپای لوبنان و بەشێك لە سوریا دەگرێتەوە.

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

ئێمە ناتوانین (رۆژهەڵات ناس)و (مژدەدەران) لەیەك جیا بکەینەوە چونکە ئەرکی رۆژهەڵات ناس چەواشە کردن و بە لاڕێدا بردنی عەقڵی رۆشنبیرەکان و دورخستنەوەیانە لە ئیسلام، وە ئەرکی مژدە دەرەکانیش ژەهراویکردن و چەواشەکردنی عەقڵی گشتیە بە هەموو

هۆکـارێکی هەڵفریوانـدن و لـە خشـتە بردن،هـەردووکیان هـاو تـەریبی داواکاریـەکانی ( ألاسـتعمار)ن جیـێ پـێ خـۆش دەکـەن بـۆ هێنـان و جێگرکـردن و مانـەوەی ( الاسـتعمار) زۆرینـەی مامۆسـتایانی رۆژهـەڵات نـاس و مـژدە دەران سـەریان لـە زانکۆکـانی رۆژئـاواوە دەرهێنـاوە — دیاری کردنی یەکەمین کورسـی لـە زانکـۆی ( کـەمبردج ) کـە بـۆ زمـانی عـەرەبی تـەرخان کـرا لـە سـەدەی ١٧ زاینـدا بـوو ،لـە سەرچـاوە ئەکادیمیەکانی زانکۆدا هۆکاری دیاری کردنی ئەم کورسـیەیان بـۆ ئـەوە باس کردوەکە: — (پیرۆز ڕاگرتنی ناوی خـودا و فـراوان کردنـی شـورای کەنیسە و بانگەشە کردن بۆ ئاینی مەسیحیەت لە نێوان ئەوانەدا کـە لـە تاریکیدا دەژین) وە یەکـەمین هـەوڵی یەکـەمین کـەس کـە لـە سـەر ئـەو کورسیە — دانیشت ئەوەبو کە پڕۆژەیەك ئامادە بکات بۆ رەتکردنەوەی قورئـان، هـەروەك — ئـاربری — لـە توێژینەوەکەیـدا دەڵێـت (بەشـی عەرەبی لە کەمبرج وە دروست کردنی پەیمانگای توێژینەوەی رۆژهەڵات لە — ئۆکسفۆرد — و پاشان هارفاردو بروستۆن و ئەوانی دی بـە هـەمان جۆر و بۆ هەمان مەبەست بوو.

هەرلـە سـەرەتاوە هاونیـەتی و یـەك مەبەسـتی لـە نێـوان رۆژهـەڵات ناسی ئـەکادیمی و مـژدەدەرانی ئنجیلـی دا بـونی هـەبووە، ئەمـەش بـۆ

تێکدانی توێژینەوەی رۆژهەڵاتی ئیسلامی، ئەو مامۆستا یانەی کە بە کاری وانە وتنەوە هەڵدەستان لە پەیمانگاکاندا ئەو توێژەرەوانەبوون کە لە خەتی ( کەهەنوتی )دا کاریان دەکرد –THE HOLY ORDER – بەدوای ئەمانەشدا جولەکەش دەهاتن، کاتێك کە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت دروستکرا ئەوا ناوی – کۆلێژی سوری ئنجیلی– لێنرا ئەنجومەنی ئەمینداری زانکۆ لەم بارەیەوە رایگەیاندکە: – (یەکەمین ئامانجی گەورەی ئەوەیە کە راستیە گەورەکانی ناو تەورات فێربێن وەببێتە مەڵبەندێکی رۆشنایی مەسیحی و کاریگەری مەسیحی، بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو ئایدۆلۆژیا هاوردانەی کە دژ بە ئیسلامن و بانگەشەی عەلمانیەت و بێ باوەڕی دەکەن لەژێر پەردەی لیبڕالیی و ئازادی فیکر لە ژورەکانی ئەم زانکۆیەو دەستە خوشکەکانی تریەوە سەریان هەڵداوە، بەلآی لەوە گرانتریش ئەوکاتە هاتە پێش کە دەرچوانی ئەم زانکۆیە بونە سەرکردەی وڵاتانی عەرەبی – کە زۆربەی هەرە زۆریان خۆیان لە ئاین و شارستانیەت و کەلە پوری خۆیان داماڵی. بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحیەت لەلای زۆربەی ئەو دەستەو دا مەزراوە مژدە دەرانە دا کە وڵاتانی ئیسلامی داگیر دەکەن بە پلەی دوەم دێت، مەبەستی سەرەکی پاوان خوازی و مۆنۆپۆڵە.

بۆ بەڵگەی ئەم قسەیە با نمونەیەك بهێنینەوە كە د. حسێن مـوئنس — لە نوسینێكی دا لە گۆڤاری — المصوری مصـری —رۆژی ١٩٧٣/٥/٣٠ بلاْوبۆتەوە دەڵێت: — (لە رۆژێك لە رۆژانی بزاڤی نیشـتمانی مصـری لـە ساڵی ١٩١٩ مسوڵمانەكان و قیبتیـەكان وەك پیشـەی لـە مێژینـەیان لـە یەك بەرەی یەككگرتودابون ئەوا — زۆیمر — ی مـژدەدەر بـە دزیـەوە لـە بەرگی قوتابیەكی زانستدا خۆی كرد بەناو بازنەكانی وانە خوێندندا.ئـەم پیاوە خۆی سیخوڕ بـوو بـەلاْم بـە ڕوكـەش وای نیشـان دەدا خوازیـاری زانســت و زانیاریــە. دەســتەیەكی ئــاینی لــە ویلایــەتی(كۆنیكتكات) پشــتگیریان دەكــرد و وەلەلایــەن بــاڵوێزی ئــەمریكاوە پــەنا دەدراو دەپارێزرا ووتاری بۆ گۆڤارێك دەنوسی بەناوی — جیهانی ئیسلام — كـە تا ئێستا دەردەچێت (زۆیمر) خۆی خزاندە ناو قوتابیەكان و كەوتە قسە كردن لەگـەڵ قوتابیەكدا و كتێبەكـەی لـیْ وەرگرتوشـتێكی خسـتە دوو توێی كتێبەكەوە و دایەوە دەسـت قوتابیەكـە ئـەویش كـە سـەیری كـرد نوسراوێكی — زۆیمر — خۆی بوو كە یەكێك لە دەسـتە قبتیـەكان بۆیـان چاپ كردبو قسە و تۆمەتی هەڵبەستراو بوو دژ بە ئیسلام. ئەم كارەشی بۆیە ئەنجام دا تا شەڕو ئاژاوە لەنێوان مسوڵمان و قبتیەكان بەرپا بكات ،بەلاْم ئەم پلانەی هەروائاسان سەری نەگرت و زوو ئاشكرا بـو، رۆژنامـە

و بڵاوکراوەکان کەوتنە بڵاوکردنـەوەی وتـاری زانایـانی ئەزهـەر کـەتیایا پلانی ئەو مژدەدەرەیان ئیدانە و شەرمەزار کرد.

بڵاوکراوەی – البلاغ – وتاری نوسەرێکی قبتی کە ناوی – کلیم ئەبو یوسف– بوو بڵاو کردەوە بە ناونیشانی – مژدەدەران – کە بـە تونـدی بەرپەرچی دابونەوە وە تیایا نوسیبوی: (ئەم مژدەدەرانـە زۆر سـەیرن. لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانم بڵێم ئەوا هیچ ئاینێکیان نییە. ئـەوان هەرچـی خراپەیە بەناوی ئاینەوە ئـەنجامی دەدەن کـە خـودی ئـاین ڕێگـرە لـەو کارانە، ئەوانە بە کەللە رەقی هەسـت نـەکردنیان بـە ئـازاردانی ویـژدانی مصریەکان بـەم کارەیـان درێـژە دەدەن، مـن وا هەسـت دەکـەم ئەگـەر خـاوەنی تۆزێـك شـەرم و ئـابڕو بونایـە کـاری لـەم جۆرەیـان ئـەنجام نەدەدا).

ئێوە ئەی مژدەدەران لە سیخوڕێکی ئیستعمار زیاتر شتێکیتر نین کە هاتون نەك بڵاوکەرەوەی ڕەوشت بەرزی ئاینێکی دیاری کراو، بەڵکو بـۆ پیـادە کـاری سیاسـەتی چـەند لایـەنێکی خراپـەکار هـاتون کـە لـەملاو لەولاوە ئاڕاستە دەکرێن، وە دەرەنجامی ئەم سیاسەتەش دروست بونی ئاژاوە و پشێویە لە نێوان مصریەکاندا کە یەك خێزانن.

❖ کەواتــە ئێـوە مــژدەدەرنین کـە خــەڵکی بـۆ ڕەوشــت بــەرزی هــان بدەن،بـەڵکو ئێـوە تاوانبـارن، ئـاین دەکـەن بـە هۆکـار بـۆ گەیشـتن بـە خواستە نەشیاوەکانتان. ئەوانە تاوانبارن، ئەگەر ئەوانە راستگۆ بونایە، ئەوا مـژدەی رەوشـت بـەرزی و ئـەخلاقی پەسـەندیان لـە کۆمـەڵگاکانی خۆیاندا بلاّو دەکردەوە، کە هەر ئاینیشیان نییە.

مستەر فۆکس – FOX –

❖ تۆ یەکپارچە مێژومان دەکەیت بە دۆسیەیەکی رەش لە تاوانباری!!

❖ – بەڵێ.... بەلاّم لە هەموشتێکدا نا مسـتەر فـۆکس!! رەش و سـپی خێر و شەڕ سیفاتی دابراوی راستین.... راستیش لە میانەی بینین و بەر چاو گرتن حوکمی بەسەردا دەدرێت.

لەوانەیە یـەکێکتان بڵێـت: مـژدەدەران – مبشـرین – کـارێکی تـەواو مرۆڤ دۆستانە دەکەن بـەوەی لـە بـواری هاوکـاری مرۆیـی و پزیشـکی و خوێندنەوە بە هانای خەڵکەوە دەچن.... لام وایە یـەکێك لـە ئێـوە ئـەم قسەیەی لەدڵدا بێت و دەری نەبڕی بێت.

بەلاّم بـابزانن لـەم رۆژگـارەی ئەمڕۆمانـدا دروشـم و لافیتـەی سـەرنج راکێش چ بەهایەکی هەیە؟. کە واقعێکـی وێـران و خـاپور بـاس لـە جـێ بەجێ کردنی بکەن، ئـەمڕۆ ئـەو سیسـتمانەی خۆیـان بـە دیموکراسـی و

جـــەماوەری دەناســـێنن دورتـــرین پانتاییـــان لەگـــەڵ دیموکراســـی و جەماوەردا هەیە...؟!

لەراسـتیدا —مـژدەدەران — ڕێـك پێچـەوانەی نـاوی خۆیـانن ئەگـەر داگیرکـار — مـار — بێـت. ئـەوا مـژدەدەران سـەری مارەکـەن، ئەگـەر داگیرکار دڕندەبێت ئەوا مـژدەدەران چـڕنوك و کەڵبـەی داگیرکـارن ئـەم قسە و باسەش دورودرێـژە و قسـە زۆر هەڵدەگرێت باسـێکی ترسـناك و خوێناویی یە.... دام و دەزگا سەرکوت کارەکـانی رۆژئـاوا لـە بەرامبـەر کاری مژدەدەران ئەوا زۆر بەبەزەیانە تر دێتە ئەژمار. دیستۆفیسکی. لە چیرۆکی برایانی کرامازۆڤ دادەڵێت: — ئەگەر حەزرەتی مەسیح جـارێکی تر بگەڕێتـەوە سـەر زەوی و دەسـت بکـات بـە ئامۆگـاری و مـژدەدەران بەبەهەشـتی خـوایی ئـەوا خـەڵکی لـەدەوری کۆدەبنـەوە و گـوێی لـێ دەگرن، بەم جۆرە وای لێدێت قەشەکان چـواردەوریان چـۆڵ دەبێـت و کەس گوێیان لێ ناگرێت و پلە و پایەیان لەدەست دەدەن.. ئیتر ئامـاژە دەدەنە سەرۆکی دادگا و دەیگرن و دادگاش بە تۆمەتی چەواشە کاری و لە ڕێدا لابردنی خەڵکی لە سەر ڕەوتی خودی حەزرەتی مەسیح دادگایی دەکەن...!!

هەر ئەمە نەبوو پاڵی نابە کەسێکی وەك – برتراند رسل – کە بیێ باوەڕی خۆی بەرامبەر مەسیحیەت دەربڕێت، ئەو بەدروشمی کەنیسە و کاتد رائیەکان توشی سەرسامی بو... بۆیە ئەو کتێبەی نوسی – بۆچی من مەسیحی نیم...! کتێبەکەی بەوە کۆتایی پیێ هینا کە. یەکەمین و دواهەمین کەسی مەسیحی – پێش ۱۹ سەدە لە مەوپێش لە سەر خاچ گیانی لەدەست دا.

֍֍֍ ֍֍֍ ֍֍֍ ֍֍֍

لە کتێبێکی تریدا بە ناونیشانی ( بۆ دژ بە خەڵکی دەجەنگن Fight whymen) نوسیویەتی و دەڵێت: بەریتانیا لە هەوڵی بەرز کردنەوەی ئاستی ژیانی گەلی بەریتانیا دایە لە کاتێکدا خەڵکی – مستعمرات – ەکانی لە برسانا دەمرن....بە ڕاستی ئەمە دنیایی دو ڕویی و درۆیە.. هەروەك مەسیح لە ئامۆگاریەکی دا دەڵێت: پوشێك لە چاوی براکەتدا دەبینیت، کەچی چڵە دارێك لەچاوی خۆتدایە گومانت بۆی ناچێت چۆن بە براکەت دەڵێیت بێنە با پوشەکەی چاوت دەربهێنم کەچی چاوی خۆت چڵە دارێکی تیایە.... دووڕوەکان!!؟؟ جاریێ چڵەدارەکەی چاوی خۆت دەربهێنە... ئەو کاتە چاوت باش دەبینێت تا پوشەکەی چاوی براکەت دەربهێنیت؟؟

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هەروەك یەكێك لە زانایانی پایە بەرزی ئیسلام لە میانەی نامەیەكیدا كە بۆ كۆنگرەی ئاینە نێو دەوڵەتیەكانی ناردوە كە لە لەندەن لەساڵی ١٩٣٦ دا بەسترا وە ئەوەیە (پەیامدارانی ئاینەكان لە هەوڵی خۆپڕ چەك كردن و ئامادە باشی سەربازیدان بۆ شەڕ و جەنگ لەگەڵ یەكتر كە زۆر بە زیادە ڕۆیی ئەنجامیان داوە، ئەمەش وای كردوە لە بەردەم نەیارە بێ باوەڕەكانیدا لاواز بن، هێندە خەریكی خۆ خواردن بن كە بە سەرەتاترین یاساكانی لۆژیك ناتەبابێت، بەمەش بونەتە جێ ی گاڵتەی زاناو دانایان، هەوڵەكانیان نەزۆك و بێ ئەنجام ماوە،، عەقڵ و هۆشی خەڵكیان پشتگوێ خستوە كە مایەی شەرەفە ،كەوتونەتە هەڵفریواندن و چەواشە كاری و زۆرەملێ كردن بە پارەو پێداویستی، بگرە هەندێكیان پەنایان بردۆتە بەر هێزی وڵاتان، ئەوەیان لەبیر كردوە كە شوێنی باوەڕ لەناو دڵدایە و بەزۆر ناكرێتە دڵەوە وە زانست و زانیاریش بەبەڵگەوە نەبێت دەست نایەت، لە بیریان كرد دوژمن لە هەوڵی ئەوەدایە لە شوێنی شایستە بە خۆیان دایانگرێت، خراپە و سەرەڕۆیی یەخەی مرۆڤایەتی گرتوە.

ئەوەندە ڕێزو حورمەتەی كە بۆ یاساو دەستوری خوایی هەبوو دایپۆشیوە،دەبوایە لەجیاتی هەمو ئەمانە خەریكی وڵاتانی مەترسیدار

بونایە، وەلەهەوڵی ئەوەدا بونایە ئەو ئارەزووە سەرکێشەیان قەڵاچۆ بکەن و بەری پێ بگرن هەروەك ڕێیان نەدایە بەرەڵایی ئاوا تەشەنە بکات بە جۆرێك کەسانی عاقڵ و دانایی تەواو بێزار کردوە، هەروەك ئەو دابو نەریتەش کەبە ناوی درۆینەی (مەدەنیەت و سیستم و ئازادی) کوێرەوەری و بەدبەختی بۆ خەڵکی بێ چارە و بێ ئاگادەهێنێت.

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

ئایە ئەمە حەق و راستی یە؟ ئایا تا ئێستاهەوڵی قەڵاچۆکردنی ئیسلام و مسوڵمانان ئامانج و مەبەستی دیار و بەرچاونیە...؟

❖ هەرلەو کاتەی یاسایی نێودەوڵەتی نوێ هاتۆتە پێش هەوڵی کەنارگیر کردن و وەلانانیی ئیسلام بۆ دەرەوەی بازنەی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان دیار و بەرچاوە، هەروەك لە هەوڵی دان نەنان بەوەی کە گەلانی مسوڵمان ببنە خاوەنی ماف و حەقی خۆیان کە هەمان یاسا بۆی دیاری کردون، هەر لە بەر ئەمەش بووە یاسا ناسە ئەوروپیەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە نەهێڵن دەوڵەتی عوسمانی ئەوکاتە ببێتە بەشێك لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی. (گرۆسیۆس) کە بە باوکی یاسای نێودەوڵەتی دێتە ژماردن وتویەتی کە نابێت گەلانی نا مەسیحی وەك هاوتایی مەسیحیەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت وە (گلنتس) هێرشی

کـردە سـەر –فرانسـوا– ی یەکـەم بـەوەی کـە سـاڵی ١٩٣٥ دەوڵـەتی عوسمانی ڕوخا بـوو ئـەو کاتـە پەیماننامـەی لەگـەڵ (سـوڵتان سـلیم)ی عوسمانی مۆر کردووە کە بەیاننامەکەش بڕیاری ئەوەی تیـادرا بـوو کـە هەردوو پاشاو خەلیفە تا لە ژیاندا بن لەگەڵ یەکتری نەجەنگن هەرچـەند ئەو بڕیار نامەیە فەرەنسیەکانی نـاو دەوڵـەتی عوسمـانی لـە پێـدانی – جزیە– بواردبو– کە دیارە دەبو کەسانی موسوڵمان لە دەوڵەتدا ملکـەچ بونایە. کەچی ئەوان ئەم بڕیار نامەیان بەلاوە قەبوڵ نەبو چونکە لەگەڵ گەلێکی بێ باوەڕدا واژۆ کراوە؟

لە ڕاستیدا ئەگەر پەردە لەڕوی ئەو نەخشە و پیلانانە هەڵماڵین کـەوا بـۆ پـــەرت کردنــی دەوڵــەتی عوسمــانی دەکێشــران ئــەوا بەنــدی دڵ دەپسێنێت –شکیب ئەرسەلان–ی کۆچ کـردو ئامـاژە بـە نزیکـەی سـەد پـلان دەکـات کـە بـۆ دابەشـکردنی دەوڵـەتی عوسمـانی کێشـرابوو. لـە پـــەیڤینێکی نێــوان ئیقــۆلای قەیســەری روس و ســێرهاملتۆن بــاڵوێزی بەریتانیا ڕەهەندە مەترسی دارەکانی ئەم پلانە دەردەکەوێت. کەتیایـدا چۆنێتی هەوڵ و کۆششیی نەپساوەیان دەخاتە ڕوو.

لە گراندۆقە(هێلانە) و لە شەوچەرەیەکی شەوی ٩/ ینـایر / ١٨٥٣ دا ئیمپراتــۆری روســیا نیقــۆلا روی کــردە ســێرهاملتۆن و ووتــی: (بــیر

بکـەرەوە.... ئێمـە پیـاوێکی نـەخۆشمان لەبەردەسـتایە.... زۆریـش نەخۆشە.... ئەگەر هەر ئاوا لەبەر دەستمان دەرچێت ئەوا زۆر خراپمـان بەسەر دێت...).

لە جاری دووەمدا کە هاملتۆنی باڵوێز بانکرایـە کۆشـکی نیقـۆلا ئـەوا نیقۆلا پێی گوت: (تۆ مەبەست و خواستی روسیات لا پـەنهان و شـارەوە نیە هەر لە سـەردەمی —کاترینـا— وە تائێسـتە وەك پێشـتر پـێم گـوتی تورکیا پیاوێکی نەخۆشە ئەوا بمانەوێت یان نا هەر سەردەنێتەوە ئەوسا دەبێتـە بـار بەسـەرمانەوە ئـەودەم توانـای هـەڵگرتنی ئەوجـەنازەمان نیە...).

ئایە بۆمـان باشـتر نییـە بـۆ ئـەوەی خۆمـان لەشـەڕی ئەوروپیـەکان ببوێرین؟ ئەوا پێشتر خۆمان رێك بکەوین لەسەری. نەك لـەپڕ بەسـەریدا بکەوین من زۆر راشکاوانە پێـت دەڵـێم.... ئەگـەر ئێمـە مـن و بـەریتانیا لەسەرئەمەرێك بکەوین ئـەواگوێم لەکەسـی دی نیـە و لای مـن بایـەخیان نیە.

لێت ناشارمەوە ئەگەر بەریتانیا نیازی ئـەوە بێـت دەسـت بەسـەر —ئاستانە— دابگرێت ئەوا پێم قەبوڵ ناکرێت، ناڵێم ئەو نیازەتان لە دڵدایە بەڵکو دەڵێم ئەگەر ئەوە راست بێت ئەوا من رازی نیم، وە خۆم پەیمانی

ئـەوە دەدەم کـە بـۆ هەمیشـەی داگـیری ناکـەم، بـەلاَم بـۆ ماوەیـەك و کاتێکی دیـاری کـراو ئـەوا پـێم باشـە. ئەگـەر هـەر ئـاوا هـیچ بڕیـارێکی لەبارەوە نەدرێت، دەشێت بە یەك قسە داگیری بکەم.

سێرهاملتۆن ـ لەوەلاَمی ئەودا وتـی: (بـا خـاوەن شـکۆتان ئەوەنـدە بوارم بدەن کە پێتان بڵێم، ئەوە ئێمەیەك تۆز لەوە بـەگومان نـین کـەوا نەخۆشەکە لە سەرەمەرگدایە).

نیقۆلای قەیسەریش وەلاَمی دایەوە: ئەگەر حکومەتەکەت لای وابێـت کە هیوای بەوە هەیە کـە تورکیـا گیـانی تیـا بێـت و بتوانێـت بـژی ئـەوا زانیاریەکانی راست نین.

من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمـەوە کـە نەخۆشـەکە لـە گیانەلاَدایـە ونابێت لە بیَ ئاگای ئێمەدا سەر بنێتەوە.... بـەڵکو پێویسـتە یـەکگرین بـۆ ئەمــەش داوای پەیماننامــەتان لــیَ ناکــەم.... یـان داوای چـەکی نوسراو... ئەوەی داواتان لـیَ دەکـەم کۆدەنگیـە... ئەمـەش بـۆ پیـاوی عاقلَ و ژیر هەموشتێکە...؟!

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

لەتاریکترین شەوگارەکانی مێژوودا هیچ کات ئاوا نەبووە سـەرکردەی ولاَتێك خوین ساردانە چەقۆ لـەولاَتێکی دراوسـێی خـۆی بسـویَ کـار بـۆ

کاولکاری بکات بەوشێوەیەی قەیسەری روسیابێشە رمانە خەریکی بووە. لە دەرکردنی فەرمانی مردنی ولاَتێکی دراوسێی خۆی وە دیاری کردنی ساتە وەختی مراندنی، بەلاَم جامی رق و کینە دەمێك بو لەمێژووی قوڵی ئەوروپادا سە رڕێژی کردبو بۆیە هەست و سۆزیان لە دەستدابوو وای لێ کردبون پێش گیان لەدەست دانی مردو میراتەکەی رەش و بەش کەن جا هەڵوێستی باڵوێزی بەریتانیا گوزارشت بێت لە هەڵوێستی حکومەتەکەی یان نا.... ئەوا واقع پێمان دەڵێت کە نیەت باشی لەم باسەدا جێگای نیە، هێرش و شالاَوی سەربازی بۆسەر ولاَتانی ئیسلامی لەهەمو لایەکەوە دەستی پێکردوە سەربازانیان بە کەشتی گەلی سەربازی و چەك و جبەخانەکانیانەوە لە ناو ماڵی هاولاَتیانی ئیسلامی فتیلەی ئاگری شەڕیان داگیرساند، بەریتانیا میرنشینەکانی هندی لەناو برد پەلی کێشایە ناو کەنداوی عەرەبی و —عدن—ی گرت کەشتیگەلەکانی لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاواو هەرچی دورگە و دەریا و شارێکی کەناراویان وەگیر بکەوتایە داگیریان دەکرد، لەولاشەوە فەرەنسا پەلاماری جەزائیر و مەغریب و تونسی داو داگیری کرد، ئیتاڵیاش پەلاماری سۆماڵ و ئەریتریادا هۆڵەندا ش دەستی گرت بەسەر سەرجەم دورگەکانی هندی رۆژهەلاَتا. هەموو میرنیشینە ئیسلامیەکان

لە رۆژهەلاَت و رۆژئـاوای ئـەفریقا و پاشـان میسـر و سـودان کەوتـە بـەر شـالاَوی بــەریتانیا وە. بــەو جــۆرەی کــە باسمـــان کــرد لەهـــەموو لایەکەوەپـــەلاماری مســـولْمانان دراو ولاَتیـــان داگیرکــرا هـــەروەك چـــۆن ١٤٠٠سالْ پێشتر هەولّیان دابو. کارەساتەکە زۆر قورس بو –زۆر گـەورە بو– شەڕ دژ بە ئیسلام و مسولْمانان گەیشتە لوتکە، ولاَت لـە قـەیران و تەنگژەیەکەوە دوچار بە قەیران و تەنگژەیەکی گەورەتر دەبۆوە.

یەکەمین کارێك کە فەڕەنسا لەدوای داگیرکردنی جەزائیر پێی هەلْسا ئەوە بوو کە مزگەوتی گەورەو بەرچاوی –کیشارۆ– ی گۆڕی بە کەنیسە وکاتدرائیە، دەستەی پۆستەی فەرەنسی پولێکیان دروست کرد کـەتیایا مانگ ـ کە ڕەمزی ئیسلامە ـ خرابووە قولاَیی دەریاوە و لـە بەرامبـەریا ـ خاچ ـ یێك وردە وردە بەرەو ئاسمان بەرز بوو بۆوە، گلاَدتسۆنی سـەرۆك وەزیری بەریتانیا وتارێکی داو جەختی لەوەکردەوە تا قورئـان و کەعبـە و ئەزهەر بمێنن ئەوا ناتوانین مسولْمان تێك بشکێنین....!!!!

شای ئیسپانیاش لەبەردەم ( پاپا ) دا جەختی لەسەر ئەوە کـردەوە کە(ئیسـپانیا خـۆی خسـتۆتە خزمـەتی سـەربازیەوە بـۆ شـەڕی دژ بـە مسولْمانان لە ئەفریقا دا شەڕێك کـە تـا ـ خـاچ ـ لـە ناوخـاکی ئیسـلامدا نەچەقێنن و شـوێنکەوتوانی ـ محەمـەد ـ ملکـەچ نەکـەن بۆخۆیـان ئـەوا دەستبەرداری ئەو شەڕەنەبن...).

کاتێـك نۆکەنـدی ( السـویس ) تـەواو بـو ( دیلـپس )ی ئەنـدازیاری پرۆژەکە پەیامێکی نارد بۆ ( پاپا ) ووتی: لە ئێستاوە دەرگا بـۆ چـونە ناو دڵی جیهانی ئیسـلام لەسـەر پشـتە. ئـەو کۆمپانیایـەی ئـەم کـارەی ئەنجامـدا –تـاپێش خۆمـاڵی کردنـی– سـاڵانە لـە بودجەکـەی ٥ ملیـۆن جونەیهی بۆ کاری مژدەدەران تەرخان کردبوو. سەربازە ئیتالیـەکان لـە کاتی داگیر کردنی لیبیا مارشێکیان دەگوتەوە سەراپای رق و قینەی لیٚ دەبارێـت {دایـە .... نوێـژ بکـە و مـەگری .. بـەڵکو پێبکەنـە و بـیر بکەرەوە.....، تۆ نازانی کە ئیتالیا داوام لیٚ دەکات، بە دڵخۆشـیەوە بـە دەم داواکاریەکەوە دەچم.... بۆ ئەوەی گیان بەخت بکـەم.....، تـا ئـەو گەلە نەفرەتیە پان بکەمـەوە .....بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ ئیسـلام بـە شـەڕ بێم،......... بەهـەموو هێـزم هـەوڵی سـڕینەوەی قورئـان دەدەم،...... ئـەوە شـکۆ مەنـد نیـە ئەگـەر ئیتالیـەکی راسـت نـەبێت. دایـە.... مـن ڕێبوارم.... ئایا نازانیت شەپۆلە شینەکانی زەریاکانمان کەشـتیەکانمان بەرەو لێوار دەبات.... من دەچم بـۆ ـ طـرابلس ـ لەبەرئـەوەی ئـاڵا سـیٚ ڕەنگەکـەمان داوامـان لیٚ ئـەکات چـونکە ئـەو ووڵاتـە لـەژێر سـێبەری ئەودایە.... دایە گیان نیگەران مەبە ئێمە لەسەرە ڕێی ژیانـداین، ئەگـەر نەگەڕامەوە ئەوامەگری بۆ کوڕەکەت ، بەڵکو بچۆ بۆ گۆڕسـتان.... ئـەوا

شنەی باماڵاوایت بۆ ـ طرابلس ـ ئەهێنێت کە پێی ناخۆشە پرسە بۆ جگەر گۆشەکەت دابنێیت.... ئەگەر لێیان پرسیت بۆ تەعزیێ بار نیت؟ بڵێ لەبەرئەوەی چوو دژ بە ئیسلام بجەنگیێ....!!!!}

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا شاری ـ قدس ـ کەوتە دەست مارشال (اللنبی) ووتارێکی داو گوتی: (ئیستا جەنگی خاچ پەرستی کۆتایی هات.) وە کە شاری ـ دیمشق ـ کەوتە دەست سوپای فەرەنسی ئەوا ـ گۆرۆ ـ ی سەرکردەیان چووە سەرگۆڕەکەی –صلاح الدين الأيوبي– ووتی: (صلاح الدين ئەوا جارێکی تریش هاتینەوە.)

وە لە هێرشە سێ قۆڵیەکەی ساڵی ١٩٥٦ بۆ سەر –میسر– مستەر ئایدن – ی سەرۆك وەزیری بەریتانیا نامەیەکی بۆ –ئایزنهاوەر– ی سەرۆکی ئەمریکا نوسی کە تیایا داوای یارمەتی لێ کرد بۆ ڕزگار کردنی شارستانیەتی مەسیحی ( ڕاندۆلف چەرچل ) دەڵێت: دەرهێنانی – قودس – لە دەست مسوڵمانەکان خەونی لە مێژینەی بەیەکەوەی جولەکە و مەسیحییەکان بوو.

لەساڵی ١٩٦٧ کە سوپای جولەکە چونە ناو قودسەوەئەواخۆشحاڵی مەسیحیەکان لە جولەکەکان کەمتر نەبو، سەربازەکانیان لەبەردەم – دیواری گریان – کۆبونەوەو هاواریان دەکرد. ئەمڕۆژە تۆڵەی خەیبەرە، سەردەمی – محمد – تێپەڕی و ڕۆیشت،....!!!!

( بن گۆریۆن ) دەڵێت: ئێمە ئەرکێکی پیرۆزمان لەسەر شانە بۆ ئەوەی نەهێڵین ئیسلام بێتەوە ناو کایەی ژیان.... ئەمە ئەرکێکی پیرۆزی مەسیحی ڕۆژئاوایە، هەروەك ئەرکێکی پیرۆزی جولەکەی ئیسرائیلە، دەبێت زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بین کە نەهێڵین جارێکی تر ( محمد) سەرلە نوێ سەر هەڵبداتەوە.

وە – یۆچین رۆستو – ڕاوێژکاری پێشوی ئەمریکا – جۆنسۆن – دەڵێت: {دەبێت هەموو ئەوە بزانن کە خاڵی جیاوازی نێوان ئێمە و گەلانی موسوڵمان ئەوە نیە وەك جیاوازی دو گەل و دووڵات سەیری بکرێت ئەمە جیاوازیە لە نێوان دوو شارستانیەتدا شارستانیەتی ئیسلامی و شارستانیەتی ڕۆژئاوا}. وە تا ئێستاش هەر بەردەوامە، بەڵام بە شێوازی جۆراوجۆر، وە بۆ سەدە و نیوێك دەچێت کە شارستانیەتی ئیسلامی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی شارستانیەتی ڕۆژئاواوە، کەلەپوری ئیسلامی لە ژێر دەستەڵاتی کەلەپوری مەسیحیدایە.

هەلومەرجی مێژوویی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمریکا بەشی تەواوکاری دنیای ڕۆژئاوایە بە فەلسەفە و بیروباوەڕ و سیستمەوە.

ئەمەش وای کردوە ڕوبەڕوی ڕۆژهەڵات بێتەوە بە فەلسەفە و بیروباوەڕیەوە کە لە ئیسلامدا بەرجەستە بووە. ئەمریکاش ئەوەندەی پێ دەکرێت کە بکەوێتە بەرەی دژ بە ئیسلامەوە و پاڵ بدات بە وڵاتانی ڕۆژئاواو جولەکەوە.

چونکە ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بکات ئەوا پشت دەکاتە زمان و فەلسەفە و ڕۆشنبیری و دام و دەزگای خۆی...). لێرەدا — ڕۆستۆ — ئامانجی داگیرکاری ئەمریکا دیاری دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئەویش قەڵاچۆکردن و سڕینەوەی شارستانیەتی ئیسلامە.

وە دروست کردنی قەوارەی جولەکە بەشێکە لە پرۆسەی جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەیە. ئەمەش واتای درێژەدانە بە شەڕی خاچ پەرستی. وە ( سالازار )ی سەرۆك وەزیرانی پورتوگال لە –کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا — بە ئاشکرا دەڵێت: مەترسی ڕاستەقینەی سەر شارستانیەتیەکەمان، ئەوکاتەیە کە مسوڵمانەکان دەست دەکەن بەگۆڕینی سیستمی جیهان.

کاتێك یەکێك لە ڕۆژنامەنوسان لێی پرسی: بەڵام خۆ مسوڵمانەکان لەناو خۆیاندا ناکۆك و خەریکی کێشە و ململانێی ناوخۆیانن. ئەویش لەوەڵامدا ووتی:بەڵام من لەوە دەترسم کە کەسی وایان تیا دەرکەوێت

ناكۆكی و كێشـە و ململانێكـەی خۆیـان لەبیربكـەن و ئاڕاسـتەی ئێمـەی بكەن؟؟!!

لـەو دیـاردە سـەیر و سـەرنج ڕاكێشـانە كـە لەبـەر چـاوە. ئەوەیـە كـە ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا.... بگرە جیهان بەردەوام دژ بە مسوڵمانان و ڕۆژئاوا لەسەر هێڵە. بۆ نمونە: ئەو دەمەی پاكستان بیر لە دروستكردنی چەكی ئەتۆمی دەكاتـەوە.... ئـەوا ئـەو دنیایـە گـڕ دەگرێـت و تـوڕەدەبن.... بـەڵام لـەولاوە هینـد.... یـان چـین بگـرە جولەكـەش كـە خـەریكی دروستكردن و بەرهەمهێنانن ئەوا ئەمان خۆیان لە دیمەنی ئـەوان كـەڕ و كوێر دەكەن....

ئەو دەمـەی ( عیـدی أمـین ) وەك هـەر دیكتـاتۆرێكی تـری ئـەفریقی هەڵسوكەوت دەكات، ئەوا دنیای ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا لەسەر مەترسی ئەم مسـوڵمانە خوێنڕێـژە..!!! دێتـە وەڵام بـەڵام كـە قەشـە {میلتـۆن ئۆبۆتی} سێ سەد هەزار ئۆگەندی ڕەشەكوژ دەكـات كەچـی ئـەوان بـێ باك و بێ دەنگن.

وە كە ( عبدللە هارون ) لە باشـوری ئـەفریقا لەسـەر داواكردنـی دادو یەكسانی دەخرێتە زیندان، ئەوا ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا خـۆی لـە ناوهێنـانی دەبورێـت تـا كەسـێكی مسـوڵمان وەك پاڵـەوان و ڕەمـزی بـەرخۆدان دەرنەكەوێت.

بــەڕێز مــاکفرلین: لــە ڕاســتیدا قســـە و باســـەکەمان بـــوو بـــە دادگایکردن.... وامان لێ هاتووە کەسمان نەتوانین بە ووشەیەکیش بێت بەرگری بکەین....

بەڕێز ماکفرلین بۆچی ناوی دەنێیت دادگایکردن.؟ ئێوە کە هاتن بـۆ ئێرە بە ئەرکی گەڕان بـەدوای ڕاسـتیدا هەسـتاون، ئـەو ڕاسـتیەی ژیـان بەبێ ئەو هیچ تام و واتایەکی نیە و.... ناڕەحەتیە....

لــە ڕاســتیدا خـــەڵکی لەســـەردەمی نازیەکانـــدا زۆر لـــە درۆ و چەواشەکارییەکانیان بێزار و نیگەران بوبوون. هـەروەك چەواشـەکاری و درۆکـانی – چەرچـڵ – هـەمان دەرئـەنجامی بـەگوێی خەڵکیـدا دا. ئایـا پێــت وانیـــە کـــە جـــەنگی جیهـــانی دووەم دەرەنجـــامی ئـــەو درۆ و بوختانکردنانە نەبوو کە یەك بۆ یەکتریان هەڵدەبەست.؟

لە ڕاستیدا ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بـەدوای هیـوادا دەگـەڕێت.... بـەدوای کەنارێکدا کە تیایا کەشتیەکەی بە ئارامی تیایا لەنگەر بگرێت. ئەم هیوا و ئارامیەش لە نێو دنیای درۆو چەواشە و هەڵفریواندندا دروست نابێـت. ئەمڕۆ سەرکردەکان کتێبی – میر – ی میکاڤیلیا کردۆتە کتێبی پیرۆزی خۆیان لەوەش ناجۆرتر ئەوەیە کە مێژوونوسان و بیرمەنـدان و کەسـانی دنیای مەعریفەتیش لە هەمان داوەوە ئاڵاون.

بۆیە ئەم سەردەمە سەردەمی سوك بونە. سەردەمی سوك بون و نەمانی ئازایەتی و ئاکارجوانی و ژێر پێنانی هەق و ڕاستیە لەلایەن هێزە دڕەندەکانەوە. هەق و چاکە و ئاکارجوانیان کردۆتە کەلەپوری پێشینان. یان بڵێین ئەفسانەی ڕابردوو.

من لێرە وەك هاوڕێ میوانداری و بەخێرهاتنم نە کردن.... بەڵکو وەك برای خۆم لەلای منی مسوڵمان مرۆڤایەتی هەمووی وەك یەك خێزانن.... بەڵام هەق و ڕاستی لەلای من وەك مسوڵمانێك لەسەر و هەموو شتێکەوەیە.... چونکە ( الحق ) لای ئێمە ناوی خوایە و خواش لەسەروو هەموانەوەیە.... باشە ئەرستۆ و ئەفلاتون جیاوازیان نەبوو.... بەڵام لە هاوڕێ زیاتر نزیکی یەك بوون.... وەکە جیاوازی لەسەر ( الحق ) هاتە ئاراوە ئەوا ئاکار بەرز ئەوەیە کە پشتگیری هەق دەکات چونکە ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە.

ئەو ڕاستیە بزانن: مسوڵمانان لە سەدەی یانزەهەمی زاینییەوە تا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی هەڵمەتی سڕینەوەو ڕیشەکێش کردن دەبنەوە.

دوای ئەوەی – مەلەگا – لە مالیزیا داگیر کرا.... نووسەری پرتوگالی – تۆمی پێرس – نامەیەکی بۆ – عیما نۆئیل – ی پاشا نوسی کە تیایا دەڵێت: {بۆکرکی سەرکردە دژ بە محمد دەجەنگێت!!! ئەمڕۆ محمد

گەمارۆ دراوە، لەمڕۆ بە دواوە ناوی لە نێو ناواندا نامێنێت.... بەڵکو لە زووترین کاتدا ڕا دەکات} .

وە ( بۆکرك )ی سەرکردە لە گوتارێکدا کە بەم بۆنەوە پێشکەشی کرد ووتی: هەرکات ( مەلەگا ) کەوتە دەستمان ئەوا – قاهیرە – بۆخۆی دەڕووخێت لە دوای ئەویش – مەککە – دەڕوخێت!!

نامەوێت لەبارەی ( بۆکرك ) بدوێم چونکە ئەزانم دەڵێن ئەوە لە کۆندا بووە و بەشێك بووە لە مێژوو ئێستا دنیا بەو جۆرە نیە. بۆیە ناچارم لە دنیای هاوچەرخ دا نمونەتان بۆ بێنمەوە. کە لەوانەیە – فرنسا – وەك لوتکەی بانگەشەی ئازادی و سەرمایەداری نمونەیەکی باشبێت. هەروەك باسی ( ئەسیوبیا )ش دەکەین وەك وڵاتێکی دواکەوتو کە ئەویش چەندە پشکی هەیە لە فوکردن بە کەڕەنای شەڕ دژ بە ئیسلام و مسوڵمانان. وە دنیای کۆمۆنیستی لەوان خراپترە بەڵام چونکە ئێستا بونی نەماوە ئەوا بەجێی دێڵم بۆ خۆتان.

پەڕە ڕەشەکانی ڕەشەکوژی ئەوانیش لە میانەی سورکردنی دەستی خۆیان بە خوێنی مسوڵمانان ببینن. لەم دوو نمونەیەدا بە ڕونی ئەوەتان دێتە پێش چاو هەرچەندە بەرنامە و فەلسەفەی دەسەڵاتیشیان لەیەك جیایە کەچی لەسەر قەڵاچۆکردنی مسوڵمانان یەکدەنگن. با لە فەڕەنساوە دەست پێ بکەین.

لە کتێبی ( جەزائیری ڕاپەڕیو ) کە لە نووسینی هەردوو نوسەری فەڕەنسی ( کولیت – جان جۆنسۆن ) ئەم دوو نوسەرە دەڵێن: سوکایەتیکردن بە ئیسلام ئەو پانتا ییە فراوانە بووکە – ڕۆڤچۆ – ی سەرکردە خۆی پێوە سەرقاڵ کردبوو، ئەم کابرا سەرشێتە. داوای کرد لە جەزائیردا جوانترین مزگەوتی بۆ دیاری بکرێت تا بیکاتە پەرستگای مەسیحییەکان!!!!

وە لە کورترین کاتدا مزگەوتی – قشتاوە – یان بۆ دیاری کرد کە دەکەوتە گەڕەکی ئەوروپیەکانی جەزائیرەوە مزگەوتێکی خۆش و سەرنج ڕاکێش بوو لەناوجەرگەی شاردابوو. ڕۆژی ١٨/دیسەمبەر/١٨٣٢ وەك ڕۆژی دەست بەکاربون بۆ ئەو کارە دیاری کراو کۆمەڵێك سەرباز ئامادەکران کە دەست بەکاربن. دوای ئەوانیش تیپێکی تری سوپای ئەندازیاری لە پشتیانەوە بوو، ئیتر ئەمان بە پیك و پاچ کەوتنە داڕوخانی دیوار و لەبن هێنانی دەرگاکانی. لەناو مزگەوتەکەشدا ٤ هەزار کەسی مسوڵمان بەبێ دیفاع بۆ پارێزگاری لە مزگەوتەکەدا بوون. ئیتر سوپایفەڕنسی بێ ڕوحمانە هێرشی کرد. شەوتا بەیان کوشتن و روخان بەردەوام بو. لەگەڵ بەری بەیاندا کارەکەیان بە ئەنجام گەیاند، خەڵکە بێ دیفاعەکە کەوتنە ژێر رەحمەتی قەمە وبیك و چەکی

سەربازەکانەوە.دوای بە ئەنجام گەیاندن کار تەواو بوو تابلۆی مزگەوت ی – قشتاوە – لابراو تابلۆی {کاتدرائیەی جەزائیر} یان پیایا هەڵواسی هەر کە لە ئەنجامدانی پرۆسەکەش بونەوە. ئەوا خێرا سەربازەکان ڕویان کردە ناو مزگەوتەکە کە پڕ لە یادگاری مسوڵمانان بوو.

ئەفسەر و سەرباز کەوتنە ئەنجامدانی سروتی ئاینی خۆیان هەر کە لە ئەنجامدانی ( قداس )ەکەیان بونەوە قەشەکان کەوتنە پیرۆز کردنی {خوای سەربازەکان} و دەستیان کرد بە وتنەوەی {سرودی لێخۆش بوون}...!!

جا ئەمە ڕەوای هەقە.... ئەگەر سەرباز و ئەفسەرەکان نەزان بن و لە نەزانینەوە ئەم کارەیان ئەنجامدابێت.... ئەوا چۆن قەشە {سوشیە} ڕێ بەخۆی دەدات شان بە شانی ئەوان ئەم کارە ئەنجام بدات لەلای خۆی ئەو بریکاری گشتی ( ئەسقەف )ی جەزائیر بوو.

هەر ئم قەشەیە ساڵی ١٨٣٩ کتێبێکی نوسیوە بە ناونیشانی {نامە بەسوود و سەرنج ڕاکێشەکانی جەزائیر} کە تیایدا ڕوی دەمی دەکاتە دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا و دەڵێت: {–مسیۆ ڤالیە – پیاوێکە بیرکردنەوەی قوڵە و ویژداتی زیندووە، فێڵ و تەڵەکەشی کەم نیە}. ئەو

لە هەموو پاشایەك زیاتر بە ڕەهایی حوكمی جەزائیر دەكات. ئەو پیاوێكە كە –مستعمرات– ەكان پێویستیان پێیەتی.

ئەو دەیەوێت ئاینی مەسیح بە ئارامی جێگیر بێت و هەموو لایەك ڕێزی بگرن. ئەو دەیەوێت ژمارەی خاچ و كەنیسە لە جەزائیردا زۆر بكات. گەورەم دەتوانێت هەموو شتێك لەگەڵ پیاوێكی وەك – مسیۆ ڤالیە – دا ئەنجام بدات، كە ئەو هەستا بەوەی جوانترین مزگەوتی جەزائیری كرد بە جوانترین كەنیسە.

قەشە ( سوشیە ) دیاریكرا بەوەی ببێتە چاودێری ئەم كەنیسە تازەیەی كە پێشتر مزگەوت بوو. هەر كە دەستی بە خۆی ڕاگەیشت خێرا تەماعی ئەوە گرتی كە مینبەری مزگەوتێكی دوورە دەستی تر كە ناوی ( القدس ) بوو نیشانەیەك بوو لە جوانی و زەخرەفەی ئیسلامی و داگیر بكات و لەم شوێنەدایبنێت و لەسەر ئەم مینبەرەوە سكرتێری (بۆجۆ) ی فەرمانڕەوا ووتی: {دوا ڕۆژەكانی مەرگی ئیسلام نزیكە، لە بیستساڵی داهاتوودا لە جەزائیردا جگە لە ( مەسیح ) هیچ خوایەكی تر ناپەرسترێت. ئێمە ئەگەر گومانمان هەبێت لەوەی كە فەڕەنسا دەسەڵاتداری ئێرەیە، ئەوا هەرگیز لەوە بەگومان نین كە ئیتر ئەم وڵاتە بۆ هەمیشە لەدەست ئیسلام چوو، ( عەرەب )یش نابنە موڵكی فەڕەنسا ئەگەر هەر هەمویان نەبنە مەسیحی} ! ! !

بەڵێ ئـازیزانم ئەمـەش فەڕەنسـای دروشمـی – ئـازادی– برایـەتی – یەکسـانی ( فەڕەنسـای – پـاریس )....پایتـەختی ڕونـاکی هـەروەك لـە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ئەم ناوەی بەسەردا بڕا....

هــەروەك پێشــتر ئاماژەمانــدا بــا بــزانین حــاڵی وڵاتێکــی هــەژار و کەمدەستی وەك ( ئەسیوبیا ) بەرامبەر بە ئیسلام و مسوڵمانان چی یەو چۆنە؟ لە ڕاستیدا ناڕەحەتیەکانی ئەم وڵاتە کەمتر نیە لـە ناڕەحـەتی و تەنگـەژەی وڵاتـانی تـر.... دەزانـن ژمـارە مسـوڵمانان لـە ئەسـیوبیادا چەندە...؟!.. لەوانەیە توشی شۆك ببن وەڵامی ئـەم پرسـیارەتان لـەلا نامۆ بێت.

لە ڕاستیدا ژمارەی موسوڵمانەکان دوو هێندەی مەسـیحییەکانی ئـەو وڵاتەیە و زۆرینەی دانیشتوان پێك دەهێنن.

ئـەم دیاردەیـە لـە ئـەفریقادا زۆر بەرچـاوە، ئـەم کیشـوەرە لـە ڕوی دانیشـتوان و ژمـارەی ئاینەکانـەوە ئـەوا دیسـان زۆرینـەیان مسـوڵمانن. هـەروەك دەبیـنین بەهـەمان جـۆر لـە ئەسـیوبیادا بەرچـاوە، ئـەمیش جیاوازیەکی تری نیە لەگەڵ وڵاتانی تر.

گەلێکن زۆرینەیان مسوڵمانن کەچی کەمینەیەکی نامسـوڵمان بـە زۆر و زۆرداری حوکمیان دەکەن، داگیرکاری فەڕەنسـی و بـەریتانی هـەر لـە

زووەوە پیلانی ئەم نەخشەیەیان داناوە، ئەوەی کە بۆتە یاریدەی جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆسەیە ئەو جۆرەیە لە سیستمی خوێندن کە — مژدەدەرەکان — نەخشەیان بۆ کێشاوە و لەم کیشوەرەدا پیادەی دەکەن.

زۆربەی قوتابخانە و کۆلێژەکان.... قوتابخانە و کۆلێژی مژدەدەرەکان بوون.کە تا کەمەبەستی بەرو دوایان بەگاور کردنی مسوڵمانانە لە هەر کویەکدا بن.... پاشان ئیتر مەحاڵ بوو ڕۆڵەی مسوڵمانان ڕوبکاتە ئەو قوتابخانە و کۆلێژانە.... دیارە ئیتر کاروابڕوات ئەوا سبەینێ دارو دەستەی فەرمانڕەوا لەدوای سەربەخۆیی وڵاتەکەیان کاروباری وڵات دەبەن بەڕێوە و دەبنە فەرمانڕەوا کە خۆیان زادەی گۆشکراوی قەشە و کاهینەکان بوون...!! چونکە هەر سبەینێش زانکۆکانی لەندەن و پاریس هەر ئەوان لە ئامێز دەگرێت و هەر بۆ ئەو کارەیان گۆش دەکەن. بۆ نمونە وڵاتێکی وەکو — سەنگال — ژمارەی دانیشتوانی لەسەرو ٪۹۰ وە مسوڵمانن، بەڵام فەرەنسا — لیبۆڵد سنگور — یان بەسەردا سەپاند. کە زادەی گۆشکراوی دایەنی مژدەدەرەکان بوو بۆ فەرمانی دوای جێ هێشتنی فەرەنسا ئامادە کرابوو. بەهەمان شێوە — جیۆلۆس نیرری — لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقادا ئامادەکرابوو.

ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ – ئەسیوبیا – ئەوا دەڵێین. کاتێك کە – ئیتاڵیەکان – هێرشیان کردە سەر ئەسیوبیا تەنیا لە بەندینخانەی – هرر – زیاد لە حەوت هەزار کەسیان ئازاد کرد. کەسی وایان تیایا بوو لە ئەنجامی کۆت و بەندکردنی دەست و قاچی بۆ ماوەی ١٠–١٥ ساڵ ئەوا بڕبڕەی پشتی کەوانەیی بوو دوای ئازاد بونیش چێژی لە ژیان وەرنەگرت و نەگەڕانەوە حاڵەتی ئاسایی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئازادبونەیان کەمی خایاند و جارێکی تر – ئەمهەریەکان – بە کۆڵ و پشتیوانی – بەریتانیا – لە مانگی ٦/١٩٤١ جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەوە دەست وڵات دوچاری پەشێوی و ئاژاوە و شۆڕش کردن بۆیە کە لەلایەن – بەریتانیەکانەوە – بە توندی کپ کرایەوە. جارێکی تر زرەی زنجیر و گڤەی قامچی و هەوای سەر شێتانەی تۆڵە سەندنەوە زۆر بەگوڕتر لە جاران کەوتەوە گیانی مسوڵمانان.

وەك بڵێن قەرەبوی ئەو چەند ساڵە کەمەی داگیرکاری ئیتاڵیەکانیان دەکردەوە کەوا لە دەستیان دەرچوو بوو. کەنیسەش هاوشان لە جیاتی بانگەشەی – برایەتی و لێبوردەیی – کەوتە بەخشینەوەی رق و رق لێبونەوە. ئیتر بەم کارەی هەموو شتێك ڕەوایەتی ئەوەی وەرگرت مادام مسوڵمانەکان جارێکی تر دەکاتەوە کۆیلە ی ماف خوراو. لێرە هەڵمەتی

پاکتا و کردن و دەرکردن لە ئـەرکی گشـتی و ڕاونـان و نـانبڕین دەسـت گرتن بەسەر ماڵ و مەڵك و ساماندا دەستی پێ کـرد تەنانـەت ئەوانـەش کە ئیتاڵیەکان قەرەبوی زەرەرمەندبونیان پێ دابون ئـەوا ئـەمان پێیـان ڕەوا نەبینین و لە دەستیان دەرهێنانەوە.

ئـەو دەمـەی سـوپاکەی ( هـیلا سیلاسـی ) لـە بـەردەم سـوپای ئیتاڵیەکاندا شکا (کە زۆرینەی ئەو سوپایە لە مسوڵمانەکانی سـۆماڵ و تەرابلوس بوون) بزانن چەندە لەبەرامبەر ئیسلامدا داخ لە دڵ بـوو. هـەر لەبـەر ئەمـە بـوو بڕیـاری دا بەهـەر نرخێـك بێـت ئیسـلام لـەو وڵاتـەدا ڕیشەکێش بکات. ئەمەشی لـە کۆنگرێسـی ئـەمریکا دا بـاس کردبـوو وە ووتبـوی کەمینەیـەکی مسـوڵمان لـە باشـوردا بونیـان هەیـە بەرنامـەی تایبەتیان بۆیان هەیە ! !

دەستی ( هیلا سیلاسی ) لێرەوە جارێکی تربلاوبو ئـەمیش دەسـتی کردەوە بە دەست بەسـەراگرتنی ئـەو زەوی و موڵکانـەی لـە سـەردەمی ئیتاڵیەکانـدا وەك قـەرەبوو وەرگیرابـوون یـان درابـووە بـە خاوەنـە ئەسڵیەکەی خۆیان. دەبوایە جوتیارە بچوکەکان باجی ٥ساڵی ڕابـردوو بـدەن، ئـیتر لـە حاڵـەتی نـەتوانینی ئەمانـدا خێـرا دەسـت بەسـەر زەویەکانیانـدا دەگـیرا. وەکەوتـە دابڕینـی خـەڵکی گونـد لـە شـارەکان

هەروەك بەڕێوەبەرایەتیەكانی لەیەك دادەبڕی، كۆت و بەنـدی قـورس و گرانی بۆ گواستنەوە لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تردانا.

وە شان بـە شـانی ئەمـەش كەنیسـەش كەوتـە جـاڕدانی ئـەوەی كـە موسـولْمانەكان ئـەركی پاراسـتنی ( مەسـیحیەكان )ی دەوڵەتیشـیان لەسـەر شـانە و دەبـێ بیانپـارێزن، ئـیتر دەبوایـە هەریەكـەیان لـەژێر چاودێری و پاراستنی مسولْماناندا بـن، بـە بچـوكترین بیـانو دەیـانتوانی مسولْمان ڕوبەڕوی دادگا بكەنەوە. هەر فەرمانبەرێكی مەسـیحی لـەكاتی ڕۆیشتنیدا بۆ فەرمانگـە ئەگـەر مسـولْمانەكان لەبەریـدا نەچـەمانایانەوە ئەوا دادگای باڵا فەرمانی لێدانی ٤٥ شەلاقی بۆ دەردەكردن كە لـە وانـە بوو لە بیستهەم شەلاقەدا گیانیان لەدەسـت بدایـە. وە زینـدانی ٢ بـۆ ٥ ساڵیش بەسەردا دەدرا وە ئەگەر مسولْمان هەر قسەیەكی بكردایـە ئـەوا خێرا سیاسیانە ڕاڤەی بۆ دەكرا و دژ بە دەوڵەت دەدرایە قەڵەم.

ئەمەش تاوان بوو ڕوبەڕوی سزا دەبۆوە. بـەم جـۆرە مسـولْمانان بـە تۆمەتێك كە لەسەر گومان بنیاتنراوە ڕوبەڕوی تونـدو تیـژی دەبونـەوە. باشە ئەگەر دادوەر و پـۆلیس و فەرمانبـەرەكان هـەمویان نـا مسـولْمان بوون دەبێت چ زوڵمێك چاوەڕێی موسولْمان بكات؟؟

ئەم هەموو زوڵم و ناڕەحەتیە دادەبارینە سەر کەسی مسوڵمان بێ ئەوەی دەرفەتی بچوکترین مافی بەرگری کردن لە خۆی هەبیت، هەر ئەوان باجی زۆریان کەوتبووە سەر شان، کاری قورس و گرانیان ئەنجام دەدا. خۆ ئەگەر نەشیان توانیایە باج و سەرانە بدەن ئەوا بێ سێ و دوو دەکرانە میوانی هەمیشەیی بەندینخانەکان. ئای چەندە ئاسان بوو ڕوداوو بەسەر هاتێك کە ( بکەر )ەکەی نادیار بو خێرا بدرێتە پاڵ مسوڵمانان و تۆڵەیان لێ بکرێتەوە. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٤٦. لە گوندێکی ناوچەی ( کەمپەلچا ) کەسەنتەری باکوری ( هرر ) لاشەی سەربازێکی کوژراوی ( ئەمهەری ) دۆزرایەوە. خێرا لە لایەن حوکمەتەوە تیپێکی سەربازی کە لە ٢٠٠ سەربازی تەواو پڕ چەك و تۆکمە پێك هاتبوو ڕەوانەی ئەو شوێنە کرا.

شەو دایان بەسەر گوندەکەدا، زیاد لە ٨٠ کەسیان تیایا ڕەشە کوژ کرد کە پیر و منداڵ و ئافرەت بوون. پاشان ئاگریان بەردایە خانوو کە پریان و مەڕ و ماڵاتیان بە تالان بردن، وە دەیان کەسیشیان لە بەندیخانەدا بەند کرد. ئەمە پێش ئەوەی دەست بەلێکۆڵینەوە لە چۆنێتی ڕوداوەکە بکەن. کەچی پاش ماوەیەکی کەم دەرکەوت کە بکوژەکە هاوڕێی کوژراوەکەیە و بە تۆمەتی بونی پەیوەندی بە

هاوسەرەکەیەوە کوشتویەتی. ئیتر بزانن چەند کەسی بێ تاوان لە مسوڵمانان بونە قوربانی خیانەت و ڕق و تۆڵە سەندنەوە. مژدەدەرە ئەرسەزۆکسیەکان مافی ئەوەیان هەیە داوای لە سێدارەدانی مسوڵمانان بکەن بێ ئەوەی هۆکارەکەی دیاری بکەن وە هەندێ جاریش بە تۆمەتی سوکایەتی کردن بە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت. دیارە ئەم شتانە زۆر بە بەرچاوی لە شارەکاندا ئەنجام نادرێت بەڵام لە شوێنە دورە دەستەکان هەزار و یەك فرت و فێڵیان لەبەردەستدایە.

خاتوو لیندا Linda:

وا پێدەچێت ئاشتی بەس خەیاڵ بێت. وە هەوای شێتی شەڕ لە — حیکمەت و دانایی عاقڵەکان و پایەکانی ئاشتی بەهێز تر بێت.؟؟!!

جا باشە ئاشتی کەی سەقامگیر بووە؟! وە ئاشتی چۆن سەقامگیر دەبێت کە پەیوەندی نێوان گەل و وڵاتان لەسەر دەستدرێژی و زوڵم دامەزرابێت.... هەروەك ئەینشتاین دەڵێت: ئەمڕۆ جیهان بەرەو کەندەڵانێکی پڕ مەترسی هەنگاو دەنێت. بۆچی؟ چونکە عەقڵی بیرکردنەوەو ویژدان لە دڵی کاربەدەست و فەرمانڕەواکان بونی نەماوە.

ئایا دەزانن تەنها لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ١٠ ملیۆن کەس بوونە قوربانی و لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئەم ژمارەیە چەند قات بۆوە. وە

لـە – دادگاکـانی پشـکنین – دا ١٢ ملیـۆن کـەس بوونـە قوربـانی. وە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ٢١ ملیۆن کەس بوونەتە قوربـانی لـە جەنگـە ناوچـەییەکان، وە لـە کۆتاییـدا دە زانـن لـە هـەموو جەنگـە غەزاوەتـــەکانی پێغەمبـــەر (ﷺ) بـــە ســـوپای مســـوڵمانان و بەرامبەرەکانیەوە تەنها ١٠١٨ کەس گیانیان لە دەست داوە.

❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀ ❀❀❀

بەڕێز فۆکس – Fox –:

لە بیرت نەچێت کە تۆ مسوڵمانیت...!!!

بەڵێ بەڕێز فۆکس!!!

بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت من دڵخۆش بم بـەو ژمارانـە و لـە بەرامبـەر کـاری ناڕەوایانـدا دەسـت بـە ڕیشـمدا بهێـنم.... مسـوڵمانان دەبێت کـە ئیسـلامی ویسـت ئـەوا خێـر و خۆشـی بـۆ خـۆی و خـەڵکانی تریش قەبوڵ بێـت، وە پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت باشـترین کەسـتان ئەو کەسەیە کە سودی بۆ خەڵکی هـەبێت. موسـوڵمان و نامسـوڵمان لـە مافی ژیان و دادپەروەریدا یەکسانن.

ئێستا.... پێش ئەوەی لە یەك جیابنەوەو مەجلیسە كە بەتاڵ بێت!!! پرسیارەكەی – مستەرگراهام – تان ئاراستە دەكەمەوە. كە پێشتر پرسی: ئایا ئیسلام ئاینی شەڕە یان ئاشتی؟

ئایا بۆ گەیاندنی پەیامەكەی پشت بە دیالۆگ و و قەناعەت پێكردن دەبەستێت یان بە هێز و زۆرەملێ دەیسەپێنێت بەسەر بەرامبەردا؟؟ دەبینم و بێ دەنگن.... لای ئێمە بێ دەنگی مانای ڕەزامەندی دەربڕینە لە كاتی بەستنی پەیمانی هاوسەریەتیدا بێ دەنگی كچ مانای ڕەزامەندیەتی!!!

هەمویان بە دەنگی بەرز دا یانە پێكەنین.... بەشەرمێكەوە سەیری یەكتریان دەكرد و شەرمێك كەلەم كۆمەڵگایەی ئەواندا نامۆیە.

ئەمانە كەسانێكی سادەن.... بەڕاستی سادەن.... بگرە قوربانیشن قوربانی دەستی پڕۆگرامی – ڕەگەزپەرستی – لە پەیمانگاكانی زانستدا وە قوربانی تۆڕ و باندەكانی دام و دەزگاكانی دەسەڵات. وە قوربانی دەستی كەنیسەن كە بە ڕق و كینەوە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ ئاوا مامەڵەی لەگەڵ دەكەن!!!!؟

بەڵام ئەی باشە ئەم هەمو ڕق و كینەیە بۆ دژ بە ئیسلامە... هەروەك خاتوو – ڕۆس – پێشتر پرسیاری كرد ئەوا لەبەر ئەوەیە كە

ئیسلام (ئاییندەیە) ئەمەش لەدوای ئەوەی هەرچی ئایدۆلۆژیاو بیردۆزی جیاواز لەیەك هەیە لە ژیانماندا تاقیمان کردنەوە و کەچی ژیانیان لە دۆزەخێکەوە گواستینەوە بۆ دۆزەخێکی تر و شکستیان هێنا. وە بۆ پشتگیری ئەمەش ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (پاوڵ شمیس) کتێبێکی نوسیوە بە ناونیشانی (ئیسلام هێزی سبەینێ یە)!!!!

ئەم ڕۆژ هەڵاتناسە دەڵێت: مێژوو جارێکی تر خۆی دووبارە دەکاتەوە. لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکاتەوە. لەو شوێنەوە کە بانگەوازی ئیسلامی تیایا سەرهەڵدا، ئەم هێزەش کە لە تۆکمەیی یەك پارچەیی ئیسلامدا پەنهانە دەردەکەوێتەوە، ئەم هێزە بونی خۆی دەسەلمێنێت، بەڵام کاتێك بونی خۆی دەسەلمێنێت کە مسوڵمانان ئەم هێزە بخەنەوە گەڕ و لێی سودمەندبن....

شاعیری گەورە ( محمد إقبال ) لە قەسیدەیەکی دا بە ناوی (پەرلەمانی شەیتان) دەڵێت: شەیتان و هەوادارانی کۆبونەوە، ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریان دروست کرد. لەبارەی جیهانەوە زۆر دوان، باسی مەترسی سبەینێ هاتە پێش کە مەملەکەتی شەڕ و گەندەڵی چۆن دەڕمێت.

یەکێك لە شەیتانەکان ووتی:مەترسی گەورەی مەملەکەتی شەیتان بریتیە لە دەسەڵاتی کۆماری....

شەیتانێکیان ووتی: ئەوەندە لێی مەترسە، ئەمە تەنها ڕوپۆشێکی سەردەمی پاشایەتیە، ئێمە خۆمان ئەو پەردەیەمان دروست کرد ئەویش دوای ئەوەی کە زانیمان خەریکە مرۆڤ بەئاگادێتەوە و بەشوێن کەرامەتی خۆیدا وێڵە. ئێمەش لەترسی شۆڕشی ئەوان ئەوابە کۆماری خەریکمان کردن، ئایا نەت بینیوە کۆماری ڕۆژئاوا ڕوکاری دەرەوەی چەند جوان و سەرنج ڕاکێشە ناوەڕۆکیشی کپ و تاریکە....

شەیتانێکی تر هەڵیدایە و ووتی: نا... نا... من وای نابینم بەلای منەوە کۆمۆنیستی گەورەترین مەترسیە بۆ سەرمان چونکە کۆیلە دژ بە خاوەنەکانیان ڕوبەڕوی شۆڕش و یاخی بون دەکاتەوە. بەمەش ڕوبەڕوی مەترسی دەبنەوە.

{ئیبلیس} لەولاوە هاتە قسەو بە قسەی نەیارەکانی ڕازی نەبوو ووتی: دنیا لەلای منە و من خۆم دەزانم چۆنی هەڵدەسوڕێنم. من لە هیچ لەوانە ناترسم کە ئێوە ناوتان هێنان، من لەوگەلە دەترسم کە تا ئێستا پشکۆی ژێر خۆڵە مێشە و هەمووکات ئامادەیی گەشانەوەیە تا ئێستاش کەسانی وایان هەیە دەم بەنزا و یادی خوان و تا بەری بەیان خەریکی عیبادەتن.

ئیسلام بەربەست و مەحاڵە نەك ئەوانەی ئێوە وتتان. من دەزانم ئەم گەلە ئێستا قورئانیان پشت گوێ خستووە وە سەرگەرمی کۆکردنـەوەی پارە و سامانن.

بەڵێ دەزانم ئێستا شەوە زەنگە و ڕێگـا نادیـارە و زانایـانی ئیسـلام ئەو توانایەیان نیە وەکو پێشوو ببنە دەستی سپی خێـرو ڕێگـا نیشـانی خەڵکی بدەن. بەڵام دەترسم دنیا هەروا نەمێنێت و ئەوانیش لە خـەوی بێـداری ڕاپـەڕن و دووچـاری خـەوزڕان بـبن. بۆیـە لـە هـەوڵی ئـەوەدابن خـەڵکی ئـەم ئاینـە نەدۆزنـەوە و لێیـان بشـارنەوە.گوێیان بەشـتی تـر بئاخنن، دەنا هەرکات بە ئاگا هاتن ئەوا مالوێران خۆمان..!!

خاتوو – روس Ruth – قەناعەتت هێنا؟

قەیـدی نیـە ئەگـەر ئـەمجارەیان شـایەتحاڵێکی تـر بهێننـە نـاو باسـەکەمانەوە ئـەویش فەڕەنسـییە، هـەموو کـەس و ڕۆشـنبیرێکی ئەورووپی نـاوی دەزانـن ئـەویش – ڤـۆڵتێرە – ناوبـانگی لـەلای هـەموان ئاشکرایە. کە وەختی خۆی پاپا بڕیاری – بێ بەشبون – لە رە حمەتی خوایی بۆ دەرکـرد، هـەروەك چـۆن پێشـترلە روسـیا بـۆ – تۆڵسـتۆی – دەرکرد.

– ڤۆڵتێر – دەڵێت ئـەی ئەسـقەف و ڕاهـب و قەشەکان....قسـەکەم دوبارە دەکەمەوە ئەی بیٚ ئاگاکان.... ئێوە هەڵفریوێنراون گوایە ئـاینی محمـد خۆپەسـەندی و ئارەزوبازیە...کەلەڕاسـتیدا ( محمـد ) دورتـرین خاڵی پانتایی لەگـەڵ ئەمـەدا هەیـە ئـەم وەسـفەی بەسـەردا ناسـەپێت. ئێـوە فێڵتـان لیٚ کـراوە، هـەروەك چـۆن پێشـتر بـاوك و باپیرانتانیـان هەڵفریواندوە.

ئەی ئەسقەف و ڕاهیب و قەشەکان...!!!

ئەگـەر یاسـایەکی واتـان بەسـەردا بسـەپێت کـە نـەهێڵێت لـە ٤ ی بەیانیەوە بۆ ٨ شەو بخۆن و بخۆنەوە، لـە مـانگی گـەرمی تـەموزدا.... لەم وەرزەدا کە مانگی ڕەمەزان دێت. وە ئەگەر قوماركردنتان لیٚ حەرام بکرێت، وە لە کاتی نا فەرمانیکردنتان بەرنەفرینی خوابکەون.

وە ئەگـەر ( حـەج ) کردنتـان بەسـەردا فـەرز بکرێـت بـۆ بیابـانێکی گـەرم. وە ئەگـەر ئـەوەتان بەسـەردا بسـەپێنرێت لـە سـەدا دوو نیـوی داهاتتان بدەن بە هەژاران.

ئایا ئێـوە دەتـوانن ڕاسـتگۆیانە لەگـەڵ خۆتـان ئـەوە بڵێن کـە ئـەم شـەریعەتە شـەریعەتی هـەوا و ئارەزوبـازی یـە. یـان دەتـوانن بڵـێن شەریعەتی شەڕو شمشێرە؟؟

دوای دانیشتنی ئەم قسەوباسەمان، بارودۆخی کەش و هەوای ئاڵۆز بوو. باوزریان نیگەرانی دەکردین. شەقام و جادەکان نیمچە چۆڵ بون، شاری سیدنی Sydney گرنگترین شاری ئەم کیشوەرەیە. گەڕەکی (سیری هیڵز – Surry Hills) یش کە مزگەوتەکەی ئێمەی تیایە یەکێکە لە گەڕەکە گرنگ و بەرچاوەکان. باشە ئەم شارە بۆ ئاوا خامۆشە و بۆتە گۆڕستان. چی بووە کە خەڵکی ئاوا بە پەلە بەرەو ماڵەکانیان دەبنەوە، ئەم دیمەنە دڵت دەگوشێت.

لە هەمووی ناخۆشتر وڕێنە و هاتووهاواری سەرخۆش و بەد مەستەکانی سەر شەقام و جادەکانە..!!!

لەم کەش و هەوایەدا و لە کۆڕی دانیشتنماندا بەڕێز – گراهام – هەستایە سەر پێی و مسوڵمان بونی خۆی ڕگەیاند...!!

ئەمە چی بوو؟ گەردەلول و زریانەکە نیشتەوە. لە دەللاقەی پەنجەرەکەوە تیشکی خۆر تاڵی زێڕینی خۆی کردە ناو مزگەوتەکە و ڕوناکی کردەوە. لەدەرەوەش وردە وردە جادە و کۆڵانەکان بەڕێبواران و هاتوچۆکاران گەرم بونەوە. ئەمە چی بێت. ڕێکەوتنە؟؟!! یان کەش و هەوا لە گۆڕاندایە یان دەستی قەدەر ویستی کۆتایی گفت و گۆکەمان بەم دیمەنە خۆشە بێت.

دوای نیشتنەوەی زریان و گەردە لولەکەلە کە نداوی سیدنی پاپۆڕەکان لە ئامادەباشی ڕۆیشتندا بوون. لەیەك کاتدا دەنگی ( الله أكبر ) ی مزگەوت لەگەڵ خوێندنی پۆلە باڵندە کۆچەریەکان تێکەڵاو بوو کە بە باڵەکانیان ئاسمانی سافیان پەی دەکرد. ڕۆژیش وردە وردە لە کەنداوی – بوتانی – Botany – بە شەرمێکەوە خۆی پەنهان کرد و دوای ئەوەی دوا ماڵاوایی لە شار کرد...!! چۆن کەش و هەوا لەپڕ گۆڕا چۆن کۆتایی گفتوگۆ بەم جۆرەی لێهات.؟؟

ئاوڕم دایەوە بەلای خاتوو ( روس )دا سەیردەکەم بەگوێی هەندێکیاندا دەچرپێنێت و بە دەستیشی ئاماژەم بۆ دەکات!!

❖ فەرموو خاتوو – روس – چیت دەوێت؟

❖ دەڵێم من دەمەوێت مسوڵمان ببم.... من پەشیمانم لەو تەمەنەی کە لێم تێپەڕی...!!

هەنسك قورگی گرتم.... چونکە هەڵوێستێکی گەورەبوو.... کانی چاوەکانم فرمێسکی زۆری بەسەر گۆنامدا ڕشت.... پێش نوێژکردن.... هەمویان بەبێ ڕوپامایی و دوور لە ڕیابازی بە دڵگەرمیەوە ماڵاواییان لێ کردم.

خاتوو لینـدا، خـاتوو ناسـی، خـاتوو فیکـی، خـاتوو ئـاریس، خـاتوو ئەلیس، خاتوو کریستین، بەڕێز پول، بەڕێز ئیدوارد، بەڕێز جـۆن، بـەڕێز ڕیتشارد، بەڕێز ماکمیلان، بەڕێز ئەندرۆ.

لە کۆتایشدا بەڕێز فۆکس کەلە کۆتایدا وەستابوو... بەڵام ئـەی کـوا بەڕێز ( گراهام و خاتوو روس )؟

سـەیرم کـرد لەگـەڵ بانگبێژەکـەدا دەئاخـاوتن.... وە بـەخێرهاتنی ئەوانەیان دەکرد کە بۆ نوێژکردن دەهاتنـە نـاو مزگـەوت...!! ئەمـە چ موعجیزەیەکە....

بـەڵێ مـوعجیزەی ئیسـلام ئەمەیـە ئەگـەر باوەشـی بـۆ بکرێتـەوە. مـوعجیزەی ئیمانـــە ئەگـــەر دڵ و.... عـــەقڵی بـــەڕودا ئـــاواڵا بێـــت. مـوعجیزەی ( فطـرت )ە کاتێـك دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەر ئەسـڵی حـەق و ڕاستی کە چەواشەو ساختەکاری بەناهەق پەردە پۆشی کردبوو...!!

## والسلام علیکم و رحمة الله وبرکاته

**عبدالقادر علي**

**سلێمانی- کوردسات**

**١/ ٤/ ٢٠١٣**

# ناوەڕۆك

پێشەكی نوسەر .................................................. ٤

گفتوگۆی یەكەم .................................................. ١٤

گفتو گۆی دووەم .................................................. ١٠٤

گفتو گۆی سێهەم .................................................. ١٧٥

ناوەڕۆك .................................................. ٢٣٤

❖ ❖ ❖